سوپا و حەشدی شەعبی توانای تێکشکاندن و بەرەنگاربوونەوەی داعشیان نییە

بە گەڕانەوەی پێشمەرگە ئارامی بۆ ناوچە کوردستانییەکان دەگەڕێتەوە



تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ژەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5938) یەک شەممە 23ی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

دوای 16ی ئۆکتۆبەر، بۆشاییی ئەمنی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دروستبووە، ئەمەش شانەنوستووەکانی داعشی چالاک کردووەتەوە و بەردەوام کردەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، بەرپرسانی پارتیش هۆشداری دەدەن و دەڵێن بە گەڕانەوەی پێشمەرگە ئارامی بۆ ناوچەکە دەگەڕێتەوە. لە چەند شەوی ڕابردوودا چەکدارانی تیرۆریستیی داعش هەڵیاکوتایە سەر گوندی چەخماخە لە سنووری کەرکووک و ژمارەیەک هاووڵاتیی کوردیان شەهید و بریندار کرد، لەوبارەیەوە بەرپرسی لقی 3ی کەرکووکی پارتی دەڵێت، بەهۆی ئەو بۆشاییە ئەمنیەی لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دروستبووە، تیرۆریستان هەنگاوەکانیان بەهێزتر کردووە، کە تەنها بە بوونی پێشمەرگەی کوردستان کۆتاییان پێ دەهێنرێت. (زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

ئەگەر پێشمەرگە نەبووایە ئێستا ڕەوشەکە جۆرێکی دیکە بوو

سەرۆک بارزانی: ئێستا کەرکووک لەژێر داگیرکاریی سەربازی دایە و حەشدی شەعبی تێیدا حکوم دەکات

بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان و بە فەرماندەیی ئەمەریکا پێویستە بۆ ئاسایشی عێراق



سەرۆک بارزانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئیندیپێندینتی عەرەبی باس لە هۆکاری هێرشکردنی حەشدی شەعبی بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکان لەدوای ریفراندۆمەکە و وردەکاری شەڕی دژ بە داعش دەکات. لە هەڤپەیڤینەکەدا سەرۆک بارزانی پێداگیری دەکات لە سەربەخۆیی کوردستان وەک مافێکی سرووشتی، ڕەخنە لە هەڵوێستی ئەمەریکا دەگرێت لەبارەی ریفراندۆمەوە و لەهەمانکاتدا دەڵێت هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی و کەنداو لەو وڵاتانەی کە پێشبینیمان دەکرد ئەرێنی و بێتلایەن بن، شەریفانەتربوو.
(دەقی ڕاپۆرتەکە لە ل2و 3 بخوێنەوە)

نێچیرڤان بارزانی: پاراستن و گەشەپێدانی زمانی دایک ئەرکی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە



ڕۆژی هەینی 2020/02/21 لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر ڕایگەیاند "کوردستانمان خاوەن چەندین زمان و زاراوەی جیاوازە، پاراستن و گەشەپێدانی زمانی دایک ئەرکی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە".
هاوکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە تویتەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد "با ڕۆژی نێونەتەوەیی زمانی دایک ببێتە هەنگاوێکی دیکە بۆ بەرزراگرتنی فرە زمانی، فرە کلتووری و فرە ئایینی لە کوردستاندا".

حەشدی شەعبی هەڕەشە لە حکوومەتی نوێی عێراق دەکات

لەسەر پرسی دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا و ناتۆ، حەشدی شەعبی هەڕەشە لە حکوومەتی نوێی عێراق دەکات و مەرجی دەنگدانیان بە کابینەکەی عەلاوی، بە جێبەجێکردنی بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراق دەبەستنەوە، هاوکات سەرکردەیەکی حەشدی شەعبییش جەخت لەوە دەکاتەوە، ڕێگە بەوە نادەن ئەمەریکا لەپەنای ناتۆدا لە عێراق بمێنێتەوە. سەرکردەیەک لە حەشدی شەعبی، بۆ میدیا عێراقییەکان ڕایگەیاند، بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق بۆ چوونەدەرەوەی سوپای ئەمەریکا، ڕێکخراوی ناتۆش دەگرێتەوە. (زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

نەخۆشخانەیەکی هەولێر بۆ گومانلێکراوانی تووشبوون بە کۆرۆنا تەرخانەکرێت



لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئامادەکاری بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکرێت، لەشاری هەولێر نەخۆشخانەک چۆڵکرا بۆ ئەوەی هەر حاڵەتێکی گوماناوی هەبێت ببرێتە ئەو نەخۆشخانەیە.
(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

هەرێمی کوردستان.. لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆبووەوە



بەمەبەستی ئامادەکارییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بە سەرپەرشتی وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێبەر ئەحمەد، لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەبەشداری هەریەک لە وەزیری تەندروستی و وەزیری گواستنەوەی گەیاندن و وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەر چوار پارێزگاری هەولێر، دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجە و هەردوو بەڕێوەبەری فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی، کۆبووەوە. (زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

کتێبخانەی گشتی شارەبان.. کتێبخانەیەکی وێران لە شارێکی پشتگوێخراو



شارەبان شارێکە خاوەنی نزیکەی 10هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵییە و سەدان باخی تێدایە، لە پێشدا و هەتاوەکو ئەم ساڵانەی دواییش هەناری شارەبان یەکێک بووە لە باشترین جۆرەکانی هەنار لە عێراقدا ، ئەمەو جگە لە کشتوکاڵی ناوچەی شارەبان کە باشترین جۆری سەوزە و میوەی بەرهەم دەهێنا. (زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)

ئێران 10 حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای ڕاگەیاند



بەپێی زانیاریی میدیا فەرمییەکانی ئێران، کە لە زاری گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئەو وڵاتەوە باڵاوکراوەتەوە، دوێنێ شەمە 2020/2/22، 10حاڵەتی دیکەی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەو وڵاتە تۆمار کراوە. زانیارییەکان باس لەوە کە ئەو 10 حاڵەتە نوێیە کە بە ڤایرۆسکە تووش بوون، دوێنێ شەمە ڕاگەیەندراوە. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

www.xebat.net
یەک شەممە 2020/2/23 ژمارە (5938)
خەبات

سەرۆک بارزانی:

پێشمەرگە بووم و هەر بە پێشمەرگەش دەمێنمەوە

پێویستە کەرکووک نموونەیەک بێت بۆ پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی

یاسای چاکسازیی دارایی و ئابووری نەخشەڕێگەیەکە بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی لە کوردستان



سەرۆک بارزانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئیندیپێندینتی عەرەبی باس لە هۆکاری هێرشکردنی حەشدی شەعبی بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکان لەدوای ریفراندۆمەکە و وردەکاری شەڕی دژ بە داعش دەکات. لە هەڤپەیڤینەکەدا سەرۆک بارزانی پێداگریی دەکات لە سەربەخۆیی کوردستان وەک مافێکی سرووشتی، ڕەخنە لە هەڵوێستی ئەمەریکا دەگرێت لەبارەی ریفراندۆمەوە و لەهەمانکاتدا دەڵێت هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی و کەنداو لەو وڵاتانەی کە پێشبینیمان دەکرد ئەرێنی و بێلایەن بن، شەریفانەتربوو.

ئەمەش دەقی ڕاپۆرتەکەیە:

کورد لەسەر هیوا و خۆشەویستی بۆ ژیان دەژی و بێهیوایی لای ئەوان کەموکورتییە، وێنەی ئەو ژنەی کە چەکی هەڵگرتووە بۆ بەرگریکردن لە سنووری هەرێمی کوردستان دژ بە هێرشی داعش و گرووپەکانی حەشدی شەعبی، ئەو وێنەیە ئەوە ناگەیەنێت کە چەکەکان تاکە زمانی لەیەک تێگەیشتن، بەڵکو چاندنی گوڵەکانیش. لەنێو باخچەی سامی عەبدولڕەحمان لە نێوەڕاستی هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستان، سەربازێک بە جلوبەرگی سوپاوە پێشوازیت لێدەکات، ئەرکەکەی ئەو دروست لەسەر دوایین سنووری باخچەکە کۆتایی دێت، ئەرکی ئەو پاراستنی ئاسایش و ڕێگریکردنە لە هەر شتێکی گومانباوی. بەڵام بەر لەسالی 1991 ئەم باخچەیە سەربازگەیەکی فراوانی سەردەمی سەدام حوسێن بوو، کە تێیدا کوردی دەستگیر دەکرد و ئەشکەنجەی دەدان، ئەوەی کە دەیبوست دەیکوشت و لەوێش ژێر خاکی دەکرد. بە باخچەکەدا گەڕام کە باوەشی بۆ چەندین پەیکەر کردبووەوە، یەکێکیان محەممەد مەهدی جەواهیری، گەورە شاعیری گەورەی عێراقە، هەولێر بە پەیکەرێکی شیاوی خۆی و ناوەکەی یادی دەکاتەوە، لەبەردەم پەیکەرەکەیدا چەند دێڕێک لەو شیعرەی سالی 1962ای کە لەسەر کورد نووسیویەتی، نووسراوەتەوە و تێیدا دەڵێت: "دڵ و دەمم بۆ کوردستان خەڵات دەکەم، گەرچی هەژارم و تەنیا ئەو دووانەم هەیە". شاعیری عێراق ستایشی بارزانییەکان دەکات و کورد بە کوڕی باکوور ناودەبات، لەسەر بنەمای پێگە جوگرافییەکەی لەسەر نەخشەی وڵاتەکەی عێراق.

یەکێک لە ڕۆژنامەڤانە کوردەکان سەبارەت بە باخچەکە، کە بووەتە نەمامگەی گوڵان لەدوای ئەوەی گۆڕستان و زیندانی دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانی خەڵک لەسەر دەستی سەربازانی سەدام حسێن بوو گوتی: زیادەڕۆیی ناکەم گەر هات و پێم گوتی لەوانەیە تەرمەکان لەهەموو شوێنێکی باخچەکەدابن، بەڵام ئێمە بڕیارماندا سەربازگەی دەستگیرکردنی پڕ لە خەمۆکی، بۆ باخچەیەک بۆ ژیان بگۆڕین. ئاسایش و بێدەنگی نێرە، هانت دەدەن بەو باوەڕە بگەیت کە وێڕای ئەوەی هەولێر تەنیا چەند سەت کیلۆمەترێک لە پشتیوانەکانی بەغداوە دوورە، بەڵام تۆ هەست بکەیت هەزاران میل لێوەی دوور بیت، ئەوە وێڕای ڕووداوی تیرۆرکردنی جێگری کۆنسوڵی تورکیا لە یەکێک لە ڕێستۆرانتەکانی هەولێر لە تەمووزی 2019دا، هەروەها بەربەستە کۆنکرێتییە بەرزەکان لە دەوروبەری هۆتێلەکانی شارەکە و وێڕای ئەو گوللە موشەکانەی کە کەوتنەخوارەوە و ئێرانییەکان ڕەوانەی بنکە سەربازییەکەیان کرد بۆ هەراسانکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

ڕێگەی سەری بڵند و بینینی پێشمەرگەی جەنگاوەر

لەڕێگەدا بۆ هاوینەهەواری سەلاحەددین، ئەو شوێنەی کە شوێنی نیشتەجێبوونی مەسعود بارزانی، ڕابەری کورد و سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستانە، چیا لەدوای چیا دەبڕیت تاوەکو دەگەیتە سەری بڵند، سەری بڵندیش وشەیەکی کوردییە بەواتای سەری بەرز دێت، وەک ئامازەیەک بۆ ئەو نەتەوەیەی کە شوێنی نیشتەجێبوونی ڕابەری کوردانی تێدایە. بەر لە گەیشتن، ڕۆژنامەڤانان باسیان لە دروستی و لەوادەی خۆی گەیشتنی ئەویان دەکرد، هەر ڕێک بەو جۆرەش بوو. لە کاژێر 10ی بەیانی بەیێ دواکەوتن تەنانەت بۆ چەند چرکەیەکیش، چاوم بە پێشمەرگەی جەنگاوەر کەوت، ئەو جەنگاوەرەی کە لە بەردەم دەرگای نووسینگەکەی پێشوازی لێکردین، بەمەبەستی ئەنجامدانی یەکەمین گفتوگۆی لەقۆناخی دوای وازهێنانی لە دەسەڵات لە کوردستان.

دەستبەجێ پرسیارم لێکرد، ئێستا چی دەکەیت لەدوای کۆتاییهاتنی وادەی سەرۆکایەتی و ڕەتکردنەوەی دڕێژکردنەوەی؟ خشتەی کاری ڕۆژانەتان چییە؟ مەسعود بارزانی چی دەکات؟ زەردەخەنەی کرد و وەڵامیدایەوە: پێشمەرگە بووم و هەر پێشمەرگەش دەمێنمەوە.

کۆماری کوردستان

خەونی سەربەخۆیوون بۆ سەرۆک مەسعود لەو کاتەوە سەریهەڵداوە کە ئەو لەناوەڕاستی دەوڵەتێکدا گەورە بوو، کە لەسەر خاکی ئێران زیاتر لە 11 مانگی نەخایاند، ئەویش کۆماری مهاباد، ئەو دەڵێت: بەڵێ ئەوە ڕاستە، کێتێبێک هەیە، ولیەم ئیگڵتن، دیپلۆماتکاری ئەمەریکی بەناونیشانی کۆماری مهاباد نووسیویەتی کە لە ڕاستیدا وا نەبوو، بەڵکو کۆماری کوردستان بوو، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی سەپاندی بەسەریدا کە ناوەکەی بۆ کۆماری مهاباد بگۆڕێت. سەربەخۆیی هاوشێوەی هەر دەوڵەتێکی دیکە، مافێکی سرووشتییە بۆ نەتەوەی کورد، من هەندێجار بەلامەوە سەیرە کە ئەو مافە بۆ کورد نکۆڵی لێدەکرێت، لەکاتێکدا ئەوە مافێکی سرووشتییە و هەموو کوردێک ئومێدوارە ئەو ڕۆژە ببینێت.

ریفراندۆم و سەربەخۆیی و بێهیوایی لە واشنتن

دەنگدان لەسەر ریفراندۆم کۆتاییهات و زۆرینەی ڕەهای کورد پشتگیرییان کرد. سەرۆک بارزانی ئەوە بە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە دادەنێت و دەڵێت: ریفراندۆم ڕوویدا و 93%ی گەلی کورد دەنگیان بە بەڵێ دا، ئەوەش سەرکەوتنە گەورەکە بوو. ئەوە ڕاستییە و بۆ من جێی سەرسوڕمان بوو. من چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد لەسەر ریفراندۆمەکە ڕێژەیەکی هێندە گەورەی کورد دەنگ بە بەڵێ بدات. بەردی بناغەی دانرا و هەلومەرج قۆناغی داهاتوو دیاری دەکەن، یان ئەم نەوەیە یان نەوەکانی داهاتوو، بەڵام ریفراندۆم دووبارە ناکەینەوە.

پرسیارم لێکرد، ئەی سەبارەت بە سەربەخۆیی چی ؟ گوتی: ئامانج لە ریفراندۆمەکە ڕاستەوخۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی نەبوو، بەڵکو ئامانج ئەوە بوو دەرفەتێک بدرێتە گەلی کوردستان تەنانەت بۆ یەکجاریش بێت لە مێژوودا، گوزارشت لە بیروبۆچوونی خۆی بکات، چونکە نییەتی ژمارەیەکی زۆری گەلی کورد و هەڵوێستی زۆرینەی زۆری دەخستەژێر پرسیارەوە. بێگومان ریفراندۆم هەنگاوی بنچینەیی و بەردی بناغەیە بۆ سەربەخۆیی.

لە گفتوگۆکەیدا، سەرۆک بارزانی بەشێوەیەکی ڕوون ئەوەشی خستەڕوو، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەتەوەی کوردی بەشێوەیەکی باوەڕپێنەکراو بێهیوا کرد، ئەو کاتەی کە پێش ریفراندۆمەکە گوتی هەڵوێستی بێلایەن هەڵدەبژێرم، بەڵام دواتر کاتێک کە ریفراندۆم نزیککەوتەوە و بووە ڕاستی، بەئاشکرایی لایەنگری دەسەڵاتی فیدراڵی لە بەغدا کرد. سەرۆک بارزانی وردتر لەسەر ئەو پرسە قسەی کرد و گوتی: بەوپەڕی ئەمانەت و ڕاستگۆییەوە وەڵام دەدەمەوە، ئەمەریکییەکان هەرگیز بەڵێنیان پێنەداوین پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان بکەن، سەرەتاش کە بابەتی ریفراندۆمەکەمان خستەڕوو لە دژی نەوەستان و گوتیان ئێمە هەڵوێستی بێلایەن دەگرینەبەر. بەڵام کاتێک کە ریفراندۆمەکە ڕوویدا و ئەوان بە کردار لایەنگری دەوڵەتیان کرد لە بەغدا و بە پێچەوانەی پێشبینییەکانمان، هەڵوێستی ئەوان بێلایەن نەبوو. هەرگیز چاوەڕێی ئەو هەڵوێستەمان لە ئەمەریکا نەدەکرد. بەڵێنەکەیان نەبردەسەر لەوەی کە بێلایەن بن، ئەوە سەرباری ئەوەی کە ئێمە ریفراندۆمەکەمان بۆیان شرۆڤەکرد و پێمان گوتن، ریفراندۆم بریتی نییە لە دەستبەجێ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، بەڵکو ئێمە لەڕێگەییەوە دەچینە نێو دانوستاندنەکان لەگەڵ هێزەکانی بەغدا بە چاودێری ئێوە و نەتەوەیەکگرتووەکانیش، کاتی پێویستی پێدەدەین، بەڵام لەڕاستیدا بەغدا و ئەوانی دیکە دەرفەتەکەیان قۆستەوە و ویستیان بانگەوازی هەڵسانەوەی گشتی ڕابگەیەنن، بەڵام سوپاس بۆ خودا شکستیان هێنا.

سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتانی کەنداو لە ئاست ریفراندۆمەکە بارزانی دەڵێت: من لە هەڵوێستی وڵاتانی عەرەب بە گشتی و وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی سوپاسگوزارم، هەڵوێستی ئەوان زۆر لە هەڵوێستی ئەو وڵاتانەی کە پێشبینیمان دەکرد ئەرێنی و بێلایەن بن، شەریفانەترىوو. هەڵوێستی وڵاتانی کەنداو، مرۆیی، لۆژیک و باڵانس بوو.

پێشنیازمان بۆ بەغدا

لەنێو پشێویی شاڕە عێراقییەکاندا ئارامی لەنێو شاری هەولێر چەسپاوە. کورد بە پڕۆژە نەوەستاوە بەردەوامەکانیان شانازی دەکەن و بە ئازارەوە باس لە هەردوو هێرشی داعش و حەشدی شەعبی دەکەن، یەکەمیان لە 2014دا بوو و دووەمیشیان لە 2017دا بوو، کاتێک کە گرووپەکانی حەشدی شەعبی بە ڕابەرایەتیی ئێران لەشکرکێشییان بۆ سەر کەرکووک کرد. پرسیاری هۆکاری بوونی تەناهی و ئاسایش لە هەرێمەکەیم لە بارزانی کرد و گوتی: ئێمە پێشنیازمان بۆ بەغدا کرد نموونەی هەرێم لە بەردەستیدا دابنێین تاوەکو لە شوێنەکانی دیکەی عێراق سوودی لێببینێت. گرنگترین بابەت کە لەو بارەیەوە کردمان و هۆکاری یاریدەدەری دەستەبەرکردنی ئەو هەموو دەستەکەوتانە بوو، ئاشتبوونەوەی نێوخۆیی لەنێو کوردستان بوو. ئەگەر ئەوە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق جێبەجێ بکرابایە، هەموو عێراق وەک کوردستانی لێدەهات، بەڵام بەغدا ڕەتی کردەوە گوێمان بۆ بگرێت. تەحەدای گەورە کە ڕووبەڕووی هەرێم بووەتەوە، پێش ریفراندۆم و دوای ریفراندۆم و تاوەکو ئەمڕۆش، تیرۆرە. تەحەدای دیکەش هەن وەک پشێویی ناوچەی عەرەب و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ناهاوسەنگیی هێزەکان و دەستێوەردانە بەردەوامەکان و ڕەوشی ئابووری. هەموو ئەوانە تەحەدای گەورەن، بەڵام ڕێگەمان لێناگرن.

لە ئەزموونی هەرێمەکەیەوە کە دەیەوێت بەغدا سوودی لێوەربگرێت، لەبارەی تیرۆرەوە پرسیارم لێکرد، بەڵام بارزانی بە متمانە و هێورییەوە قسەی دەکرد و گوتی: سوپاس بۆ خودا گەلی کوردستان بەشێوەکی فراوان لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە هاریکاریی کردووە و تیرۆر تەنانەت لە دامەزراندنی یەک بنکە یان شانەیەکی تیرۆریستی لە هەرێمی کوردستاندا شکستی هێنا. هەموو هەوڵەکان لەو بارەیەوە بریتی بوون لە دزەکردن و لە ساڵی 2014ەوە و لەدوای هاتنەناوەوەی داعش بۆ نێو عێراق، شەڕێکی ئاشکرا و ڕاگەیێنراو بوو لە بەرەیەکی شەڕدا کە دڕێژییەکەی هەزار و 50 کیلۆمەتر بوو.

جارێکی دیکە پرسیارم لێ کرد، بۆچی داعش و حەشدی شەعبی لە دزەکردن بۆ نێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کورد شکستیان هێنا ؟ سەرۆک بارزانی گوتی: بەرخۆدانی قارەمانانە کە هێزەکانی پێشمەرگە پیشانیاندا، ڕێگریبان لە داعش و حەشد کرد لە ڕووداوی ئەو بابەتە. ئێمە بۆشمان سەلێنرا کە ئەگەر تۆ خاوەن هێز نەبیت، هیچ کەس بەرگریت لێناکات، بەڵکو دەبێت خۆت بەرگری لە خۆت بکەیت. ئەگەر پێشمەرگە نەبووایە، ئێستا ڕەوشەکە جۆرێکی دیکە بوو.

هەرێم و شەڕی دژ بە داعش و مەتەڵی هێرشەکە

ڕێککخراوی تیرۆریستیی داعش بە یەکێک لە مەتەڵەکان دەمێنێتەوە کە لێتێگەیشتنیان ئەستەمە. هێرشکردنی بۆ سەر هەندێک ناوچە و نەکردنی بۆ سەر هەندێک ناوچەی دیکە هەستێکی گشتی و خێرات پێدەبەخشێت کە وڵاتانێک هەن دەیجوولێننەوە و سوودی لێدەبینن. لەبەر ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان سەدان کەس لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیان بە دیل گرت و کوشت. لەسەر ئەو بنەمایە من پرسیارم لە بارزانی کرد، ئایا ئەوان لەو مەتەڵەی داعش تێگەیشتوون؟ ئەو گوتی: لە هەندێک ناوچە تەرمەکان بەجێدەهێڵران و بە ڕووخساری ئەو مردووانەدا دیار بوو کە ئەوان لە چەند شوێنێکی جیاوازی جیهاندا هاتبن، لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتەوە تاوەکو ئەوپەڕی ڕۆژئاوا و لەوپەڕی باکوورەوە تاوەکو ئەوپەڕی باشوور. ئەوە نهێنییەکە کە ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین، بێگومان وڵاتانێک هەن هاوکاریی داعشیان کردووە، بەڵام بەڵگەی پشتڕاستکراومان لەسەر ناسنامەی ئەو وڵاتانە نییە، بەڵام زیاتر لە وڵاتێک ئاسانکاری و هاوکاریی داعش دەکات و کۆنترۆڵیشی دەکات و ئاراستەکردنی بە ئاراستەی هەرێمی کوردستان بە هەڕەمەکی نەبوو، بەڵکو بەرنامەبۆدارێژراو بوو، بە فەرمان و ئاراستەکردنیش بوو. بەر لەوەی گفتوگۆکەی لەبارەی شەڕی دژ بە داعشەوە تەواو بکات، کەمێک قسەکانمان بۆ جیاوازیی نێوان هەولێر و سلێمانی گواستەوە. بارزانی ئەو جیاوازییە بە ڕوشێکی تەندروست و حاڵەتێکی دیموکراسی دەبینێت و دانیش بەوەدا دەنێت کە جیاوازی هەیە، بەڵام یەک ڕوانین لەبارەی بابەتە ستراتیجییەکانەوە هەیە، یەک پەرلەمان و یەک حکوومەتیش هەیە. بارزانی دڕێژەی بە قسەکانی دەدات، " دابەشبوون هەیە، بەڵام نەک لەسەر بابەتە ستراتیژییەکان. لەوانەیە لەسەر هەژموون و ڕکابەریی حزبی و هەندێک بابەتی دیکەی سرووشتی بێت".

من پرسیارم لێکرد، ئایا ئەوە کاریگەریی لەسەر قەڵاچۆکردنی گەندەڵی دەبێت؟ سەرۆک بارزانی، ڕابەری کورد دەڵێت: بەدڵنیاییەوە گەندەڵی لە هەرێمدا هاوشێوەی وڵاتانی دیکە بڵاوبووەتەوە، بەڵام بەم دواییانە یاسای چاکسازیی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا دەرکرا، ئەوەش نەخشەڕێگەیەکە بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی لە کوردستان. حکوومەت دەستی بە جێبەجێکردن کردووە و تەنانەت بەر لە دەرکردنی یاساکەش هەنگاوی جیددی لەو بوارەدا نابوو. ئێمە لەبارەی ئەو بابەتەوە زۆر گەشبینین.

ئافرەتی کورد لە بەرەکانی جەنگدا

لە ماوەی سالانی ڕابردوودا لە 2014وە تاوەکو ئێستا بە دیاریکراویش لە سالی 2017دا، کاتێک شەڕی دژ بە داعش و حەشدی شەعبی تووندبوو لەو کاتەی هەولێ ئەوەیاندا بچنە نێو هەرێم، پرسێکی نوێ لەبارەی جیهانی عەرەبییەوە سەریهەڵدا، ئەویش بەدەرکەوتنی هێزی ئافرەت بوو بە هەڵگرتنی چەک لە جەنگدا بۆ پارێزگاریکردن لە خاک. لەبارەی ڕۆڵی ئافرەت و هێزەکەیەوە سەرۆک مەسعود بارزانی بەو شێوەیە وەسفی ئافرەت دەکات و دەڵێت: ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئافرەت لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردا ڕۆڵێکی شەرەفمەندانە بووە، نەک تەنیا ئێستا، بەڵکو بە دڕێژایی مێژوو و بە دیاریکراویش لە شۆڕشی ئەیلوولدا کە گەورەترین و دڕێژترین شۆڕش بوو بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی کە چەخماخەی شۆڕشەکە لە 11ی ئەیلوولی 1961دا سەریهەڵدا و سەرتاسەری هەرێمی گرتەوە. لەو شۆڕشەدا سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بەشدارىبوون. ئافرەتی کوردیش لەو کاتەدا ڕۆڵی دایک و باوک و مامۆستای بۆ منداڵەکانی دەبینی. تەنانەت کاری جووتیاریشی دەکرد. منداڵەکانی پەروەردە دەکرد و فێری دەکردن و سەرپەرشتیشی دەکردن، هەم وەکو دایکێک و هەم وەکو باوکێک. لە هەمان کاتیشدا بەشێک لە پێداویستییە خۆراکییەکانی بۆ بەرەکانی شەڕ ئامادەدەکرد. ئەگەر ڕۆڵی ئافرەت نەبووایە، زۆرێک لە پیاوان نەیاندەتوانی بەردەوامی بە خەباتکاری و جەنگ بدەن. بۆیە ئافرەتی کورد ڕۆڵێکی شەرەفمەندانەی لە شەڕی دژ بە داعشدا بینی و سەرکەوتن".

کەمێک قسەکانیم پێ بڕی و گوتم، ئافرەت لە کوێ ئەو هێزەی وەرگرتووە؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی: ئافرەتی کورد هەستی بەوە کرد کە ئەو پرسە لەبارەی ئێمەوە شەڕی مان و نەمانە، ئەگەر هەموو

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/2/23 ژمارە (5938)
خەبات

لە عێراقدا ئاراستەیەک نییە بۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی

ئەگەر تۆ خاوەن هێز نەبیت هیچ کەس بەرگریت لێناکات

بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان و بە فەرماندەیی ئەمەریکا پێویستە بۆ ئاسایشی عێراق

زۆربەی داعشەکان لەڕێگەی سنووری تورکیاوە بەرەو سووریا و دواتر عێراق دەهاتن

چین و تێچوونەکانی کۆمەڵگەش بە تایبەتیش پێشمەرگە بەشداریی ئەو بەرگرییە قارەمانانەیان نەکردبووبایە و ئەگەر داعش بیتوانیبا کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات، ئەوا دەکەوتینە بەرامبەر مەترسییەکی جیددی و لەنێوبردنمان.

پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا لە ساڵی 2003ەوە

لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ غەسان شربل، سەرنووسەری رۆژنامەی شەرقولئەوسەتی لەندەنی، بارزانی بە شێوەیەکی راشکاوانە دەڵێت، نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق هاوشێوەی بگرە زیاتریش لە تاوانانی ئەنفال کە لەلایەن سەدام حوسێنەوە کرا، بەرامبەر بە مندااڵ و ژنانی کوردستان کردی، ئەوەش کاتێک کە بودجە و مووچە و قووتی خەڵکی هەرێمی کوردستانی بڕی. بەاڵم ئەمجارە بارزانی بەبێ ئەوەی ناوی کەسێک بهێنێت، چەند جارێک سەرسوڕمانی خۆی لەو ناکۆکییانەی حکوومەتی بەغدا بەرامبەر بە هەرێم دەبڕی و گوتی: ئێمە بە شێوەیەکی چاالک رۆڵمان بینی لە پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەدوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێنەوە دروست بووبوو. چوینە بەغدا و بەشداربووین لە نووسینەوەی دەستوور و دووبارە پێکهێنانەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەاڵم بە داخەوە پابەندی دەستوور نەبوون و پەیوەندییەکانیش سستبوون. ئێستا دەتوانم بڵێم لە ماوەی رابردوو زۆر باشترە، بەاڵم وەک ئەوە نییە کە ئێمە دەمانەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا کاردەکەین بۆ ئەوەی ئەمەش تێپەڕێنین.

جارێکی دیکە پرسیاری ئەوەم لێکردەوە کە کێ بەرپرسە لە لەنێوچوونی خەونی دەوڵەتی عێراقی نوێ لەدوای سەدام؟ گوتی: سەختە کەسێک یان لایەنێکی دیارکراو دەستنیشان بکەیت. هەموو کەسێک بەپێی پێگە و بەرپرسیارێتییەکەی بەرگەی بەرپرسیارێتییەکە دەگرێت، بەاڵم بە گشتی تێبینیی ئەوەمان کردووە کە ئاراستەیەک نییە بۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی. بارودۆخەکە لەبەرەیەک هەڵوەشاوە و هەموشیان لێی بەرپرسن".

چ لە بارەی کەرکووکەوە؟

لەبارەی کەرکووکەوە پرسیارم لە مەسعود بارزانی کرد، ئەو شارەی لەلایەن سەدام حوسێنەوە خەڵکەکەی کۆچی پێکراو و خەڵکی پارێزگاکانی دیکە و گوندەکان لە شوێنەکانیان نیشتەجێکران، بەوەش رێژەی دانیشتوانی کورد لەو پارێزگایە کە لە سەرووی 76٪ بوو، بۆ 40٪ دابەزی. پاشان هێزەکانی حەشدی شەعبی بە سەرکردایەتیی ئێران هێرشیان کردە سەر ئەو شارە و ئێستاش بەشێکی لەژێر کۆنترۆڵی ئەوان دایە. لەسەر ئەو شارە کە سااڵنێکی دوور و درێژە لەبەرامبەر هیچ هێرشێکی دڕندانەدا خۆی بەدەستەوە نەداوە، بارزانی گوتی: هەمیشە پێمانوابووە کە کەرکووک پێویستە نموونەیەک بێت بۆ پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی. ئێستاش هەمان بۆچوونمان هەیە. بێگومان رێککەوتنێک هەیە لەسەر چارەسەرکردنی پرسی کەرکووک و تەواوی ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەوەی بە ناوچەی کێشەلەسەر ناوەدبرێت. لە نێویاندا کەرکووک، خانەقین، شنگال و ناوچەکانی دیکە. ماددەی 140ی دەستوور کە ئاساییکردنەوە، سەرژمێری و راپرسی لەخۆی دەگرێت، دانیشتووانی ئەو ناوچانە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان دەدەن لەبارەی مانەوەیان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی یان هەرێم. ئێمەش پابەندی رای دانیشتووانی ئەو ناوچانە دەبین. ئێستاش ئەمە بە چارەسەری نموونەیی دەبینین. لەبارەی کەرکووکەوە ئێستا شارەکە لەژێر داگیرکاریی سەربازیدایە و حەشدی شەعبی تێیدا حکوم دەکات. کورد لەو شارە سەرکوت دەکرێت. بێگومان ئەمەش ناکرێت بەرەدەوام بێت و جێگەی قبوڵکردن نییە و دەبێت کۆتایی پێبهێنرێت. هاوکات بارزانی لایەنێکی نێوخۆیی لەنێو کورد بە خیانەتکردن لە رۆژە و نەتەوەکەی تۆمەتبار دەکات و بە هۆکاریان دەزانێت بۆ هاتنی "حەشدی شەعبی" بۆ نێو کەرکووک و بە "زەلیلی حەشد" وەسفیان دەکات.

کێ فەرمانی بە «حەشدی شەعبی» کرد بۆ هێرشکردن و هەڵکوتانە سەر کەرکووک؟

لە قسەکانیدا بێتاریبەکی زۆر بە رێبەر مەسعود بارزانییەوە دیاربوو لەسەر هەڵوێستی ئەمەریکا و سەرسوڕمانی خۆیشی لەبەرامبەر بێدەنگیی واشنتن پیشاندا کە ئەو چەک و تانکە ئەبرامزانەی بە سوپای عێراقیان داوە بۆ ئەوەی شەڕی داعشی پێبکەن، یەکێک بوون لەو ئامرازانەی کە هێرشیان پێکرایە سەر کورد لە کەرکووک و گوتی: بە راشکاوانە، حەشد چەکی ئەمەریکی و تانکی ئەبرامزی بەکارهێنا. ئێرانیش رۆڵی هەبوو لە سەرکردایەتیکردنی ئەو هێرشە بۆ سەر کەرکووک. لە کەرکووکەوە بۆ یاسای نوێی هەڵبژاردنەکانی عێراق کە رێگە بە خۆکاندیدکردنی کەسەکان دەدات لەسەر بنەمای بازنەی شارۆچکەکان، بارزانی وایدەبینێت کە یاسا کۆنەکە زۆر باشترە و بە دووریشی نازانێت بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بکەن و پێشیوایە ئەمە شتێکە رێی تێدەچێت.

دەچینەوە بەغداو پرسیار لەبارەی رووداوەکانی ئێستا لە رێبەری کورد دەکەم، چارەسەری ئەو دۆخەی ئێستا هەیە چۆن دەبینێت؟ لە وەاڵمدا گوتی: کاری هەرە لە پێشینەی هەر حکوومەتێک ئەوەیە ئاسایش و خزمەتگوزاری بۆ هاووالتییەکانی دەستەبەر بکات. ئەو ناوچانەی عێراق کە ئێستا خەڵکەکەی راپەڕیون، ماوەیەکی دوور و درێژە ئەو مەرجانەی بۆ دەستبەر نەکراوە. هەر هاووالتییەک لە مااڵکەی دەربچێت، ڕەنگە نەگەڕێتەوە. دەڕفێنرێت و دەکوژرێت و کەسیش نازانێت تەرمەکەی لەکوێ فڕێدەدرێت. بێگومان ئەو حاڵەتەش نابێت بەردەوام بێت. خۆپێشاندان مافێکە بۆ داواکردنی مافەکانیان، بۆ نان و خزمەتگوزاری. ئێمە پشتیوانی لە داواکانیان دەکەین لەگەڵ ئەوەشدا تێبینییەکمان هەیە، ئەویش ناکرێت رێگە بدرێت کەسانی هەڵپەرست و ئەوانەی بەرپرسن لە گەندەڵی سواری شەپۆلەکە بن.

بە رێزەوە قسەکانیم پێبڕی و پرسیارم لێکرد، پێتانوایە کەسانێک هەبن لە هەڵپەرستەکان سواری شەپۆلەکە بووبن؟ لە وەاڵمدا گوتی: پێموایە خەڵکی راپەڕیو زۆر هۆشیارن و رێگە بەمە نادەن، بەاڵم هەندێکیش هەن سواری شەپۆلەکە بوونە.

هەڵی سەرکەوتنی محەممەد تۆفیق عەالوی

سەرۆک بارزانی بەتێبینییەوە دەڵێت، محەممەد تۆفیق عەالوی، سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق کەسێکی بەڕێزە و لە خانەوادەیەکی بەڕێز و ناسراوی بەغدان. بەاڵم ئەرکەکەی زۆر بەسەختە لەسەری ناو دەبات و دەڵێت: نە ئەو نە کەسێکی دیکە دەتوانێت لە ژێرباری بوونی گرووپە چەکدارەکان و دەرچوو لە یاسا و رێکنەخراو و ئەوانەی لەژێر فەرمانی دەوڵەتدا نین سەرکەوتووبن. پاشان لێمپرسی، ئایا ئێوە لەگەڵیدان یان لە دژین؟ سەرۆک بارزانی گوتی: پرسەکە لەسەر رۆڵ و ئەدا و تێگەیشتنی ئەو لەبەرامبەر رەوشی هەرێم دەوەستێت. ناتوانین ئێستا ئەوە بزانین. ئێمە رێزی دەگرین، هەروەها شاندێکیشمان لە بەغدایە و لەسەر پرسی پێکهێنانی حکوومەتی نوێ گفتوگۆی لەگەڵ دەکەن، ئەوە لەسەر هەڵوێستی ئەو دەوەستێت.

دۆزەکەی حەسەن نەسرواڵا و بیروبۆچوونی بارزانی لە دەرکردنی هێزە ئەمەریکییەکان

لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا تایبەت بە حەسەن نەسرواڵا، ئەمینداری گشتیی حزبواڵای لوبنان تێیدا گوتی، "بارزانی لەگەڵ قاسم سولەیمانی کۆبووەوە لە کاتێکدا شلەژاو بوو و داوای هاوکاریکرد لە شەڕی دژ بە داعشدا". پرسیارمان لە بارزانی کرد و ئەویش وەاڵمی دایەوە: ئەوەی کە نەسرواڵا باسی کرد، چیرۆکێکی دروستکراوە و نەسرواڵا لە گوتارەکەیدا نواندنێکی شکستخواردووی کرد.

لەدوای ئەو گوتەیە، لەبارەی دەنگدانی ئەم دواییەی تایبەت بە دەرکردنی هێزە ئەمەریکییەکان لە عێراق لەدوای کۆژرانی قاسم سولەیمانی پرسیارم لێکرد، بارزانی گوتی: ئەمەریکا والتێکی گەورە و مەزنە و بەبێ ئەو هەندێک بابەت هەن کە ناکرێن، چ هەندێک کەس رازی بێت یاخود نا. لە ساڵی 2011دا من دژ بە دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا بووم لە عێراق و پێشبینییەکانم بەوەی کە تیرۆر کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری والت دەکات، بوونە راستی. ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا بمانایە، داعش نەیدەتوانی ئەو هەموو سەرکەوتنانە بەسەر سوپای عێراقدا تۆماربکات و هەرێشە لە ناوجەرگەی هەرێمی کوردستانیش بکات. ئێستاش لەدوای ئەو ململانێیەی نێوان ئەمەریکا و ئێران کە داوای چوونە دەرەوەی هێزە ئەمەریکییەکان دەکات، ئەو داواکارییانە لەسەر بنەمای سۆز و موزایەدە دەکرێن. بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان و بە فەرماندەیی ئەمەریکا پێویستە بۆ ئاسایشی عێراق و ئایندەی. ئێستاش هەروەها ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا بچنە دەرەوە، هەموو هێزەکانی هاوپەیمانان دەچنە دەرەوە و هیچ والتێکیش نامێنێت و لەدوای شەش مانگ داعش بەشێوەیەکی بەهێزتر لە جاران دەگەڕێتەوە. بۆیە نابێت بەبێ بەرپرسیارانە بڕوانینە چارەنووسی گەل و والت بە مەبەستی موزایەدەکردن. بۆیە ئێمە دژ بە دەنگدانەکە وەستاین. دەنگمان نەدا. بوونی هێزە ئەمەریکییەکان لەم کاتەدا پێویستە.

وێڕای باوەڕی بارزانی بە پێویستیی مانەوەی هێزە ئەمەریکییەکان، بەاڵم لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بە راشکاوانە سەرسوڕمانی خۆی نەشاردەوە لە هەڵسوکەوتی دژبەیەکی واشنتن لە باکووری رۆژهەاڵتی سووریا و گوتی، "هیوادارام لەوە تێبگەم ئەمەریکا لە سووریا چی لە کورد دەوێت. ئەگەر پابەندبوونێک بە بەرگریکردن لێیان هەبێت، ئەوە باشە، بەاڵم ئەوەی کە بینیمان شتێکی هەڵگەڕاوە بوو و گومانیش لەبارەیەوە هەبوو. تاڕادەیەکی زۆریش متمانەی کوردی سووریای بە ئەمەریکای لەناو برد. ئێستا ئەوان سەرلەنوێ هەوڵی بنیاتنانەوەی متمانە دەدەن و ئەوەش کاتی دەوێت.

ئێران و دەستوەردان لە عێراق

بۆچی ئێران کۆنترۆڵی عێراق دەکات، رابەری کورد بە وردی وەاڵم دەداتەوە و دەڵێت: لەدوای رووخانی رژێمی سەدام لە 2003 دەرفەتێکی زێڕین بۆ عێراق هەبوو کە تێیدا عێراقییەکان دەوڵەتی دامەزراوەیی بنیاتبنێن لەسەر بنەمای یەکگرتنی ئازادانە و فیدراڵییەت و هەموومان بۆ ئەو مەبەستە کارمان کرد. بەاڵم هەڵە گەورەکە لەوەدا بوو ئەمەریکییەکان رۆڵی خۆیان لە رزگارکەرەوە بۆ داگیرکار گۆڕی، ئەوەش پێچەوانەی ئەوە بوو کە لە کۆنگرەی لەندەن لە مانگی کانوونی یەکەمی 2002دا لەسەری رێککەوتبوون. لەدوای چوونەدەرەوەی ئەمەریکییەکان لە 2011بۆشاییەکی گەورەیان جێهێشت کە ئێران پڕی کردەوە و بە حوکمی مەزهەب و پێکەوەگرێدانی میژوویی، ئێران هەژموونێکی گەورەی لە عێراق دروستکرد. دەکرێت عێراق پەیوەندیی سروشتیی لەگەڵ ئێران و دراوسێکانی دیکەشی هەبێت، بەاڵم دەبێت عێراقییەکان بااڵدەستیی هەر دەوڵەتێک ڕەتبکەنەوە.

هەروەها پرسیارم لێکرد، ئایا هۆکاری بااڵدەستیی ئێران بوونی میلیشیا لایەنگرەکانەیتی، بارزانی گوتی: لەدوای هاتنە ناوەوەی داعش بەهۆ هێزە و هەڕەشەکردنی لە نزیکەی هەموو عێراق و لە ئەنجامی فەتوای مەرجەعییەتەوە، ژمارەیەک لە گەنجانی شیعە و ئەوانەی دیکە، ناوی خۆیان بە خۆبەخشانە لەنێو حەشدی شەعبی تۆمارکرد و بەشێکی زۆریان کۆژران و بەرخۆدانیان کرد و قارەمانێتییان لە بەرخۆدان پیشاندا. لەدوای شکستی داعش و الوازبوونی هێزێکی یەکگرتوو، رێککراو و گرێدراو بە فەرماندارێتییەکی دیاریکراو نەبوو. هەندێک ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە و کۆمەڵێک چەکداریان دروستکرد. هەندێک لە هێزەکان لەنێو حەشدا هەن کە رێزیان لێدەگرین ،چونکە لە شەڕیاندا دژ بە داعش قوربانییان داوە و شەهیدیان پێشکەش کردووە. بەاڵم بەشێک لەوانەی لەژێر چەتری حەشد کار دەکەن، باندیان پێکهێناوە و کۆنترۆڵی سامانی والت دەکەن، هاووالتییان هەراسان دەکەن و رێگری لە هەر جۆرە بنیادنان و پەرەپێدانێک دەکەن، ئەوەش نەهامەتییە.

هەروەها لەبارەی ئەوەی "چ زمانێکی ئێران زیاتر بە جیددی وەردەگرێت، زمانی شاندەکان یان زمانی هەڕەشەکانی تاران لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانە؟" پرسیارم لە بارزانی کرد و من پێم گوت، لە چاوپێکەوتنێکی پێشوودا لەگەڵ شەرقولئەوسەتدا ئێوە گوتتان، "بەرپرسە ئێرانییەکان بەر لە ریفراندۆمەکە لەگەڵتاندا زۆر کۆبوونەوە و زمانی ئەوان لەگەڵتاندا زۆر بەڕێزەوە بووە، لەهەمان کاتدا لێدوانەکانی ئەوان هۆشداری و هەڕەشەشیان لەخۆگرتبوو". کام لەو دوو زمانانەتان بە جیددی وەرگرت؟ رابەری کورد وەاڵمی دایەوە، "ریفراندۆم مافێکی سروشتییە و کاتێک کە دەوڵەتی عێراق دامەزرا لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، عێراق لەسەر بنەمای هاوبەشی لەنێوان عەرەب و کورد دامەزرا. کاتێک کە ریفراندۆم لەسەر لەدایکبوونی موسڵ کرا، کورد دەنگی بۆ پێکەوەبوون لەگەڵ عێراقدا نەک تورکیا. ئەوەش لەسەر بنەمای هاوبەشی ڕەتدەکەنەوە، هیچ چارەسەرێکی دیکەمان نییە. دەبێت برا یەکدی بین، بەاڵم هەریەک لە ئێمە مااڵی تایبەت بە خۆیی هەبێت و بەغدا بە قووالیی خۆی دەمێنێتەوە. بەاڵم ئەوان دەرفەتەکەیان قۆستەوە، من پێشبینی ئەوەم دەکرد گوشار بکرێت، بەاڵم ئەوەی کە چاوەڕێم نەدەکرد گرووپێکی کورد هەڵسێت بەو خیانەتە گەورەیە. بۆیە ئێمە هەموو هەڕەشەکانمان بە سرووشتی دەبینین و ئامادەی رووبەڕووبوونەوەیان بووین. ئێرانییەکان و کەسانی دیکە پەیوەندییان پێوەکردین، بەاڵم لە کاتێکی زۆر دڕەنگدا بوو. هەموان، تەنانەت ئەمەریکییەکانیش سەرەتا ئەوەیان لەبەرچاوگرتبوو کە ئەم بابەتە کارتێکی گوشار بێت، بەاڵم بابەتەکە لە گرنگ گرنگترە، بەڵکو بۆ ئێمە چارەنووسازە. ئەمە مافمانە و ئێمە پابەندین پێوەی و ناکرێت دەستبەردارى بین، بەاڵم ئەوە بەو واتایە نییە هەر سبەینێ سەربەخۆیی خۆمان رابگەیێنین، لەوانەیە لەدوای دوو رۆژ بێت یان لەدوای مانگێک، بەاڵم ئێمە دەستبەرداری ئەو مافە نابین.

کااڵبوونەوەی هێزە سوننەکان لەنێوان هێزە عێراقییەکاندا

دوای رووخانی حکوومەتی سەدام، مەسعود بارزانی رووی کردە سوننەمەزهەبەکان و سەرکردەکانیان و ئامۆژگاریکردن بە پێکهێنانی حکوومەتێکی فیدراڵی بۆ خۆیان، بەاڵم ئەو شتە رووینەدا. سوننەمەزهەبەکان خۆیان لە لە پرۆسەی سیاسی دوور خستەوە و بەردەوام بوون لەسەر خەونەکانیان، بەاڵم ئەم کارەیان ئەنجامێکی پێچەوانەی لە دژی ئەوان هەبوو. پرسیارم لە مەسعود بارزانی کرد لەسەر دەنگۆی ئەوەی کە سوننەکان خۆیان ئامادەدەکەن بۆ داواکردنی هەرێمێکی سەربەخۆ لەنێویاندا "فاینانشاڵ تایمز" هەواڵی بازرگانیکردنی نەوت لە ناوچەکانی ژێردەستی داعش و بردنی بۆ تورکیایان بااڵوکردەوە. پرسیارم کرد، ئایا مەسعود بارزانی ئەم پەیوەندییەی بینیووە، لە کاتێکدا ئێوە سەرکردایەتیی شەڕی دژ بەرێککخراوی تیرۆریستیان دەکرد؟ ئەو گوتی: لە چەند مانگی یەکەمی شەڕکردن لە دژی داعش، تێبینیی ئەوەمان دەکرد کە کوژراوەکانیان خاوەن ڕەگەزنامەی جیاوازن. بێگومان زۆربەیان لەڕێگەی سنووری تورکیاوە بەرەو سووریا و دواتر عێراق دەهاتن، یاخود لەڕێگەی دەریاوە لە واڵتانی دیکەوە دزیان دەکردە سووریا. لە راستیدا نازانم تا چ رادەیەک تورکیا توانیوویەتی سنووری خۆی بەشێوەیەکی تەواو تۆکمە بکات و ڕێگری لە دزەکردنی ئەمانە بکات، یان دەکرێ گرووپێک هەبووبن بەبێ ئاگاداریی حکوومەت ئاسانکاریی پەڕینەوەیان کردبێت، بەاڵم ئەوان لەڕێگەی تورکیاوە دەهاتن. سەرۆک بارزانی لە درێژەی وەاڵمەکەیدا گوتی: ئەمڕۆ لە باکووری سووریا چەکداری حیسابکراو لەسەر تورکیا هەن. سوێند دەخۆم زۆربەیان سووربن، ئەوان بە پشتیوانیی سوپای تورکیا کۆمەڵکوژی دژ بە کوردەکان دەکەن، ئەمەش روونە ، بەتایبەتیش لە عەفرین.

پرسیارم کرد، لەمبارەیەوە چیتان کردووە؟ ئەویش گوتی: ڕەخنەمان گرت و بەهۆی مامەڵەی ئەم گرووپە چەکدارانەوە هەڵوێستمان بە تورکیا گەیاند.

بارزانی و سەددام حوسێن

مەسعود بارزانی زیاتر لە جارێک چاوی بە سەدام حسێن سەرۆکی کۆچکردووی عێراقی کەوتووە، ئەم سەرکردە کوردە باسی لە گۆڕانکاریی تەواوی کەسایەتیی سەدام دەکات و دەشڵێت: جیاوازیی180 پلە بوو. یەکەم چاوپێکەوتنم لەگەڵی، رۆژی 12ی کانوونی دووەمی ساڵی 1970 بوو کاتێک سەرۆکایەتیی شاندی فەرمیی حکوومەتی دەکرد و بۆ بینینی باوکم سەردانی بارەگای شۆڕشی کوردیی کرد. ئەوکات کەسێکی ئاسایی و هەڵچوو و بەخرۆش بوو، بەاڵم کاتێک لە ساڵی 1991 بینیم، بەشێوەیەکی سەیر بەتەواوەتی گۆڕابوو، ئەو کات پێی گوتم پێزانینم هەیە بە هاتنت بۆ بەغدا لەم دۆخەدا و لەیادی ناکەم و پێویستە رێکبکەوین. منیش گوتم رۆڵی تۆم لەبیرە لە رێککەوتننامەی 11ی ئادار، تۆش دەزانی دواتر چی رووبدا و چی بەسەر کەسوکار و هۆز و نەتەوەکەم هات، بەهەزارانیان کوژران، هاتمە بەغدا لە رێگەی دەریاییەک خۆینەوە. لە چاوپێکەوتنی دووەمدا کەسایەتییەکەی خۆبەزلزان و لوتبەرز بوو پێچەوانەی دیداری یەکەم لە ساڵی 1970. پرسیارم لێکرد، "لەبارەی لەسێدارەدانی سەدامەوە راوێژی پێکرا؟" گوتی: لە دژی لەسێدارەدانی نەبووین، بەاڵم دیاریکردنی کاتەکە لە یەکەم رۆژی جەژنی قوربانیدا بۆ لەسێدارەدانی راوێژمان پێنەکرا، هەروەها تاوەکو جێبەجێکردن و بااڵوکردنەوەی هەواڵەکە لە راگەیاندنەکان، ئێمە زانیمانیان نەبوو.

ئیسرائیل و کوردستان

دوایین پرسیارم لەبارەی ئیسرائیل و پالنی ترەمپ بۆ ئاشتیی بوو کە لە میدیاکاندا بە "رێککەوتنی سەدە" ناوبانگی دەرکرد، "بارزانی چۆن خۆبندنەوەی بۆ دەکات و پەیوەندیی لەگەڵ تەلئەبیب دروستەکات؟" گوتی: مادام ئێمە بە بەشێک ماوینەتەوە لە عێراق، ئەگەر ئیسرائیل باڵیۆزخانەی لە بەغدا بکاتەوە، کونسوڵگەریش لە هەولێر دەکاتەوە و ئێمەش پێشوازیی لێدەکەین، بەاڵم بە نەبوونی باڵیۆزخانە لە بەغدا، ناکرێت پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل دروستبکەین. پێمانوایە بوونی پەیوەندی لەگەڵیان کارێکی ئاساییە، چونکە بووەتە واقیعێک و کەس ناتوانێت هەڵیبداتە نێو دەریا. پێموایە ئێستا زۆربەی واڵتە عەرەبییەکان پەیوەندییان لەگەڵی هەیە و ئەمەش کارێکی ئاساییە و باشترە. لەبارەی رێککەوتنی سەدەوە، بەتێڕوانینی من هەر پرۆژەیەکی ئاشتی لە پرۆژەی جەنگ باشترە، بەاڵم شێوازی هەڵسەنگاندن و مامەڵەکردن لەگەڵیدا ئەمە کاروباری خاوەن مااڵکانە. خاوەن مااڵ دەزانێت چی لە هەگبەیدا هەیە. جەنگ هیچ کاتێک چارەسەر نییە، سێ جار جەنگ تاقیکرایەوە، لە ساڵەکانی 1956 و 1967و1973 ئەمە جگە لە دیان جەنگی دیکە رووبداند و هیچ کامیان سوودی نەبوو.

– لە رووداو وەرگیراوە

بروسکەی سەرۆک بارزانی بۆ خانەوادە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو د. حەمید ئاکرەیی

دوێنێ شەمە 2020/2/22 سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتیی نیشتیمانپەروەر د. حەمید ئاکرەیی پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەکەی کرد. ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بۆ خانەوادەی د. حەمید ئاکرەیی

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی نیشتیمانپەروەر د. حەمید ئاکرەییمان پێ گەییشت کە جێگەی دەست و ماندووبوونی لە شۆڕشی ئەیلوول و گولان و بە تایبەت لە ئێزگەی دەنگی کوردستان هەمیشە دیارە و لە یاد ناکرێ. سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆم بە ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و ئاشنایانتان ڕادەگەیێنم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم. لە خودای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
2020/2/22

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە بنەماڵەی د. حەمید ئاکرەیی دەکات



ڕۆژی هەینی 2020/2/21 بەڕێز مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی د. حەمید ئاکرەیی کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بۆ بنەماڵەی د. حەمید ئاکرەیی...

زۆر بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرین و تێکۆشەر و کەسایەتی نیشتیمانپەروەر و وەزیری پێشووتری گواستنەوە و گەیاندنی حکوومەتی هەرێم (د. حەمید ئاکرەیی)م بیست، کە ڕۆڵێکی دیاری لە بواری گەیاندن لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی پێشخستنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان هەبوو.

پرسە و سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی خانەوادەکەی دەکەم، خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە کەسوکار و هەڤاڵانی ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/2/21

پرسەنامەی دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن بۆ کۆچی دوایی هەڤاڵی تێکۆشەر د.حەمید ئاکرەیی



بەڕێزان/ خانەوادەی هەڤاڵی تێکۆشەر(د.حەمید ئاکرەیی)

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵ و کادیری دیاری پارتیمان "د.حەمید ئاکرەیی"، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و تەواوی بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و، شەریکی خەم و پەژارەتانین.

هەڤاڵ "د.حەمید ئاکرەیی" پێشمەرگەی دێرین و کادیرێکی چالاک و ناسراوی پارتیمان بوو، لە قۆناغەکانی خەباتی ڕزگاریخوازیماندا ڕۆڵی شیاو و دڵسۆزانەی خۆی گێڕاوە و کەسایەتییەکی بەڕچاو و نیشتیمانپەروەر بوو، هەروەها لە بواری گەیاندن و تەکنەلۆجیای گەیاندندا بۆ ماوەی (35) ساڵ کاری کردووە وەک ئەندازیارێکی بەتوانا و شارەزا لە بەجێگەیاندنی کار و ئەرکەکانی و خزمەتێکی زۆریشی بە ڕاگەیاندنی پارتیمان بە تایبەتی ڕادیۆی دەنگی کوردستان کردوە. خوالێخۆشبوو چەندین بەرپرسیاریەتی حزبی و حکومی پێ سپێردراوە و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەجێی گەیاندوون، بۆیە لەدەستانی ئەو تێکۆشەرە کۆستێکی دیکەیە بۆ پارتیمان و هەڤاڵانی.

ئومێدەوارین هاوخەمیی هاوسەنگەر و دۆست و ئازیزانی هەڤاڵی کۆچکردوو مایەی دڵنەوایی و سەبووری ئێوەوگشت لایەک بێت. جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان خۆمات دووپات دەکەینەوە و لەخودای گەورە داواکارین سەبووری بەهەموو لایەک ببەخشێت وگیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2020/2/22

پرسەنامەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانپەروەر و هەڤاڵی تێکۆشەر(د.حەمید ئاکرەیی)

بەڕێزان/ خانەوادەی کەسایەتی نیشتیمانپەروەر و هەڤاڵی تێکۆشەر(د.حەمید ئاکرەیی)

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و کادیر و هەڤاڵی تێکۆشەر(د.حەمید ئاکرەیی)مان پێگەیشت، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەش وشەریکی خەمتان دەزانین.

هەڤاڵی خوالێخۆشبوو (د.حەمید ئاکرەیی) کەسایەتیەکی ناسراو و کادیرێکی دێرینی پارتیمان بوو، هەر لە زووەوە پەیوەندیی بە ریزەکانی پارتیمان دەکات وەک پێشمەرگە و کادرێکی چالاک لە بواری گەیاندن ڕۆڵی خۆی دەبینێت و ئەوسا وەک بەرپرسێکی یەکێتیی هاورده و هەنارەکاران ئاشکرای کردووە ئەمساڵ جوڵەی بازرگانی زۆر زیادی کردووە و جەختی کردەوە، ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەریی لەسەر بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان نەکردووە.

مستەفا عەبدولڕەحمان، سەرۆکی یەکێتیی هاورده و هەنارەدەکاران کوردستان بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: ئەمساڵ قەبارەی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی جیهان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و پێشبینی دەکرێت لە مانگەکانی داهاتوو هێشتا بەرەو هەڵکشان بچێت، چونکە جوڵەیەکی بەهێزی بازرگانی هەیە.

دەربارەی کاریگەریی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر جوڵەی بازرگانی، سەرۆکی یەکێتیی هەنارده و هاوردەکاران دەڵێت: ئێمە لەگەڵ وڵاتی چین هەیە و دوای هاتنی کۆرۆنا کەمی کردووە، بەڵام هەر بەردەوامیشە. مستەفا عەبدولڕەحمان ڕوونیشی کردەوە: هێنانی کاڵای ئیرانیش بەردەوامە و بە هیچ شێوەیەک جوڵەی بازرگانی لەگەڵ ئێران نەوەستاوە، هەرکاتێک مەترسی پەیدا بێت لە هەر وڵاتێک هەرێمی کوردستان بێ کالا نابێت و چەندین سەرچاوەمان هەیە بۆ هاوردەکردن و پێداویستیی بازاڕەکانی کوردستان پڕ دەکرێتەوە.

پەرسەنامەی مەکتەبی سیاسی بۆ کۆچی دوایی هەڤاڵی تێکۆشەر د.حەمید ئاکرەیی

بەڕێزان/ خانەوادەی کەسایەتی نیشتیمانپەروەر و هەڤاڵی تێکۆشەر(د.حەمید ئاکرەیی)

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و کادیر و هەڤاڵی تێکۆشەر(د.حەمید ئاکرەیی)مان پێگەیشت، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەش وشەریکی خەمتان دەزانین.

هەڤاڵی خوالێخۆشبوو (د.حەمید ئاکرەیی) کەسایەتیەکی ناسراو و کادیرێکی دێرینی پارتیمان بوو، هەر لە زووەوە پەیوەندیی بە ریزەکانی پارتیمان دەکات وەک پێشمەرگە و کادرێکی چالاک لە بواری گەیاندن ڕۆڵی خۆی دەبینێت و ئەوسا وەک ئەندازیارێکی گەیاندن لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان کار دەکات.

خوالێخۆشبوو، پێشمەرگی دێرین و کەسایەتیەکی خاوەن هەڵوێست و وەفادار بوو بەرامبەر ڕێبازی بارزانیی نەمر و کاروانی شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، لەو پێناوەشدا دڵسۆزانە و خەمخۆرانە لە خزمەت و تێکۆشان بەردەوام بووە، بۆیە لەدەستدانی زیانێکی گەورەیە هەڤاڵی خوالێخۆشبوو جارێکی دیکەش بە هەمان گیانی کوردایەتی و پارتایەتی بەردەوام دەبێ لە خەبات و بەشداری لە شۆڕشی گوڵان دەکات هەر لەوکاتیشدا ڕادیۆی دەنگی کوردستان دادەمەزرێنێتەوە، دوای دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، چەندین بەرپرسیاریەتی حزبی و حکومی پێ سپێردراوە کە توانی سەرکەوتووانە و لەخۆبردووانە و دڵسۆزانە بەئەنجامیان بگەیەنێ و ماوەیەکیش وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە.

هیواخوازین هاوخەمیی هەڤاڵ و هاوسەنگەر و دۆستانی ببێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووری خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە. دووبارە پرسە و سەرەخۆشیمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و لەخوای گەورە داواکارین جێگای هەڤاڵی کۆچکردوومان بەهەشتی بەرین بێت...

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2020/2/22

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێم لەبارەی کەیسی منداڵەکەی هەولێر ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە

چاوپۆشی لە تۆمەتبارانی ئەم تاوانە قێزەونە ناکرێ و لە ڕێگەی یاساوە سزا دەدرێن

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی سەبارەت بە کەیسی منداڵە حەوت سااڵنەکە بڵاوکردەوە و لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە لەسەر ڕاسپاردەی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تەواوی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان ڕاسپێردراون بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر کەیسی ڕووداوی منداڵە حەوت ساڵییەکەی هەولێر کە لە مانگی نیسانی 2019 ڕوویداوە. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

لەسەر ڕاسپاردەی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تەواوی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان ڕاسپێردراون بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر کەیسی ڕووداوی (منداڵە حەوت ساڵییەکەی هەولێر) کە لە مانگی نیسانی2019 ڕوویداوە.

لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێکاری یاساییان بەرانبەر ئەم دۆسیە و تۆمەتبارەکانی گرتووەتەبەر و ئەو پێنج تۆمەتبارەی کە پێشتر بە کەفالەت ئازاد کرابوون، دەستگیر کرانەتەوە و بە هیچ شێوەیەکیش چاوپۆشی لە تۆمەتبارانی ئەم تاوانە قێزەونە ناکرێت.

پەیوەندیی بە باوکی کچەش کراوە و دڵنیا کراوەتەوە کە بە هیچ شێوەیەک قبوڵ ناکرێت کەس هەڕەشەی لێ بکات.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی خۆی لەگەڵ خانەوادەی قوربانییەکە، هاووڵاتییان دڵنیا دەکاتەوە کە تۆمەتبارانی ئەم دۆسیەیە لە ڕێگەی یاساوە سزا دەدرێن و، بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە پێشلێکردنی مافی هاووڵاتییان و تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی نادرێت.

د. جوتیار عادل
گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
21ی شوبات 2020

مستەفا عەبدولڕەحمان: ئەمساڵ جوڵەی بازرگانی زۆر زیادی کردووە

ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەری لەسەر بازاڕەکانی کوردستان نەکردووە

ژمارەی تووشبووان گەیشتە 28 کەس و تا ئێستا پێنجیان گیانیان لەدەست داوە



ئێران 10 حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای ڕاگەیاند

بەپێی زانیاریی میدیا فەرمییەکانی ئێران، کە لە زاری گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئەو وڵاتەوە بڵاوکراوەتەوە، دوێنێ شەمە 2020/2/22، 10 حاڵەتی دیکەی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەو وڵاتە تۆمار کراوە. زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە ئەو 10 حاڵەتە نوێیە کە بە ڤایرۆسکە تووش بوون، دوێنێ شەمە ڕاگەیەندراوە. لەمبارەوە د. کیانووش جەهانپوور، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران بە تەلەڤزیۆنی فەرمیی ئێرانی ڕاگەیاندووە، کە لە کۆی ئەو 700 حاڵەتەی کە پشکنینی فەرمییان بۆ کراوە، هەتا ئێستا بە ئاماری پێشتردەوە دەبێتە28 کەس کە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون. باسی لەوەش کردووە کە لە کۆی ئەو 28 کەسە پێنج کەسیان گیانیان لەدەست داوە.

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی تەندروستیی ئێران ڕاشیگەیاندووە کە ئەو 10 کەسەی کە تووشبوون، هەشت کەسیان خەڵکی قوم و دوو کەسیشیان خەڵکی تارانە و ئەو کەسەش کە گیانی لەدەست داوە، لە ڕیزی ئەو 10 کەسەیە کە لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا تووشی ڤایرۆسەکە بوون. جێی باسە تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێران ماوەی چوار ڕۆژە بە فەرمی ڕاگەیەندراوە و سەرەتا لە شاری قوم سەریهەڵدا و هەتا ئێستا بە گشتی 28 کەس تووش بووە و 5 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/2/23 ژمارە (5938)
خەبات

هەرێمی کوردستان.. لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆبووەوە

وەزیری ناوخۆ: رێگا نادەین هیچ کەلوپەل و پێداویستییەکی پزیشکی بچێتە دەرەوە هەموو سنوورە نافەرمییەکانیش لەگەڵ ئێران دادەخرێن

وەزیری تەندروستی: تا ئێستا هیچ حاڵەتێک یان گومانلێکراوێکی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمار نەکراوە



بەمەبەستی ئامادەکارییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بە سەرپەرشتی وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رێبەر ئەحمەد، لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەبەشداری هەریەک لە وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی، وەزیری گواستنەوەو گەیاندن ئانۆ جەوهەر، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بێگەرد دلشاد تاڵەبانی، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جووتیار عادل، هەر چوار پارێزگاری هەولێر، دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجە و هەردوو بەرێوەبەری فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی، کۆبووەوە.

دوای کۆبوونەوەکە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رێبەر ئەحمەد گوتی: کۆبوونەوەکە بەشێوەی فراوان بوو، ناوخۆ، خاڵەسنووریەکان، فرۆکەخانەکان، وەزارەت و پارێزگاکان تیایدا بەشداربوون چونکە ڤایرۆسەکە لە ئێران بڵاوبووەتەوە و بۆ ئەم مەبەستە شەوی رابردوو چەندین رێنماییمان دەرکردووە و گشتاندنی بۆ کراوە. رێبەر خەڵکەکەیشی.

هاوکات بەرپرسی لقی خانەقینی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەڵێت: لە سنووری خانەقین، سەعدیە و گوڵاڵە، حەشدی شەعبی و ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بەهۆی پۆشینی جلوبەرگەوە، لێک جودا ناکرێنەوە، بۆیە ئەو ناوچانە پێویستیان بەوەیە پێشمەرگە بگەڕێتەوە سنوورەکەیان. **شێخ جەعفەر شێخ مستەفا ڕایگەیاندووە:** هەنگاو و جموجۆڵی خەڵکەکەیشی.

هاوکات بەرپرسی لقی خانەقینی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەڵێت: لە سنووری خانەقین، سەعدیە و گوڵاڵە، حەشدی شەعبی و ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بەهۆی پۆشینی جلوبەرگەوە، لێک جودا ناکرێنەوە، بۆیە ئەو ناوچانە پێویستیان بەوەیە پێشمەرگە بگەڕێتەوە سنوورەکەیان. **شێخ جەعفەر شێخ مستەفا ڕایگەیاندووە:** هەنگاو و جموجۆڵی عێراق و حەشدی شەعبی هێز و توانای تێکشکان و بەرەنگاربوونەوەی داعشیان نییە. بەرپرسی لقی 3ی پارتی، **گوتیشی:** ئەو ناوچانەی لە دوای ڕووداوەکانی 16ئۆکتۆبەرەوە لە ڕوانگەتدا لەژێر کۆنترۆڵی هێزە عێراقییەکان و حەشدی شەعبیدان، بوونەتە شوێنی سەرهاڵدانەوەی شەمشەمەکوێرەکانی داعش، چونکە هێزە عێراقییەکان بێتوانان لە پاراستنی خاک و ئەحمەد دڵنیایشی دا هاوواڵتیان کە هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە و ئاماژەی بەوەشکرد کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەشدارن لە چالاکییەکانییاندا.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا لەبارەی پەیوەندییە بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتی ئێران، ڕێبەر ئەحمەد گوتی: هەموو سنوورە نافەرمییەکان دادەخرێن و پەیوەندییە بازرگانییەکان بەردەوام دەبێت و، ئەو هاوواڵتیانەیشی لە ئێرانەوە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان لە حاجی ئۆمەران و پەرویزخان و باشماخەوە دێنەوە هەرێم و، هەموو ڕێکارێک بۆ پاراستنی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان دەگیرێتەبەر و، ماوەی 14 ڕۆژ دەخرێنە ژێر چاودێرییەوە. وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوایشی لە میدیاکان کرد کە بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەن و لەبارەی گرانبوونی نرخی ماسک لە دەرمانخانە و شوێنەکانی فرۆشتنی پێداویستی پزیشکی گوتی: ئێمە هەموو ڕێکارەکانمان گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی بازاڕ قۆرخ نەکرێت، ڕێگا نادەین هیچ کەلوپەل و پێداویستییەکی پزیشکی بچێتە دەرەوە.

هەر لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییەکەدا، وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سامان بەرزنجی گوتی: نەخۆشخانەکان ئامادەن و شوێنی جیاکراوە هەیە، لەکاتێکدا تا ئێستا هیچ حاڵەتێک یان گومانلێکراوێکی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمار نەکراوە، ئەگەر بوونی هەبێت و قەبارەکەی زیاتر بێت، ئەوە شوێنی فراوانتر دیاری دەکەین، ئێستا مەترسی تەنیا لە گەشتیاران هەیە.

بە گەڕانەوەی پێشمەرگە ئارامی بۆ ناوچە کوردستانییەکان دەگەڕێتەوە

سوپا و حەشدی شەعبی توانای تێکشکاندن و بەرەنگاربوونەوەی داعشیان نییە

ئەو داعشانەی خۆیان ڕادەستی عێراق کردووەتەوە بە ڕۆژ حەشدی شەعبین و بە شەویش داعش

دوای 16ی ئۆکتۆبەر، بۆشاییی ئەمنی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دروستبووە، ئەمەش شانەنوستووەکانی داعشی چالاک کردووەتەوە و بەردەوام کردەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش هۆشداری دەدەن و دەڵێن بە گەڕانەوەی پێشمەرگە ئارامی بۆ ناوچەکە دەگەڕێتەوە. لە چەند شەوی ڕابردوودا چەکدارانی تیرۆریستیی داعش هەڵیانکوتایە سەر گوندی چەخماخە لە سنووری کەرکووک و ژمارەیەک هاوواڵتیی کوردیان شەهید و بریندار کرد، لەوبارەیەوە بەرپرسی لقی 3ی کەرکووکی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەڵێت، بەهۆی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017ەوە دروستبووە، تیرۆریستان هەنگاوەکانیان بەهێزتر کردووە، کە تەنها بە بوونی پێشمەرگەی کوردستان کۆتاییان پێ دەهێنرێت.

د. محەمەد خورشید، بەرپرسی لقی 3ی پارتی لە کەرکووک لە لێدوانێکیدا بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: بۆشاییەکی ئەمنیی زۆر لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دروستبووە، بەجۆرێک کە هاونیشتمانیان تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بوونە، تەنها بە گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ئارامی و ئاسایش بۆ ئەو ناوچانە دەگەڕێتەوە، چونکە هێزەکانی عێراق و حەشدی شەعبی هێز و توانای تێکشکان و بەرەنگاربوونەوەی داعشیان نییە. بەرپرسی لقی 3ی پارتی، **گوتیشی:** ئەو ناوچانەی لە دوای ڕووداوەکانی 16ئۆکتۆبەرەوە لە ڕوانگەتدا لەژێر کۆنترۆڵی هێزە عێراقییەکان و حەشدی شەعبیدان، بوونەتە شوێنی سەرهاڵدانەوەی شەمشەمەکوێرەکانی داعش، چونکە هێزە عێراقییەکان بێتوانان لە پاراستنی خاک و سەروەری عێراق بێت. ڕێبەری ڕەوتی سەدر، سەدر هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئەگەر لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەنجام نەدرێت، یاخود ئەگەر کۆبوونەوە ئەنجام بدرێت دەنگ بە کابینەی وەزاریی نەدرێت، ئەوا داوای خۆپێشاندانی ملیۆن دەکات، دواتریش لە دەروبەری ناوچەی پەرویزخان و باشماخەوە دێنەوە هەرێم و، هەموو ڕێکارێک بۆ پاراستنی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان دەگیرێتەبەر و، ماوەی 14 ڕۆژ دەخرێنە ژێر چاودێرییەوە. وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوایشی لە میدیاکان کرد کە بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەن و لەبارەی گرانبوونی نرخی ماسک لە دەرمانخانە و شوێنەکانی فرۆشتنی پێداویستی پزیشکی گوتی: ئێمە هەموو ڕێکارەکانمان گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی بازاڕ قۆرخ نەکرێت، ڕێگا نادەین هیچ کەلوپەل و پێداویستییەکی پزیشکی بچێتە دەرەوە.

هەر لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییەکەدا، وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سامان بەرزنجی گوتی: نەخۆشخانەکان ئامادەن و شوێنی جیاکراوە هەیە، لەکاتێکدا تا ئێستا هیچ حاڵەتێک یان گومانلێکراوێکی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمار نەکراوە، ئەگەر بوونی هەبێت و قەبارەکەی زیاتر بێت، ئەوە شوێنی فراوانتر دیاری دەکەین، ئێستا مەترسی تەنیا لە گەشتیاران هەیە.



دوای 16ی ئۆکتۆبەر، بۆشاییی ئەمنی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دروستبووە، ئەمەش شانەنوستووەکانی داعشی چالاک کردووەتەوە و بەردەوام کردەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش هۆشداری دەدەن و دەڵێن بە گەڕانەوەی پێشمەرگە ئارامی بۆ ناوچەکە دەگەڕێتەوە. لە چەند شەوی ڕابردوودا چەکدارانی تیرۆریستیی داعش هەڵیانکوتایە سەر گوندی چەخماخە لە سنووری کەرکووک و ژمارەیەک هاوواڵتیی کوردیان شەهید و بریندار کرد، لەوبارەیەوە بەرپرسی لقی 3ی کەرکووکی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەڵێت، بەهۆی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017ەوە دروستبووە، تیرۆریستان هەنگاوەکانیان بەهێزتر کردووە، کە تەنها بە بوونی پێشمەرگەی کوردستان کۆتاییان پێ دەهێنرێت.

د. محەمەد خورشید، بەرپرسی لقی 3ی پارتی لە کەرکووک لە لێدوانێکیدا بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: بۆشاییەکی ئەمنیی زۆر لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دروستبووە، بەجۆرێک کە هاونیشتمانیان تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بوونە، تەنها بە گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ئارامی و ئاسایش بۆ ئەو ناوچانە دەگەڕێتەوە، چونکە هێزەکانی عێراق و حەشدی شەعبی هێز و توانای تێکشکان و بەرەنگاربوونەوەی داعشیان نییە. بەرپرسی لقی 3ی پارتی، **گوتیشی:** ئەو ناوچانەی لە دوای ڕووداوەکانی 16ئۆکتۆبەرەوە لە ڕوانگەتدا لەژێر کۆنترۆڵی هێزە عێراقییەکان و حەشدی شەعبیدان، بوونەتە شوێنی سەرهاڵدانەوەی شەمشەمەکوێرەکانی داعش، چونکە هێزە عێراقییەکان بێتوانان لە پاراستنی خاک و سەروەری عێراق بێت. ڕێبەری ڕەوتی سەدر، سەدر هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئەگەر لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەنجام نەدرێت، یاخود ئەگەر کۆبوونەوە ئەنجام بدرێت دەنگ بە کابینەی وەزاریی نەدرێت، ئەوا داوای خۆپێشاندانی ملیۆن دەکات، دواتریش لە دەروبەری ناوچەی پەرویزخان و باشماخەوە دێنەوە هەرێم و، هەموو ڕێکارێک بۆ پاراستنی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان دەگیرێتەبەر و، ماوەی 14 ڕۆژ دەخرێنە ژێر چاودێرییەوە. وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوایشی لە میدیاکان کرد کە بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەن و لەبارەی گرانبوونی نرخی ماسک لە دەرمانخانە و شوێنەکانی فرۆشتنی پێداویستی پزیشکی گوتی: ئێمە هەموو ڕێکارەکانمان گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی بازاڕ قۆرخ نەکرێت، ڕێگا نادەین هیچ کەلوپەل و پێداویستییەکی پزیشکی بچێتە دەرەوە.

هەر لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییەکەدا، وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سامان بەرزنجی گوتی: نەخۆشخانەکان ئامادەن و شوێنی جیاکراوە هەیە، لەکاتێکدا تا ئێستا هیچ حاڵەتێک یان گومانلێکراوێکی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمار نەکراوە، ئەگەر بوونی هەبێت و قەبارەکەی زیاتر بێت، ئەوە شوێنی فراوانتر دیاری دەکەین، ئێستا مەترسی تەنیا لە گەشتیاران هەیە.

حەشدی شەعبی هەڕەشە لە حکوومەتی نوێی عێراق دەکات

موقتەدا سەدر هەڕەشەی خۆپێشاندانی ملیۆنی دەکات



ڕووداو: ڕێبەری ڕەوتی سەدر هەڕەشەی ئەنجامدانی خۆپێشاندانی ملیۆن و مانگرتن دەکات کە ئەگەر ئەم هەفتەیە پەرلەمان کۆنەبێتەوە و دەنگ بە کابینەی نوێی حکوومەت نەدات. موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی سەدر لە تویتێکدا داوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق دەکات، بەمەبەستی دەنگدان لەسەر کابینەی نوێی وەزاریی دوور لە پشکپشکێنە کە وەک خۆی باسی دەکات.

سەدر دەڵێت یەکەم ئەرکی ئەو حکوومەتە ڕەخساندنی کەشی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختی پاک و بێگەرد بەپێی خواستی گەل، دادگاییکردنی گەندەڵکاران و بکوژی خۆپێشاندەرانی ئاشتیخواز، پارێزگاری لە خۆپێشاندەران و پاراستنی سەروەری عێراق بێت. ڕێبەری ڕەوتی سەدر، سەدر هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئەگەر لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەنجام نەدرێت، یاخود ئەگەر کۆبوونەوە ئەنجام بدرێت دەنگ بە کابینەی وەزاریی نەدرێت، ئەوا داوای خۆپێشاندانی ملیۆن دەکات، دواتریش لە دەروبەری ناوچەی سەوز مانگرتن بەڕێوەبچێت، بەمەبەستی گوشارکردن و ڕزگارکردنی عێراق لە گەندەڵکاران و تائیفی و نەتەوەپەرستەکان.

هەڕەشەکانی سەدر لەکاتێک دایە پەرلەمانتارێکی هاوپەیمانی سائیروون ڕایدەگەیێنێت، کە شەوی شەمەی ڕابردوو محەمەد حەلبووسی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی نوێنەران تاوەکو ئێستا بڕیاری نەداوە لەبارەی وادەی دانیشتنی پەرلەمان بۆ دەنگدان بە کابینەی حکوومەتەکەی عەلاوی.

هاوکات هۆشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی شاندی پارتی بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بە دووری زانی ڕۆژی دووشەمە کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق بۆ دەنگدان بە کابینەکەی محەمەد تۆفیق عەلاوی بکرێت.



لەسەر پرسی دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا و ناتۆ، حەشدی شەعبی هەڕەشە لە حکوومەتی نوێی عێراق دەکات و مەرجی دەنگدانیان بە کابینەکەی عەلاوی، بە جێبەجێکردنی بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراق دەبەستنەوە، هاوکات سەرکردەیەکی حەشدی شەعبییش جەخت لەوە دەکاتەوە، ڕێگە بەوە نادەن ئەمەریکا لەپەنای ناتۆدا لە عێراق بمێنێتەوە. لە چەند ڕۆژی ڕابردووەدا، عادل کەرعاوی، سەرکردە لە حەشدی شەعبی، بۆ میدیا عێراقییەکان ڕای گەیاند، بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق بۆ چوونەدەرەوەی سوپای ئەمەریکا، ڕێکخراوی ناتۆش دەگرێتەوە.

بە وتەی سەرکردەکەی حەشدی شەعبی، ئەو پەیامەیان بە ناتۆ گەیاندووە، کە دەبێت خاکی عێراق جێ بهێڵن. کەرعاوی ئاماژەی بەوەش دا، ئەمەریکا دەبەوێت بە هەر پاساوێک بێت، لە عێراقدا بمێنێتەوە، بەڵام ئەوە ڕەتکراوەیە و بۆ ئەوە بڕیاری پەرلەمان هەیە. لەمبارەیەوە، سەرچاوەیەکی ئاگەدار لە پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق، ئاشکرای کردووە، کە مەرجی حەشدی شەعبی بۆ حکوومەتی نوێی عێراق و دەنگدان بە کابینەی نوێیەکەی عەلاوی، بە پرسی جێبەجێکردنی دەرکردنی هێزە بیانییەکان لەسەر خاکی عێراق بەستراوەتەوە، کە لەو پرسەدا موقتەدا سەدڕ، ڕێبەری ڕەوتی سەدڕ و لیستی سائیروونیش، کە گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانی عێراقە، پشتیوانی لەو مەرجەی حەشدی شەعبی دەکەن، کە لە ئەگەری پاشەکشەکردن لەو بڕیارە، ئەوا حەشدی شەعبی هۆشداریی داوەتە محەمەد تۆفیق عەلاوی، کە تەمەنی حکوومەتەکەی دڕێژ نابێت.

سەبارەت بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەش، مالپەڕەکە ئەوەی خستووەتە ڕوو ?یەکێک لەو پێشنیازانەی بەغدا بۆ واشنتۆنی دەکات، ئەوەیە کە هێزەکانی ئەمەریکا لە چوارچێوەی هێزەکانی پەیمانی ناتۆ لە عێراق بمێنێتەوە. دوای بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق بۆ پابەندکردنی حکوومەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، عادل عەبدولمەهدی داوای لە ئەمەریکا کرد، شاندێک بۆ ئەو مەبەستە ڕەوانە بکات، لە وەڵامیشدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند، هەر شاندێک سەردانی بەغدا بکات، قسە لەسەر پرۆسەی کشانەوە ناکات.

هێزەکانی ئێستا لە ناوچەکە دانراون، نە خاکی ئەوانە و نە ئینتیمایان بۆی هەیە، بەڵکو بۆ مەبەستێکی سیاسی هاتوون، نەک هەر خاکەکەی ناپارێزن، بەڵکو بوونەتە بارگرانی بۆ خەڵکەکەیشی. کرمانج عەبدوڵلا، ئاماژەی بەوەشداوە هەتا هێزی پێشمەرگە نەگەڕێتەوە ئەو ناوچانە، کەس و لایەنی دیکە ناتوانن ئەو ناوچانە بپارێزن، چونکە حەشدی شەعبی نە دەتوانێ و نە دەیەوێ ئەو ناوچانە بپارێزێ، بگرە خەڵکەکەیشی بە داگیرکەر سەیریان دەکەن، بۆیە پێویستە زۆر زوو هەڵوێستە بکرێت و چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارە هەرێم بدۆزرێتەوە، دانیشتوانەکەیشی خەڵکانێکی شۆرشگێڕ و بەشمەینەتن.

هەروەها لە نوێترین لێدوانیشیدا، یانس ستۆڵتنبێرگ، ئەمینداری ناتۆ ڕایگەیاندووە، عێراق خواستی ئەوەی هەیە، ناتۆ لەو وڵاتە ببێنێتەوە. یانس ستۆڵتنبێرگ، سکرتێری گشتیی ناتۆ، ئاماژەی بەوەش داوە، کە هێزەکانی ناتۆ تاوەکو ئەو کاتە لە عێراق دەمێننەوە، کە عێراق بە مانەوەیان ڕازی بێت.

جێی باسە هێزەکانی ناتۆ لە ساڵی 2018ەوە بە 500 سەرباز و ڕاوێژکاری سەربازییەوە دەستیان بە مەشقپێکردن و ڕاوێژپێدانی هێزە عێراقییەکان کردووە، بەڵام دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی لەلایەن ئەمەریکاوە لە سەرەتای ئەمساڵ، چالاکییەکانی وەستاند، تاوەکوو لە کۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوو 2020/2/12 وەزیرانی بەرگریی وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانییەکە، بڕیاریان بەردەوامیدانی چالاکییەکانیان دا.





بەئامادەبوونی نوێنەری سەرۆک بارزانی

تەرمی دلاوەر محەمەد عەلی ئاغا جوندیانی بەخاک سپێردرا

بەهۆی نەخۆشییەوە لە نەخۆشخانەی پار کۆچی دوایی کرد.

لەڕێورەسمێکدا عەلی حوسێن بە نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی و بەئامادەبوونی ئەحمەد کانی و عەلی عەونی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و د. فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و ئازاد جوندیانی کەسایەتی سیاسی و ژمارەیەکی دیکە لەبەرپرسانی حزبی سەربازی و هەڤاڵانی و خانەوادەکەی تەرمی خوالێخۆشبێت لە گۆرستانی شێخ ئەحمەد بەخاک سپێردرا.

دوای بەخاکسپاردنی عەلی حوسێن بە نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی وتەیەکی پێشکەش کردو تێیدا سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەو خزمان و ئامادەبووان کرد، پاشان ئاماژەی بە رۆڵی خوالێخۆشبوو مام دلاوەری وەک کەسێکی دڵسۆز و تێکۆشەر و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و وەفادار بۆ کورد و کوردستان وەسف کردو بنەماڵەکەشیانی وەک دۆستێکی بارزانیی نەمر و بەشدار لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد و هەروەها خۆی و بنەماڵەکەشی لای سەرۆک بارزانی هەمیشە جێگای ڕێز و خۆشەویستی بووە. تەئکیدیشی کردەوە مام دلاوەر ماوەیەک کارگێڕی لقی 10ی پارتی و چەند ساڵێکیشە وەک ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکان کاری کردووە، لەدەستدانی مام دلاوەریش تەنها لەدەستدان و کۆست نییە بۆ بنەماڵەکەیان، بەڵکو کۆستێکی گەورەیە بۆ هەموومان.



خەباتکاری ڕێبازی بارزانیی نەمر عەزو خەلانەیی کۆچی دوایی کرد

خەبات- سەفەر ژلاوکی:

دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی ماندووناسی گەلەکەمان عەزو خەلانەیی لە نەخۆشخانەی پیرمام کۆچی دوایی کرد، بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکومی و هاوسەنگەر و کەسوکاری تەرمی خوالێخۆشبوو لە گۆرستانی گوندی خەلانی سەربەدەڤەری بارزان بە خاک سپێردرا.

خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی فیداکارعەزیز سالح خەلانەیی ناسراو بە عەزو خەلانەیی، لە ساڵی 1920 لە گوندی خەلانی سەر بە دەڤەری بارزان لە بنەماڵەیەکی کوردپەوەر و شۆڕشگێڕ لە دایکبووە، لە تەمەنی لاویەتی هەزری کوردایەتی دەچێتە ناخی دڵی، بەشداری لە شۆڕشی دووەمی بارزان ساڵی 1943-1945 دەکات، یەکێک لە بەشداربووەکانی بەرگری لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد بووە، دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ماوەی 2 ساڵا بەند کراوە لە کەرکووک و لەدەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەگەڵ براکانی و کەسوکاری بەشداری لە هەردوو شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی کردووە و ڕۆڵیان لەداستانەکان هەبووە. دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەی ئێران دەبن و بە برا و کەسوکاری بەشداری لە شۆڕشی گوڵان دەکات و یەکێک لە باوڕپێکراوەکانی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک بارزانی بووە. دوای ڕاپەڕین دەگەڕێنەوە کوردستان و لە پیرمام نیشەجێ دەبێت. ماوەی چەند ساڵە لە بەر خەبات و قارەمانیەتی دەیان ساڵەی پێشمەرگایەتی تووشی نەخۆشی ببوو لە تەمەنی 100 ساڵی دا کۆچی دواییکرد.

وەزیری شارەوانی بەدواداچوون بۆ خزمەتگوزارییەکانی چەمچەماڵ و خۆڵ و خاشاکی زاخۆ دەکات



وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان ساسان عەونی، لە دیوانی وەزارەت، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی کرد کە بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکانی دهۆک و سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ و بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری و ژینگەپارێزی و هەروەها کۆمپانیای جێبەجێکاری پڕۆژەی چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاکی زاخۆ ئامادەی کۆبونەوەکە بوون بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژەی چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاکی زاخۆ بکەن. وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لەمیانەی کۆبوونەوەکەدا داوای لە بەڕێوەبەرانی ئیداریی وەزارەت لەو شارە و لایەنی جێبەجێکاری پڕۆژەکە کرد، دەبێ هەتا زووە کارەکانیان تەواو بکەن، چونکە چارەسەری خۆڵ و خاشاکی شارەکانی کوردستان، یەکێکە لە کارە پێشینەکانی حکوومەتی هەرێم و پێویستە لە ماوەیەکی نزیکدا لە هەموو شار و شارۆچکەکان ئەو بابەتە کۆتایی هاتبێت.

هەروەها وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، بە مەبەستی بەدواداچوونی داواکاری و ئاستی خزمەتگوزارییەکانی سنووری چەمچەماڵ، کۆبوونەوەیەکی دیکەی لەگەڵ لە قائیمقامی چەمچەماڵ و سەرۆکی شارەوانییەکانی چەمچەماڵ، شۆڕش، خالخالان، قادر کەرەم، تەکیەی جەباری، شوان، قەرەهەنجیر و بەڕێوەبەری ئاوی چەمچەماڵ، ئەنجامدا و بە وردی بەدواداچوونی بۆ دۆخی خزمەتگوزاریی ناوچەکە کرد. ساسان عەونی پێیڕاگەیاندن، ئەوەی پێویست بێت بۆ خزمەتی ناوچەکە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی دەکەین، بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگە بێ جیاوازی خزمەتگوزاری بگاتە هەموو شوێنێک، چونکە هاوواڵتیان مافی خۆیانە خزمەتی شیاو بکرێن.

نەخۆشخانەیەکی هەولێر بۆ گومانلێکراوانی تووشبوون بە کۆرۆنا تەرخانکرێت



لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئامادەکاری بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکرێت، لەشاری هەولێر نەخۆشخانەک چۆڵکرا بۆ ئەوەی هەر حاڵەتێکی گوماناوی هەبێت ببرێتە ئەو نەخۆشخانەیە.

د. محەمەد خۆشناو، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئامادەکاری تەواویان کردووە و لە هەر شارە و نەخۆشخانەیەک تایبەت کراوە بۆ هەر حاڵەتێکی گوماناوی، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ حاڵەتێک تۆمارنەکراوە.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەشدا، ئێستا لە شاری هەولێر نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ناوەندی هەولێر بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکراوە کە 55 تەختەی خەواندنی نەخۆشی تێدایە، لە حاڵەتی لەناکاویش تاوەکو 70 نەخۆش لەخۆدەگرێت.

لەدەوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێران کە تاوەکو ئێستا چوار کەس بەهۆیەوە گیانیان لەدەستداوە، لە هەرێمی کوردستان ئامادەکارییەکان بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە خێراتر کراوە. هەر بۆ ئەو مەبەستە، جووتیار عادل، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، لایەنە تەندروستییەکان و هەر چوار پارێزگارەکە کۆدەبێتەوە و ئامانجی کۆبوونەوەکەش گرتنەبەری ڕێکاری پێویستە بۆ هۆشیارکردنەوەی هاونیشتمانییان

پارتە تورکمانەکان ستایشی سەرۆک بارزانی دەکەن بۆ دیاریکردنی کەسایەتییەکی تورکمان بە ڕاوێژکار لە بارەگای بارزانی



دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی بەئامادەبوونی بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانیەکان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە شاندێکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان کرد. لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ شاندی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان باسیان لە پاراستنی یەکڕیزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوەژیانی کوردو تورکمان لە پێناو خزمەتکردن بە ئەزموونی دیموکراسی و خەڵکی کوردستان کرد، هەروەها بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسیەکان و پەیوەندیەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواین گۆڕانکاری و پێشهاتە تازەکان تیشکی خرایەسەر، هەردوولا تەئکیدیان لە هەماهەنگی و یەکگوتاری زیاتری لایەنە سیاسیەکان و تەواوی پێکهاتەکان بۆ پاڵپشتیکردن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان کردەوە، شاندی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان ستایشی سەرۆک بارزانیان کرد کە کەسایەتیەکی تورکمانیان وەک ڕاوێژکار لە بارەگای بارزانی دەکەن بۆ دیاریکردنی پێکهاتەکان دەستنیشان کردووە بۆ ئاگاداربون و داکۆکیکردن لە مافەکانی پێکهاتەی تورکمان و تەواوی پێکهاتەکانی دیکە کە ئەمەش بۆ ئێمە جێگای ڕەزامەندی و خۆشحاڵی هەمووڵایەکمانە، لەڵایەن خۆیەوە بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی پاڵپشتیی تەواوی پارت و لایەنە تورکمانیەکانی بەرامبەر پرسە سیاسی و نیشتمانیەکانی کوردستان و تەواوی هەنگاوەکانی ترپانی بە بەرزی هەڵسەنگاند.

بەرپرسێ لقا ئێک:

ماموستا مرۆڤێن ڕۆژێن گران بوویە بۆ کوردستانێ

ب ئامادەبوونا ڕێڤەبەرێ گشتی یێ پەروەردا دهۆکێ و ڕێڤەبەر و سەرپەرشتێن پەروەردا ڕوژهەلات و ڕۆژئاڤا و سێمێلێ و ڕێڤەبەرێن قوتابخانێن وان سمینارەک بۆ بەرێز سەربەست ترونشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ پارێزگەیێ لقێ هاتە ڕێکخستن. دڤێ سمینارێ دا سەربەست ترونشی گوت: ماموستا هێزا دەستوشینا هەر مللەتەکینە، چونکی بەرێ بنیاتێ بۆ ئاڤاکرنا مرۆڤان و ماموستایێن کوردستانێ بگشتی و بتایبەتی یێن پارێزگەها دهوکێ ئەڤ چەندە د ڕوژێن سەخت و دژوار دا ب کریار سەلماندیە دەما گەلێ مە هەڤرێشی قەیرانا بووین ماموستا نەهێلا کور و کچین ڤێ وەلاتی ژ زانینێ و زانستێ دیر بکەڤن و ب ڤێ ئیکێ ئەڤرۆ ئەم خوەدی بلندترین بلندگوییێن زانستی نە و ژ بۆ پاراستنا ڤان دەستکەفتیان و بۆ پاراستنا ئارامیا وێ دڤێت ئەم هەمی پێشمەرگە بین و پشت گەرمێن وان کەسا بین ئەوێن ل ڕۆژێن گران خوە ل گەلێ خوە کیرینە خودان.

وەزارەتی تەندروستی: داوای ماسکی تایبەتمان لە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی کردووە

د.محەمەد قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە باسنیوزی ڕاگەیاند: لەگەڵ ڕێکخراوە تەندروستیی جیهانی لەسەر هێڵن بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ماسکی خۆپاراستن لە ڤایرۆسەکە بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکرێت. ئەوەشی ئاشکرا کرد: بە ڕاشکاوانە دەڵێم، لەم دوو ڕۆژەدا لێکدانەوەی هەڵە کرا کە گوایە دەبێت هەموو کەس ماسکەکە بەکار بهێنێت، لەکاتێکدا بەپێی ڕێنمایی سەنتەری کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکانی جیهان، تەنیا کەسانی بەرکەوتە لەگەڵ تووشبوانی ڤایرۆسەکە دەبێت ماسکەکە بەکار بهێنن وەک کارمەندانی نەخۆشخانەکان کە مامەڵە لەگەڵ تووشبوانی ئەو ڤایرۆسە دەکەن، لەگەڵ کارمەندانی سنوورەکان. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دووپاتی کردەوە کە پێویست ناکات خەڵکی بە گشتی ماسکەکە بەکار بهێنن، چونکە لێرە ڤایرۆسەکە نییە.


www.xebat.net
یەک شەممە 2020/2/23 ژمارە (5938)

کتێبخانەی گشتی شارەبان.. کتێبخانەیەکی وێران لە شارێکی پشتگوێخراو



بینایەکی کۆن و داڕزاو، کە لە ساڵی 1959ەوە دروستکراوەو نۆژەن نەکراوەتەوە

هاوڵاتییەکی شارەبان: هەزار ساڵی تریش دەسەڵاتی کوردی لێرە دوور بێت و دەیان جاری دیکەش تەعریب بکرێت، مۆرکی کورد بە شارەبانەوە هەر دیارە





خەبات: سەربەست برزۆ

شارەبان شارێکە خاوەنی نزیکەی 10هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵییە و سەدان باخی تێدایە، لە پێشدا و هەتاوەکو ئەم ساڵانەی دواییش هەناری شارەبان یەکێک بووە لە باشترین جۆرەکانی هەنار لە عێراقدا ، ئەمەو جگە لە کشتوکاڵی ناوچەی شارەبان کە باشترین جۆری سەوزە و میوەی بەرهەم دەهێنا . بۆ ناوی شارەبانیش چەندین رای جیاواز و گێڕانەوە هەیە، لەوانە لە کتێبی یاقوتی حەمەوی و ئەلمستوفی هاتووە کە باسی شارەکەیان کردووە کە شارێکی دێرینە و نزیکەی هەشتا گوندی لەخۆ گرتووە.

واتای ناوی شارەبان وەک گەورە پیاوانی شارەکە دەڵێن بەواتای شاری بان هاتووە، عارەبەکان ئەوە دەقۆزنەوە کە بان ناوی پیاوێک بووە شارەکەی دروست کردووە و ئەو بانە قورەیشیە، بەڵام هەندێک دەڵێن ئەو (بان)ە قورەیشی نییە و کابرایەک بووە خەڵکی ناوچەکە بووە و خانی هەبووە لەو جێگایە و دەست رۆیشتوو بووە خەڵکی لە دەوری خۆی کۆکردوەتەوە و شارەبانی دروست کردووە .

کاتێک رۆژنامەنووسێک دەچێتە شارەبان بۆ ئەوەی بەدوای هەندێک راستیدا بگەڕێ چەندین ئاستەنگ دێتە پێشی لەوانە زۆربەی خەڵکەکە و ئەوانەی شارەزایان لە مێژووی شارەکە هەیە ناوێرن بەئاشکرا قسە بکەن، هەر بۆیە خەڵەف کە مێژوونасێکی شارەکەیە بەترسەوە گوتی: بەڕای من سنووری کوردستان حەمرین نییە و ئەگەر هەزار ساڵی تریش دەسەڵاتی کوردی لێرە دوور بێت و دەیان تەعریب دروست بکرێت هەر مۆرکی کورد بە شارەبانەوە دیارە، گرنگ نییە شارەکە لە سنووری کوردستان بێت و گرنگ نییە کەوا ئێستا کورد لەم شارەدا نەماوە، گرنگ ئەوەیە کەوا کورد لەم شارە ژیاوە و مۆرکی مەزنی کورد بەم شارەوە دیارە .

شارەبان لە ساڵی 1920 دەبێتە ئیدارە لە سەردەمی مەلەکیدا، لە ساڵی 1950 دەبێتە قەزا و ناوی لێدەنرێت قەزای (المقداديه) کە هەتاوەکو ئێستاش لەرووی ئیداریەوە بەو ناوە ناسراوەو لەگەڵ دروستکردنیدا چەندین فەرمانگەی میری هاتووەتە دامەزراندن چ لەوکاتەوە و یاخود دواتر .

ساڵی 1959 کتێبخانەیەکی گشتی لە شارەبان دێتە دروستکردن، بەڵام هەتاوەکو ساڵی 1961ناکرێتەوە بەڕووی خۆینەرانیدا .

کتێبخانەی گشتی شارەبان رۆڵی گرنگ و بەرچاوی لەو سەردەمەو سالانی دواتریش لەپێشخستنی بواری رۆشنبیری و خوێندندا بینیووە. کتێبخانەکە هەتاوەکو ئەمڕۆ چوارده جار بەڕێوبەرەکەی بەم شێوەی لای خوارەوە گۆڕدراوە:

- غەزبان محەمەد کازم 1961بۆ 1964
- مامۆستا تالب خەشاڵی 1964بۆ 1970
- عەلی جومعە مایۆگ 1970بۆ 1982
- مامۆستا فردۆس لوتفی غێدان 1982
- غەزبان موحەمەد کازم 1982
- قەیس عەواد 1982بۆ 1991
- پەروین موحەمەد غوڵام 1991بۆ 1995
- عەبدولڕەزا خەلیفە کازم 1995بۆ 2003
- قەیس عەواد کازم 2003بۆ 2012
- عەبدولڕەزا خەلیفە کازم 2012بۆ 2013
- سالح عەبدولکەریم سەلیم 2013بۆ 2014
- مەعەن عەبدولحوسێن 2014بۆ 2015

لە ساڵی 2015ەوە ئەم کتێبخانەیە داخراوە و کلیلەکەی لای بەڕێوبەری کتێبخانەکەیە کە لە شارەبانەوە 30 کیلۆمەتر دوورە و ئەم بەڕێوبەرە هەفتەی جارێک دێت بۆ شارەبان و کلیلی کتێبخانەکە دەداتە ئەندامێکی ئەنجومەنی شارەبان و ئەویش دەیداتە کەسێکی تر .



قوتابییەک: ئێمە سەدان قوتابین کە زۆربەمان هەژارین و توانای کڕینی سەرچاوەمان نییە، بۆیە بەناچاری ڕووەکەینە ئەم کتێبخانە وێرانەیە

نۆژەن نەکراوەتەوە، تەنانەت سەرچاوەکانیشی وەکو پێویست لەلایەن کتێبخانە گشتییەکان و وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراقەوە بۆ نایەت و لە ئێستادا 10 هەزار کتێبی تێدایە، ئەمە لە شارێکدایە کە دانیشتووانەکەی زیاتر لە 100هەزار کەس و هەزاران قوتابیشی تێدایە، بۆیە پێویستی بەسەرچاوە و کتێبی زیاترە.

شارەبان یاخود (مقداديه) کە ناوە فەرمییەکەیەتی زۆرینەی خەڵکەکەی هەژارە و ئازادیش وەکو پێویست نییە، کە خەڵکەکەی داوای مافە ڕەواکانیان بکەن، کە یەکێک لەو مافانەیان بایەخدانە بە کتێبخانەکەیان، بەو پێیەی پێویستی بە نۆژەن کردنەوە و بایەخدان و زیادکردنی سەرچاوەی کتێبە لە کتێبخانەکەدا .

خەبات بەپێویستی زانی کتێبخانە وێرانەکەی شارەبان بەسەر بکاتەوە و لە نزیکەوە هەوادارانی بدوێنی، ئەمەو سەرەڕای ئەوەی کە هەندێک کارمەندانی کتێبخانەکە ئامادەی لێدوان نەبوون لەوبارەیەوە جا ئیتر لەترسدا بێت یاخود هەر هۆکارێکی تر .

لەمبارەیەوە حوسێن عەلی هاوڵاتییەکی شارەکە دەڵێ: کتێبخانەی گشتی شارەبان کە نزیکی مالمان بوو لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا رۆژانە و بەبەردەوام دەچوومە کتێبخانەکە هەم کتێبم وەردەگرت و هەم بۆ خۆێندنی وانەکانی قوتابخانە کە ئەوکات لە دواناوەندی بووم . زۆر بە باشی تالب خەشاڵی بەڕێوەبەری کتێبخانەکەم لەبیر ماوە، کە خۆی خەڵکی باقوبە بوو، بەهۆی کارەکەیەوە هاتبووە شارەبان، کە بەداخەوە لە ساڵی 1970ون بوو من زانیاریم لەسەر ونبوونەکەی نییە، هەروەها دوای تالب خەشاڵی، عەلی جومعە باوکی سامان کە خەڵکی مەندەلیە و کورده هات بووە بەڕێوەبەری کتێبخانەکە، کە بەڕاستی لەسەر دەستی باوکی سامان باخچەی کتێبخانەکە زیاتر رازایەوە بە گوڵ و گوڵزار کە مرۆڤ حەزی دەکرد تێیدا دابنیشێت، نەوەکو ئێستا وێرانەیە و مرۆڤ هەر بێزی نایە تیایدا بوەستێت بۆ ساتێکیش . ئەوکات بایەخی تەواو دەدرایە کتێبخانەکە و سەرچاوەی باشیشی تێدابوو شوێنەکەشی گونجاو و رازاوە بوو بۆ خوێندن، بەڵام ئەمڕۆ نەخێر وێرانەیە .

هەروەها هاوڵاتی خەلیل جبووری دەڵێت: لە کۆندا لەناو بازاڕی کۆنی شارەبان کتێبخانەیەک هەبوو کە گۆڤاری مندالانیشی دەهێنا، خاوەنەکەی ناوی کامیل ڕەگاع بوو بەیانیانی زووی سەرەتای هەموو حەفتەیەک بەدەیان مندالّ بەردەمی دوکانەکەیان دەگرت بۆ کڕینی گۆڤاری مندالان، کە ناوی هەندێکیانم بیرماوە لەوانە گۆڤاری تەرزان و سندباد و ..هتد . کە گەورە بووین ئەوجار هەموو ڕۆژ پێشبڕکێ بوو بۆ کتێبخانەی گشتی شارەبان، ئەوکات تەنیا پێشبڕکێ نەبوو تەنیا لەسەر خوێندن، بەڵکو لەسەر جلوبەرگ و ڕێکوپێکی و زۆر شتی دیکەش بوو، کاتێک کە لە دووڕەوە تەماشای خەڵکەکەت بکردایە کە دەچوونە نێو کتێبخانەکەوە، ئەگەر خەڵکی شارەکە نەبوبتایە دەتگوت ئەمانە بۆ ئاهەنگ دەچن . ئێستا دەبینین لە قوتابی هەژار زیاتر کەس ناڕواتە کتێبخانەوە، ئەویش بەدوای سەرچاوەدا دەگەڕێن بۆ توێژینەوەکانیان . حکوومەتی عیراقی هیچ گرنگییەکی بەو شارە و کتێبخانەکەی نەداوە، حکوومەتێک کە نەتوانێ کتێبخانەیەک نۆژەن بکاتەوە ئیتر ئەمە کەی حکوومەتە.

هەندێک هۆکاری تریش هەن کە خەڵکەکە لە کتێبخانەکە دوورکەوتنەوە لەوانە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بارودۆخی خراپی دارایی کە مرۆڤ هەر دەبآ لەکاردا بێت و بەتایبەت شارەکەی ئێمە کە هەژاری زۆر زۆرە .

هەمدیس مامۆستا موحەمەد عەلی دەڵێ : من زۆربەی کتێبخانەکانی کوردستانم دیوە چونکە دەمێکە مالّم لە کوردستانە و تەنها خۆم لەبەر دەوامی رۆژانەم لێرەم، کتێبخانەکانی کوردستان مرۆڤ تیایدا ئارام دەبێتەوە، بەڵام ئەم کتێبخانەیەی شارەبان کە دەمێکە ئاوا پشتگوێ خراوە و وێرانەیە و سەرچاوەی نوێی وەکو پێویست بۆ نایەت ، بەڵام ئێمە هەر دڵمان پێی دەکرێتەوە و داواش ناکەین نۆژەن بکرێتەوە چونکە باش دەزانین نایکەن ئیتر بۆ قسەی خۆمان بەبەلاش سەرف بکەین ، یەڕای من ڕەوتێک لەمڕۆی عێراقدا دروست بووە کە حەز لە پێشکەوتن و ڕۆشنبیری ناکات ئیتر دەبآ تێبگەی و زوو ئێرە بەجێ بهێڵی نەوەک بەر ڕەحمەتی ئەو ڕەوتە بکەوی .

هەروەها قوتابی جومعە جبووری گوتی : ئێمە سەدان قوتابین کە زۆربەمان هەژارین و توانای کڕینی سەرچاوەمان نییە بۆیە بەناچاری ڕووەکەینە ئەم کتێبخانە وێرانەیە کە ڕاستە زیاتر لە 10هەزار سەرچاوەی تێدایە، بەڵام هێشتا پێویستی بەسەرچاوەی زیاترە و هەروەها نۆژەن بکرێتەوە، چونکە کتێبخانەیەکی هاوشێوەی کاولە بەڕاستی و کەسیش بایەخی پآ نادات .



پێشتر بەندیخانە بووە
ئەو قوتابخانەیەی کە بەهۆی بەفرەوە داڕما
تاکە ئامادەیی کچانە لە قەزای ڕواندز





خەبات/ڕۆشنا عەلی

قوتابخانەی (شەمام)ی زانستی کچان ئەو قوتابخانەیەی لە هەفتەی ڕابردوو بە هۆی بەفرەوە سەقفەکەی داڕما، ڕێکەوت گیانی قوتابیانی قوتابخانەی ناوبراوی پاراست کە دەوام نەبوو، ئەگەرنا دەیان قوربانی لێدەکەوتەوە لاپەڕەی پەروەردە لەسەر ئەم بابەتە بەدواداچوونێکی ئامادەکردووە کە بۆچی کاتێک کار بۆ قوتابخانەیەک دەکرێت بەم شێوازییە دەکرێت و سەقفێک بەرگەی بەفبارینێک ناگرێت؟ ئایا دەیان قوتابخانەی هاوشێوەی ئەوەش نییە کەبەو جۆرە چارەسەرکراون و داڕمان بەردەوام بێت ؟ ئایا ئەم کارە کێ پێی هەستاوە و هۆکارەکەی چییە؟ تاچەند دوای ڕووداوەکە بەدواداچوون کراوەو چارەسەرەکەی چی دەبێت؟

لە بەندیخانەوە بۆ قوتابخانە

قوتابخانەی ناوبراو لە گەڕەکی شەهیدانی قەزای ڕواندزەو دوو دەوامی تێدا دەکرێت کە یەکێکییان شەمامی زانستی و ئەوی تر نێرگزی وێژەییە کە تاکە ئامادەیی کچانی سنورەکەیە مامۆستایەکی قوتابخانەکەش دەڵێت هیچ مەرجێکی قوتابخانەی تێدا نییەو پێشتر بەندیخانە بووە ،

مامۆستا خدر عەبدولڕەحیم مامۆستای فیزیای قوتابخانەکە بۆ لاپەڕەی پەروەردەلەمبارەیەوە وتی: بەڵێ قوتابخانەکە پێشتربەندیخانە بووە هەر بااڵخانەیەک ئەگەر پەنجەرەکانی لەگەڵ سەقفا بوون ئەوە دەاڵەتی ئەوەیە کە بۆ بەندیخانە و الیەنی ئەمنی بەکار هاتووە لەسااڵنی پێش نەوەدەکان واتە پێش ڕاپەڕین، هیچ پێوەرێکی قوتابخانە بوونی تێدا نییە، بەاڵم بابەتەکە ناچارییە هەموو ڕووانز یەک ئامادەیی کچانی هەیە کە بەداخەوە بینا کەی ئەو شێوەیەیە. دەربارەی ئەوەشی کە ئایا ئەوان وەک مامۆستایانی ئەو ئامادەییە داوایان نەکردووە کە بیناکەیان بۆ بگۆڕن کە پێیان چاک ناکرێت بیان گوازنەوە شوێنێکی ترئەو وتی: ؟ بە دڵنیاییەوە داوامانکردووە خۆم شەخسی چەندین جار لەگەڵ بەڕێوەبەری

مامۆستایەک: قوتابیەکان کرانە قوربانی 30 قوتابی نموونەیی

پەروەردەو چەندین بەرپرسانی ناوچەکە داوام کردووە، یەک باڵەخانەی ئامادەیی بە ڕووانز ڕەوا نابینرێت پێشتر بۆ ماوەی دووساڵ گوازرایەوە بۆ قوتابخانەیەک کە بیناکەی زۆر باش بوو ، بەاڵم قوتابی ئەو 30 قوتابی نموونەیی کرایەوە کە ڕەوانزی نموونەیی کرایەوە کە خۆمان.

بەدواداچوون

بۆ بەدواداچوونی بابەتەکەو دروستکردنی سەقفی ئەو قوتابخانەیەکە لەاڵیەن کێ وە دروستکراوە مامۆستا چنور بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕواندز بۆخەبات وتی: ئەو هۆڵەی کە لە و ئامادەییەکە دروستکراوە پەروەردەی گشتی سەقفەکەی 40- 30قوتابی هەبوو ئێمەیان هێنایەوە باڵەخانەی کۆن ئەوەی کە ئێستا لێین، ئێستاش ژمارەی قوتابییەکانییان بە قەدەر قۆناغێکی قوتابخانەکەی ئێمەیە بەبڕیاری بەڕێوەبەری پەروەردەی پێشتر چوینە بانە زێوک بە بڕیاری بەڕێوەبەری نوێ کە دانرا هاتینەوە شوێنی دووەم گواستەوە کە ئەتانزانی بیناکەی زۆر کۆنە بیناکەی باشتریان پێش هاتنی تۆ وەک بەڕێوەبەر وەرگرتبو نێردرانەوە بینا کۆنەکە؟

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا بەدواداچوونکراو بەڵێنی چیپان پێدان مامۆستا چنور وتی: بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر سەردانی کردین و بەڵێنی ئەوەی دا کە چاکی بکاتەوە وەک خۆی واتە تانها ئەوەی کە ڕووخاوە ؟ بەڵێ لە ئێستادا ، بەاڵم وتیشی بۆ داهاتوو ئەگەر بکرێت تێکی دەدەن و دووبارە دروستی دەکەنەوە.

ئایا هیچ زانیاریتان هەیە کە گوایە ئەو قوتابخانەیە بڕیاری ڕووخانی بۆ دەرچووبێت پێشتر بەاڵم نەڕووخاوە و دروستبکرێتەوە ؟ من زانیاریم لەو ڕەوەو نییە ، بەاڵم ماوەیەک پێش ئێستا نوسراومان بۆ هات کە گوایە ئەو قوتابخانانەی زۆر کۆنن ئەگەر زەویان هەبێت بینای نوێی تیا دروستبکرێت یان نۆژەنبکرێتەوە ئێمە وەاڵمی نوسراوەکەمان داوەتەوە پێنج قوتابخانەمان هەبوو ئەو ئامادەییەش یەکێکە لەوانە کە نارووماتە بۆ ئەوەی سەر لەنوێ تێکبدرێت و دروستبکرێتەوە ،چونکە کەڵکی نۆژەنکردنەوەی نییە.

گواستنەوەی قوتابخانە

بۆچی قوتابخانەکەتان بۆ جاری دووەم دەگوازنەوە بۆ ئەو شوێنە؟

بەڕێز ئاسۆ عەبدوڵڕەحمان بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر: بەهۆی بارودۆخی ئەمنی و هاتوچۆی زۆر لە شەقامی سەرەکی شارەکە و نزیکبوونەوەی ئەو قوتابخانە لە بازاڕی گشتی و ئەو ترافیکەی کە دروستی دەکات و مەترسی هەیە بۆ قوتابیان و ئەو ئاڵۆزییەی کە دروست دەبێت لە کاتی دەرچوون و هاتنی قوتابیان و ئەو مەترسییەی کە





لەیادی 18ی شوباتدا

قوتابیان و لاوانی دەڤەری بارزان بۆ خەبات دەدوێن

ڕاپۆرت/ مسلم دزڵەمەڕی

18ی شوباتی هەموو ساڵێک، ساڵڕۆژی دامەزراندنی دوو ڕێکخراوی گرنگی نێو کۆمەڵگای کوردەیانە کە ئەویش ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانە کە لەساڵی 1953لەسەردەستی باوکی ڕوحی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمر ئەم دوو ڕێکخراوە بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانیان و بوون بەشوڕەی پۆڵاین بۆ شۆڕشی کورد بەسەرکردایەتی بارزانیی نەمر دامەزران کە تاکو ئێستاش بە بەردەوامی لە ڕێزی خەباتدان بۆگەیشتن بەئامانجەکانی گەلەکەمان، بۆئەم مەبەستە و ئەم یادە پرشنگدارە قوتابیان و لاوانی دەڤەری بارزان لەڕێگای خەباتەوە پەیامی خۆیان ڕاگەیاند.

سەرتا سالم عیسا، بەرپرسی لقی مێرگەسووری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان گوتی: هەروەک لەدونیادا باوە کە تووێژی قوتابیان بەیەکێک لەتووێژە هەرە کاریگەر و گرنگەکان دادەنرێت و زۆربەی پێشکەوتن و هۆشیاری شۆڕشەکانی ناوکۆمەڵگەش لەسەردەستی قوتابیان هاتۆتە ئاراوە، هەربۆیەش بەهۆی هەستکردن بەگرنگی و بایەخی قوتابیانی کوردستان لەناو سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان بیر لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بەقوتابیان کرایەوە تا قوتابیانی کوردستانیش لەڕێگای ڕێکخراوێکەوە داواکانیان ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکەن بە مەبەستی بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان و هەر لەسۆنگەی هەستکردن بەڕۆڵی قوتابیان لەبزاڤی ڕزگاریخوازیدا ئەوە بوو لەڕۆژی 18ی شوباتی 1953 ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەسەربڕیاری کۆنگرەی سێیەمی پارتی دێموکراتی کوردستان لەسەردەستی بارزانیی نەمر دامەزرا، دوای ئەوە ئەم ڕێکخراوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و بەردەوام داکۆکی لەمافەکانی قوتابیان کردووە و هەمیشە خۆی بەخاوەنی چارەسەرکردنی کێشەکان و پێویستییەکانی قوتابیان زانیوە، هەروەها بۆمافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەمیشە لەبەرگریکردن و تێکۆشان پێشەنگ بووە، هەر بەبۆنەی 67مین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بەناوی خۆمان و هەڤاڵانمان لە لقی مێرگەسۆری ی.ق.ک پیرۆزباییەکی گەرم لەقوتابیانی سنوورەکەمان دەکەین و بەدڵنیاییەوە یادی 18ی شوبات پێنوسەکانمان بەزانستی خۆمان سەردەم بین بۆ بەرگریکردن لەمافەرەواکانی گەلەکەمان، بۆیە بەم بۆنەیەوەش پیرۆزباییەکی گەرم لە خۆم و گشت قوتابیانی کوردستان دەکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ گشت قوتابیان دەخوازم و دووپاتیش دەکەینەوە ئێمە وەک یەکێتی قوتابیان و لقی مێرگەسور بەتایبەتی لە خزمەتی قوتابییانمان دەبین بۆ هەر داواکارییەک و چالاکییەک کە لەتوانامانداا بێت کە بۆ ئەم ساڵیش چەندین چالاکی و بەرنامەی تایبەتمان بەبۆنەی ئەم یادە دەبێت لە ناوەندەکانی خوێندن سنووردا .

هەروەها مەنسور بیرانی، کارگێڕی لقی مێرگەسووری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان گوتی: بێگومان وەک چۆن بارزانی باوک فەرموویەتی قوتابیان سەری رمن لەگشت شۆڕش و ڕاپەرینێکدا، ئێمەش بەبۆنەی ئەم یادەوە کە یادی دامەزراندنی یەکێتییەکەمانە دەڵێین و دووپاتی دەکەینەوە بۆ ڕێبازی پیرۆز و پرلەسەروەری بارزانییەی نەمر کە تا دوا دڵۆپی خوێنمان و تادووا دڵۆپی وەک هەمیشە بەرز ڕادەگرین، بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەکارییەکی تەواومان کردووە بۆ ڕێزگرتن لەم یادە پیرۆزە بەڕێکخستنی چەندین چالاکی جۆراوجۆر لەنێو ناوەندەکانی خوێندن لەم سنووردە.

هەروەها سالم عیسا، بەرپرسی لقی مێرگەسووری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان گوتی: کوردستان بیر لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بەقوتابیان کرایەوە تا قوتابیانی کوردستانیش لەڕێگای ڕێکخراوێکەوە داواکانیان ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکەن بە مەبەستی بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان و هەر لەسۆنگەی هەستکردن بەڕۆڵی قوتابیان لەبزاڤی ڕزگاریخوازیدا ئەوە بوو لەڕۆژی 18ی شوباتی 1953 ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەسەربڕیاری کۆنگرەی سێیەمی پارتی دێموکراتی کوردستان لەسەردەستی بارزانیی نەمر دامەزرا، دوای ئەوە ئەم ڕێکخراوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و بەردەوام داکۆکی لەمافەکانی قوتابیان کردووە و هەمیشە خۆی بەخاوەنی چارەسەرکردنی کێشەکان و پێویستییەکانی قوتابیان زانیوە، هەروەها بۆمافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەمیشە لەبەرگریکردن و تێکۆشان پێشەنگ بووە، هەر بەبۆنەی 67مین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بەناوی خۆمان و هەڤاڵانمان لە لقی مێرگەسۆری ی.ق.ک پیرۆزباییەکی گەرم لەقوتابیانی سنوورەکەمان دەکەین و بەدڵنیاییەوە یادی 18ی شوبات پێنوسەکانمان بەزانستی خۆمان سەردەم بین بۆ بەرگریکردن لەمافەرەواکانی گەلەکەمان، بۆیە بەم بۆنەیەوەش پیرۆزباییەکی گەرم لە خۆم و گشت قوتابیانی کوردستان دەکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ گشت قوتابیان دەخوازم و دووپاتیش دەکەینەوە ئێمە وەک یەکێتی قوتابیان و لقی مێرگەسور بەتایبەتی لە خزمەتی قوتابییانمان دەبین بۆ هەر داواکارییەک و چالاکییەک کە لەتوانامانداا بێت کە بۆ ئەم ساڵیش چەندین چالاکی و بەرنامەی تایبەتمان بەبۆنەی ئەم یادە دەبێت لە ناوەندەکانی خوێندن سنووردا .


سالم عیسا


مەنسور بیرانی


فەرسەت سالح


ئارمان حەکیم


ڕەمەزان هەرنی

کوردستان بیر لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بەقوتابیان کرایەوە تا قوتابیانی کوردستانیش لەڕێگای ڕێکخراوێکەوە داواکانیان ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکەن بە مەبەستی بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان و هەر لەسۆنگەی هەستکردن بەڕۆڵی قوتابیان لەبزاڤی ڕزگاریخوازیدا ئەوە بوو لەڕۆژی 18ی شوباتی 1953 ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەسەربڕیاری کۆنگرەی سێیەمی پارتی دێموکراتی کوردستان لەسەردەستی بارزانیی نەمر دامەزرا، دوای ئەوە ئەم ڕێکخراوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و بەردەوام داکۆکی لەمافەکانی قوتابیان کردووە و هەمیشە خۆی بەخاوەنی چارەسەرکردنی کێشەکان و پێویستییەکانی قوتابیان زانیوە، هەروەها بۆمافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەمیشە لەبەرگریکردن و تێکۆشان پێشەنگ بووە، هەر بەبۆنەی 67مین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بەناوی خۆمان و هەڤاڵانمان لە لقی مێرگەسۆری ی.ق.ک پیرۆزباییەکی گەرم لەقوتابیانی سنوورەکەمان دەکەین و بەدڵنیاییەوە یادی 18ی شوبات پێنوسەکانمان بەزانستی خۆمان سەردەم بین بۆ بەرگریکردن لەمافەرەواکانی گەلەکەمان، بۆیە بەم بۆنەیەوەش پیرۆزباییەکی گەرم لە خۆم و گشت قوتابیانی کوردستان دەکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ گشت قوتابیان دەخوازم و دووپاتیش دەکەینەوە ئێمە وەک یەکێتی قوتابیان و لقی مێرگەسور بەتایبەتی لە خزمەتی قوتابییانمان دەبین بۆ هەر داواکارییەک و چالاکییەک کە لەتوانامانداا بێت کە بۆ ئەم ساڵیش چەندین چالاکی و بەرنامەی تایبەتمان بەبۆنەی ئەم یادە دەبێت لە ناوەندەکانی خوێندن سنووردا .

هەروەها فەرسەت سالح، بەرپرسی ناوەندی بالای مێرگەسووری یەکێتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان گوتی: بەبۆنەی 18ی شوبات و 67مین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە گشت لاوانی سنوورەکەمان، کوردستان و جیهان دەکەین. ڕێکخراوەکەمان لە سەر دەستی سەرۆکی ڕوحی نەتەوەی کورد(مستەفا بارزانی) دامەزرا. (ڕێکخراوەکەمان ڕێکخراوی یەکێتیی لاوان. ڕێکخراوێکی جەماوەری دێمکراتی ئازادە، هەموو ئەو کور و کچە لاوانە لە خۆ دەگرێ کە ئامانجێک کۆیان دەکاتەوە، لە پێناو چەسپاندنی ماف و داخوازییەکانی لاوان و بەشداریکردن لە بونیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی، لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی یەکێتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان، لە ژێر ناونیشانی دروشمی (هێنانەکایەی ئایندەیەکی گەش بۆ لاوان) لە پێناو بونیادنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراسی). ڕێکخراوەکەمان لە ساڵی 1953دامەزرا. پێش دامەزراندنی ڕێکخراوەکەمان (بارزانیی نەمر) فەرمووی "پێویستە لە ژێر سایەی حزبی ئێمەدا لاوان ڕێک بخرێن و هان بدرێن" و" لاوان با ئازاد بن لە کار و بیرکردنەوەیاندا". بریاری هاندانمان لە لایەن سەرکردەکانمان وامان لێدەکات شەو و ڕۆژ نەوەستین، شەونخونی بکەین بۆ ئەوەی لاوێکی تەندروست لە سەر بنەمای پەروەردەیەکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بۆ بنیادنانی کادیرێکی بە ئەزموون دروست بکەین بۆ ئایندەمان.

هەروەها ئارمان حەکیم، بەرپرسی ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوانی بڵێ گوتی: لەیادی 67مین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان سڵاو و درود دەنێرین بۆگیانی پاکی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکەمان بارزانیی نەمر، بێگومان کوردستان نەرژێ. ئێمە وەکو یەکێتیی لاوان بۆ خزمەتکردنی تووێژی لاوان دامەزراوین، بڕواشمان بە خۆیە کە بێ ماندووبوون خزمەت دەکەین بە تووێژی لاوان. سەرۆک و مەرجەعی کوردستان (مسعود بارزانی) دەفەرموێ "یەکێتی لاوانی کوردستان قوتابخانەی پێگەیاندنی نیشتمانپەروەرانە" لە کۆتاییدا سڵاو و درود بۆ گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازیی کورد و کوردستان و سەروەریان (بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریس)ی هەمیشە زیندوو.

هەروەها ئارمان حەکیم، بەرپرسی ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوانی بڵێ گوتی: لەیادی 67مین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان سڵاو و درود دەنێرین بۆگیانی پاکی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکەمان بارزانیی نەمر، بێگومان کوردستان نەرژێ. ئێمە وەکو یەکێتیی لاوان بۆ خزمەتکردنی تووێژی لاوان دامەزراوین، بڕواشمان بە خۆیە کە بێ ماندووبوون خزمەت دەکەین بە تووێژی لاوان. سەرۆک و مەرجەعی کوردستان (مسعود بارزانی) دەفەرموێ "یەکێتی لاوانی کوردستان قوتابخانەی پێگەیاندنی نیشتمانپەروەرانە" لە کۆتاییدا سڵاو و درود بۆ گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازیی کورد و کوردستان و سەروەریان (بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریس)ی هەمیشە زیندوو.

هەروەها ئارمان حەکیم، بەرپرسی ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوانی بڵێ گوتی: لەیادی 67مین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان سڵاو و درود دەنێرین بۆگیانی پاکی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکەمان بارزانیی نەمر، بێگومان کوردستان نەرژێ. ئێمە وەکو یەکێتیی لاوان بۆ خزمەتکردنی تووێژی لاوان دامەزراوین، بڕواشمان بە خۆیە کە بێ ماندووبوون خزمەت دەکەین بە تووێژی لاوان. سەرۆک و مەرجەعی کوردستان (مسعود بارزانی) دەفەرموێ "یەکێتی لاوانی کوردستان قوتابخانەی پێگەیاندنی نیشتمانپەروەرانە" لە کۆتاییدا سڵاو و درود بۆ گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازیی کورد و کوردستان و سەروەریان (بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریس)ی هەمیشە زیندوو.

هەروەها ڕەمەزان هەرنی، بەرپرسی ناوەندی ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان لەم ساتووەختەدا سەروەتێکی گەورە بوو بۆشۆڕش و گەلی کورد، چونکە بووە هۆی کۆکردنەوەی تەواوی لاوان و قوتابیانی کوردستان لە ژێر چەتری پارتیمان کە تاکو ئێستاش بەبەردەوامی لە ژێر ئەم چەترە پیرۆزەدا دڕێژەپێدەری خەبات و ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر و سەروەریان (بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریس)ی هەمیشە زیندوو.

هەروەها ڕەمەزان هەرنی، بەرپرسی ناوەندی ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان لەم ساتووەختەدا سەروەتێکی گەورە بوو بۆشۆڕش و گەلی کورد، چونکە بووە هۆی کۆکردنەوەی تەواوی لاوان و قوتابیانی کوردستان لە ژێر چەتری پارتیمان کە تاکو ئێستاش بەبەردەوامی لە ژێر ئەم چەترە پیرۆزەدا دڕێژەپێدەری خەبات و ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر و سەروەریان (بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریس)ی هەمیشە زیندوو.



کوردستان لە میدیای جیهاندا

ئا: ڕێبوار حەمەلا و شوانی



کورد هوشداری دەدات لە سەرهەڵدانەوەی داعش

Arkansas Online

مەسروور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە پەراوێزی کۆنفرانسی میونشینی ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە کوشتنی ئەبوبەکر بەغدا سەرکردەی داعش لەلایەن ئەمەریکاوە کاریگەری لە توانستی گرووپی توندڕەوی داعش نەکردووە و هۆشداری ئەوەی داوە کە میلیشیاکانی داعش دووبارە سەرهەڵدەدەنەوە. مەسروور بارزانی کە هاوکات ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانە، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە داعش دووبارە خەریکە. خۆڕێکخستنەوەیە و هێرشەکانی لە باکوور و ڕۆژئاوای عێراق زیاد کردووە. لەم ڕووەوە بارزانی لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، نیگەرانی کوردی گەیاندۆتە پۆمپیۆ.



پێویستە سەرجەم لایەنەکان گوزارشت لە حکوومەتی نوێی عێراق بکەن

Middle East Monitor

مەسروور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق ، محەمەد عەلی حەکیم دووپاتی لەسەر پێویستی بەشداری و نوێنەرایەتی سەرجەم لایەنەکان لە حکوومەتی تازەی عێراقدا کرد.هەردوولا جەختیان لەسەر سەقامگیری ڕەوشی عێراق و بەشداری گشت لایەنەکان لە حکوومەتی نوێی عێراقدا کرد کە متمانەی سەرجەم لایەنەکانی هەبێت.



داگیرکاری تورکیا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا یەکڕێزی ماڵی کوردی بەهێزکردووە

Al-Monitor-

بەهۆی گۆشاری ئەمەریکی و پشتگیری جەماوەری، هێزی سەرەکی کوردی سووریا لە ژێر چەتری کەنەکە ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردی ڕەزامەندی وەرگرتووە بۆ کردنەوەی نووسینگەکانی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا. ئەم هەنگاوە ڕێگە خۆش دەکات بۆ یەکڕێزی ماڵی کورد لە دانووستانەکانی داهاتوو لەگەڵ ڕژێمی سووریا. ئەنەکە لە میژدیە ناکۆکی لەگەڵ پەیەدەو پارتی یەکێتی دێمۆکراتی هەیە کە لە پشتیوانی ئەمەریکا لە بەرێوەبردنی ئیدارەی کوردی سوودمەندە. ئەنەکەسە لە میژدیە کادیرانی لەلایەن پەیەدەوە ڕێگری لێدەگیرا کە نەتوانن ئازادانە بجوڵێن و گەلێک لە بەرپرسانی دەخرانە زیندانەوە.

ئێران و کوردستان نیگەرانن لە سەرهەڵدانەوەی داعش

Iran Front Page

وەزیری دەرەوەی ئێران جەواد زەریف و مەسروور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق نیگەرانی خۆیان نیشان دا لەمەڕ سەرهەڵدانەوەی گرووپی تیرۆریستی داعش. هەردوو سەرکردە ڕۆژی یەکشەمە لە کۆنفرانسی میۆنشینی ئەڵمانیا باسیان لە نیگەرانییەکانی چالاکیە تازەکانی گرووپی تیرۆریستی داعش لە عێراق کرد. هەروەها هەردوو سەرکردە ، باسیان لە پرسەکانی عێراق و سووریا و ئەمنیەت و ئاسایش و جەنگی دژ بە تیرۆریزم کرد.

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
سەرۆکایەتی شارەوانی ینەسڵاوە
بەشی مۆڵکایەتی

ژمارە: ١٠٩ / ٤٨٠
ڕێکەوت: ٢٠١٠ / ٢ / ٢٠٢٠

جاڕدان

سەرۆکایەتی شارەوانی بنەسڵاوە هەڵدەستێت بە گۆڕانکاری و هەمواکردنەوەی نەخشەی ناوچەی پیشەسازی نوێی بنەسڵاوەی پەسەندکراوی ژمارە (٥٢٥) لە ١٤ / ١٢ /٢٠١٩ لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە (١٠٨٣٨ / ١ / ك ٨٦ بنەسڵاوە) بەمەبەستی گۆڕینی شوێنی بەنزینخانە بۆ کارگەی پاککردنەوە هەر کەس ڕەخنە و پێشنیاری هەیە لەلایەن دەزگای میریەکان و نیمچە میریەکان با سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی ناوبراو بکات لەماوەی یاسایی کە (٣٠) ڕۆژە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم جاڕدانە.

دارا عمر حسین
سەرۆکی شارەوانی بنەسڵاوە
٢٠٢٠ / ٢ / ١٠

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارە: ٢٠١٩/٤٢٨٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٦

جاردانی کەلوپەلی گلدراوە

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/٤٢٨٦) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم کەلوپەلانەی خوارەوە کەبەبری ٤,٢٦٠,٠٠٠ ملیۆن دینار قرساوە بە لێك زیادکردنی ناشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (هادی روستم صابر البقال) کە بڕەکەی (٣١,٨٠٠,٠٠٠) دینارە جا هەرکەسێ ئارەزووی کرینی هەیە لەماوەی ٣ ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە و بارمتەی یاسایی لەگەڵ خۆی بهێنێ کە لە ١٠٪ی نرخە قرساوەکەیەتی و دەڵالیش لەسەر کریارە.
کەلوپەلەکان:
١- ٢٧ دانە سپلیت جۆراوجۆر بەبری ٢,٧٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.
٢- یەك سپلیت عامودی بەبری ٣٠٠,٠٠٠ هەزار دینار.
٣- ٢٥ دانە سیسم دار یەك نەفەری + ١٢ بوفەی دوو دەرگا. بەبری ٧٥٠٠٠٠ هەزار دینار
٤- ٨ تانکی ئاو بەبری ٤٠٠,٠٠٠ هەزار دینار
٥- میز استقبال بری ٣٠,٠٠٠ هەزار دینار
٦- مزەخەی ئاو بەبری ٥٠,٠٠٠ هەزار دینار.
٧- ٣ دانە جهاز أطفاء بەبری ٣٠,٠٠٠ هەزار دینار.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٦٨٦
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٢/٩

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مۆڵکی ژمارە ١٩/٢٠١ کە کەوتوتە کەرتی ٤٦ وارش دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار کەمال حمید احمد کە گلدانەوەی خاوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی منصور محمد سلطان بەبڕی/ ١٣٠,٠٠٠,٠٠٠ سەدو سی ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەڵالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر شەقامی بحرکەی کۆن نیوان ٣م – ٦٠م ١٩/٢٠١ ك ٤٦ وارش
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو ژمارە (١٩/٢٠١) ٤٦ وارش)
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ پێك دێت لە باڵەخانەیەکی ٣ نهۆمی بە کەم دوکان و مخزن وە نهۆمی دووەم و ستیەم وەك شقفە دروستکراوە
٥ – ڕووبەرەکەی/٢٠٠ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٢١١,٠٠٠,٠٠٠ دوو سەدو یانزە ملیۆن دینار.

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٥

ژمارە:٥٥١٠/ش٥/٢٠١٩

کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقتان بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادەر/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای باری کەسی لە خەبات

ژمارە:٣٩/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٢/٩

جاردان

بۆ داوالێکراو (دیمة یاسر صبحی)

ئاماژە بە داوای ژمارە (٣٩/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (صقر نشوان قحطان) دادگا لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٦ بڕیاری دا بە تصدیق طلاقی خارجی لەنێوان تۆو هاوسەرەکەت بەناوی (صقر نشوان قحطان) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بڕیار درا بەپێی ڕاگەیاندنت بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێ بەپێی یاسا.

دادەر/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای باری کەسی لە خەبات

ژمارە:٢٨/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٢/٩

جاردان

بۆ داوالێکراو (محمود احمد الدیری)

ئاماژە بە داوای ژمارە (٢٨/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (ایة ولید العمر) دادگا لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٦ بڕیاری دا بە اثبات زواج لەنێوان تۆو هاوسەرەکەت بەناوی (ایة ولید العمر) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بڕیار درا بەپێی ڕاگەیاندنت بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێ بەپێی یاسا.

دادەر/ مسعود سعید صدیق

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٢٤٠٣
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٢/٩

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مۆڵکی ژمارە ٣٠/٢٣٢٧ کە کەوتوتە کەرتی ٩٤ باداوە دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار کفیل/ فلاح حسن محمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی کۆمپانیای ملوك بەبڕی/ ٢٨,٢٣٥,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەڵالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر – ژمارە ٣٠/٢٣٢٧ ك ٩٤ باداوە
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ پێك دێت لە دوو خانوو هەر خانوێك پێك دێت لە دوو ژوورو مطبخ و حمام و مرافق لەخوارەوە دوو ژوورو حمام و مرافق لە خوارەوە لەبلۆك کۆنکریت دروستکراوە
٥ – ڕووبەرەکەی/١٩٨,٦٦ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٩٥,٠٧٤,٩٨٧ ملیۆن دینار بەشی کفیل قەرزار.

***

دادگای بەرایی سلێمانی/٣

ژمارە : ٢٧٨٩/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٣

ئاگاداری
بۆ داوالێکراو (ئاسۆ جمال مظفر)
شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (فریدە عیسی محمد) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بەژمارە (٥٣١٤/ش/٢٠١٩) تیایدا داوای (اثبات نسب) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نوسراوی اشعاری مختاری (شاویس) بڕیە دادگا بڕیاری دا بەپێی ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ و ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەڵ هۆی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەڵالیش لەسەر کریارە.
کەل و پەل مەلەوانگە و شوفاز

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

ڕێقەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوك
سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ
مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ٣٥/٣٣٤/٣٥٦
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٢/١٠

ئاگاداری

سپیدی .

دادەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگای کەتنی دەشتی هەولێر

ژمارە:١١٦/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٦

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (دلدار فاروق محمد علی)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەڵ هۆی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەڵالیش لەسەر کریارە.
کەل و پەل مەلەوانگە و شوفاز

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٦

ژمارە:٥٣١٤/ش٦/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠٢٠/١/٢٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (ئاسۆ جمال مظفر)
شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (فریدە عیسی محمد) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بەژمارە (٥٣١٤/ش٦/٢٠١٩) تیایدا داوای (اثبات نسب) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی نوسراوی اشعاری مختاری (شاویس) بڕیە دادگا بڕیاری دا بەپێی ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ و ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەڵ هۆی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەڵالیش لەسەر کریارە.
کەل و پەل مەلەوانگە و شوفاز

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

ڕێقەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوك
سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ
مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ٣٥/٣٣٤/٣٥٦
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٢/١٠

ئاگاداری

ئاگەهداریا هەڤوەلاتییێن بەرێز دکەین کو سەرئێك زێدەکرنا ئاشکرا یا هەی ژبو کرێدانا (١٥) پانزدە کوگەهێن عەلافا بێن ئافاکری ئەوێن ل خارێ دیار بو ماوێ ٣ سێ سالا ل دیف فرۆتن و کرێ دانا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ ل سالا ١٩٨٦ لەوما هەرکەسەکێ بڤێت بەشداریێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێ دا بکەت بلا داخوازیێن خو دگەل دابینکرنا کوژمێ ٢٠٪ وەك بارمتە ژ بهایێ خەملاندنێ بو هەمی ماوێ گرێبەستێ بو سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ پێش کێش بکەت ل ماوێ (٣٠) ڕۆژا ل ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئەف سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل دەم ژمێر (١٠) دەهێ سپێدێ ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ و هەرکەسێ بو بکەڤێت دێ بهایێ بەلافکرنێ و هەمی خەرجییێن پێتڤی کەڤنە ستوێ وی.

١- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢٠٤/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ٣,٠٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٨٠٠,٠٠٠
٢- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢٠٦/١ ڕووبەرەم٧٠,٨/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٣- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢٠٨/١ ڕووبەرەم٧٠,٨/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٤- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢١٠/١ ڕووبەرەم٧٣,٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٥- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢١٢/١ ڕووبەرەم٧٣,٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٦- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢١٤/١ ڕووبەرەم٧٣,٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٧- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢١٥/١ ڕووبەرەم١٦٨/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٨- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢١٧/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٩- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢١٨/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
١٠- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢١٩/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
١١- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢٤٩/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
١٢- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢٥١/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
١٣- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢٥٣/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
١٤- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢٥٥/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
١٥- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢٥٧/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ٣,٠٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٨٠٠,٠٠٠

بلند رضا زبیر
سەروکێ باژێرڤانیا ئاکرێ

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی

ژمارە: ٢٠٥٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٥

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (ELECTRICAL SYSTEM ENGINEERING)
بۆ (بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری کارەبایی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (ELECTRICAL SYSTEM ENGINEERING) بۆ (بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری کارەبایی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٤) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ایاز اوغز درویش) بە بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/٥

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین

ژمارە / ٨٨٥
ڕێکەوت / ٢٠٢٠/٢/٤

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)

دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (MIRDESSAN / بۆ بازرگانی گشتی وهاوردە وهەناردە / سنووردار)وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٤

أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین

ژمارە / ٩٠٠
ڕێکەوت / ٢٠٢٠/٢/٤

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)

دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ژیان / بۆ بازرگانی گشتی / سنووردار)وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٤

أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

ئاگاداری بۆ سەرجەم وەبەرهێنەرانی کوردستان
بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆنگرەی یەکەمی وەبەرهێنەرانی کوردستان ئاگاداری سەرجەم ئەندامان دەکەینەوە کە ڕۆژی (شەممە) ٢٠٢٠/٢/١٧ دوا مۆڵەت بۆ نوێکردنەوەی ئەندامیەتی بەپێچەوانەوە مافی خۆ پاڵاوتن و دەنگدانتان نابێت.
یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (ELECTRICAL SYSTEM ENGINEERING) بۆ (بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری کارەبایی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).
پاکتاوکار/ ایاز اوغز درویش
نانیشان/ هەولێر – هیوا ستی
ژمارە مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٧٥٣٨٦٨

دادگای باری کەسیەتی کۆیە
ژمارە/ ١٧١/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت ٢٠٢٠/٢/٥
ئاگانامە
بۆ/ داوالێکراو (فواد احمد داود) دانیشتوی قەزای کۆیە/ گەڕەکی گردی بەڵام ئیستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە
لەسەر داخوازی هاوسەرەکەت (احمد داود علی) لەداوای ژمارە(١٧١/ش/٢٠١٩)ئەم دادگایە لە بەرواری (٢٠١٩/٩/٢٢) بڕیاری لەسەر دەرکری بە پێدانی بژێوی بەردەوام(النفقة المستمرة) بۆب اوکت (احمد داود علی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەگوێرەی زانیاری ئەنجومەنی شارەوانی کۆیە، وە روونکردنەوەی ئاگادارکەرەوەی دادی لەم دادگایە، وەپشت بەستن بەماددەی(٢١) لەیاسای دادبینی دادگا بڕیاریدا ئاگادرت بکاتەوە بەناوەرۆکی ئەم بڕیارە لەرێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە وەتۆش مافی تانەی نارەزایی و پێداچوونەوەت (الاعتراض والتمییز)ت هەیە لەماوەی (١٠)دە ڕۆژ لەدوای بڵاو بوونەوەی ئەم ئاگانامەیە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ شوان صابر اسعد
***
دادگای باری کەسی تەق تەق
ژمارە/ ١١٣/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت ٢٠٢٠/٢/١
جاردان
بۆ داوالێکراو/ امینە خضر رسول/ کەشوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لەداوای ژمارە(١١٣/ش/٢٠١٩) لەڕۆژی (٢٠٢٠/١/٢٣) بڕیاریدا بە سەلماندنی هاوسەرگیری نێوان تۆو هاوسەری کۆچکردووت بەناوی(ادریس نامق خضر) لەڕێکەوتی(١٩٩٨/٦/٢١) لەسەر هەریەک لە لەمارەیی پێشەکی و پاشەکی(١٠) مسقال زێر عەیار ٢١، وەچەسپاندنی ڕەچەڵەکی هەریەک لە (کاوان و محمد ریباز) لەسەر تۆو هاوسەری کۆچکردووت بەناوی (ادریس نامق خضر)، کە (کاوان ادریس نامق) لەدایکبووی (٢٠٠١/١/١) و (محمد ادریس نامق) لەدایکبووی (٢٠٠٣/٤/٢٢)و (ریباز ادریس نامق) لەدایکبووی (٢٠٠٥/٨/٥) و گشتیان ڕەگەزیان (نێرە) وە ئایینیان (ئیسلام) وە ڕەگەزنامەیان (عێراقی)وە بناری هاوسەریان (سەڵت)وە شوێنی لەدایکبوونیان(سلێمانی - رانیە)یە. وە خستنە ئەستۆت خەرجیەکانی داواو ماندووبوونی پارێزەرایەتی، وەلەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بڕیاری دا بەئاگادارکردنەوەت لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئاگادار بوونت بەبڕیاری ئەم دادگایەو تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی (١٠) دە ڕۆژ لەرێکەوتی بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ محسن صالح محمود
***
ئاگاداری

ئاگادارییا وەبەرهێنەرێت پارێزگەها دهۆکێ دکین بۆ نیکرنا ناسنامێت وەبەرهێنەرایەتی و دانا ئابونێت سالانەییت یەکێتی وەبەرهێنەرانێ کوردستان تایێ دهۆکێ.
دیاهیک ڕۆژ ٢٠٢٠/٢/١٧
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٢١٥/ش/٢٠٢٠/٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (ڕەوەند احمد اسماعیل)
ئامازە بە داوای ژمارە (٢١٥/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (دونیا سربست خالد) و داوالێکراو (ڕەوەند احمد اسماعیل) جۆری داوا (بژێوی-نفقە)، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی ژیان-هەولێر دادگا بڕیاری دا لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٣/١٨ کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت بە پێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکالی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوونەوە/بەدواداچوونەوە
ژمارە/ ١٦٧٦
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٠
ئاگادارکردنەوە
بەپێی بەدواداچوونەوەی لیژنەی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان وە سەردانیان بۆ کارگەی دارتاشی دورستکردنی صندوقی هەنگ لە شقلاوە کە بۆ بەرژەوەندی هەنگەوانانی کوردستان تەرخانکراوە بۆمان دەرکەوت ئەم کارگەیە بەکاردەهێنرێت تەنها بۆ بەرژەوەندی تاکی وە هەنگەوانان سودمەند نەبووینە لەم کارگەیەوە شوێنەکە سیمای بارەگا و ئۆفیسی تیانەماوە و بوویتە حەوانەوەی خانەوادەیەک لەگەل دروستکردنی باخچەیەکی کەسی لەبەردەم ئەم بارەگایە و تەرخانکردنی بەشێک لە حەوشەکەی بۆ بەخێوکردنی هەنگ و بەشێکی تر بۆ بەخێوکردنی مەرو ماڵات و هەروەها هیچ ڕاپۆرتێکتان بەرزنەکردۆتەوە لە ڕۆژی وەرگرتنتان لە سالی ٢٠١٢ تاکو ئێستا بۆیە ئاگادارتان دەکەینەوە لە ماوەی ١٥ ڕۆژ بە لابردنی ئەم زێدەڕۆیانە وە ناردنی ڕاپۆرتی گشت سالەکان وە بەپێچەوانەوە لە دوای ئەو ماوە دیاری کراوە ئەم کارگەیە دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتیان.
د. عبدالرحیم عمر مصطفی
بەڕێوەبەری گشتی
***
ڕێڤەبەریا کومەلگەها دەروازێ ئیبراهیم خەلیل نیڤدەولەتی
بەشێ یاسایی
ژمارە/ ٤١١
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٨
ئاگەهداری
کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل رادگەهینیت کو سەر ئێک زیدە کرنا ئاشکەرا یا هەی ژ بو کرێدانا خارنگەها (بەرلمان) دناف کۆمەلگەهی دا ل جهێ ئاماژەکری بو ماوێ ١٠ دەھ هەیفا هەر کەسێ بڤێت پشکداریێ دڤێ سەر ئێکک زێدە کرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ب ڕێژا ٢٠٪ ژ بهایێ خەملاندنێ پێشکێشی ڕێڤەبەریا کۆمەلگەهێ بکەت دماوێ ١٥ پانزە ڕۆژان دا ژ بلاڤەکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕۆژنامێ دا و ئەڤ زێدە کرنە ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٢/٢٥ ل دەمژمێر ١١ یازدەی سپێدێ دێ ئێتە ئەنجام دان ل دەروازێ و هەرکەسێ بو بکەڤێت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت پێتڤی دێ کەڤنە ستوی وی و بو پتر وەرگرتنا پێزانینا سەردانا دەروازێ ل بەشێ یاساییێ بکەن.
حەمید عەلی ئیبراهیم/ سەرپەرشتێ کۆمەلگەهێ
***
محافظة اربیل
مدیریة العقود العامة
الرقم/ ٣٧
تاریخ/ ٢٠٢٠/٢/١٠
اعلان
م/ مناقصة سریة / الرقم (٥)
تعلن محافظة اربیل / مدیریة العقود العامة/ عن المناقصة السریة لمشروع (نقل لمادة (زیت الغاز) المجهزة للمولدات الکهربائیة في مجمعات ایواء العوائل النازحة في محافظة اربیل الذي یقوم بتنفیذها محافظة اربیل علی المقاول او الشرکة الراغبة في المناقصة مراجعة مدیریة العقود العامة / قسم الحسابات في محافظة اربیل بغرذ استلام نسخة من المناقصة و شروط تنفیذ المشروع اعلاه بشرط ان یقدم المناقصة في ظرف مختوم و مسجل علیه عنوان المقاول او الشرکة و یقدم الی سکرتیر لجنة فتح العطاءات في دیوان محافظة اربیل/ الادارة المحلیة علما ان اخر موعد لاستلام العطاءات الساعة ١٢ ظهرا من یوم الاثنین تاریخ ٢٠٢٠/٢/٢٤.
دائرتنا غیر ملزمة بقبول أوطأ العطاءات و یتحمل من ترسو علیه المناقصة أجور نشر الاعلان.
شروط قبول المناقصة:
- شرکة مختصة بنقل المنتوجات النفطیة واجازتها مجددة لسنة ٢٠٢٠.
- وضع التأمینات البدائیة بمبلغ (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) خمسون ملیون دینار علی شکل صك مصدق او خطاب ضمان مع صحة صدوره من احد المصارف الحکومیة في اقلیم کوردستان او من احد المصارف اهلیة الغیر الحکومیة و یجب ان یتم مصادقة قبل مصرف هریم المرکزي.
- براءة ذمة من دائرة ضریبة الدخل مجددة لسنة ٢٠٢٠.
- سعر بیع العطاءات ٢٥٠,٠٠٠ مائتان و خمسون الف دینار. لا یعاد.
د. فەرسەت صۆفی عەلی
محافظ اربیل

شركة نفط الهلال
Crescent Petroleum

Job Announcement	
Position Title	IT/Network Engineer
Direct Supervisor	Information Technology Manager
Department	Information Technology
Job Location	Khormor – Qader Karam
Job Reference: NE/IT/Feb /20	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS

Installs, configures, and supports Microsoft physical, Virtual servers, local area network (LAN), wide area network (WAN) and Internet. Oversees the daily performance of computers, servers and network gears

Sets up equipment for employee use. Ensures proper installation of cables, operating systems, or appropriate software. Monitors network and communication systems in Khormor to ensure network availability to all system users/IP phones and performs necessary maintenance to support network availability. Installs and performs minor repairs to hardware, software, or peripheral equipment, following design or installation specifications. Refers major hardware or software problems or defective products to vendors or technicians for service. Assists in network modelling, analysis, planning, and coordination between network and data communications hardware and software. Responsible for IT security, firewall, network operation continuity, VPN, load balancer and user access right. Reviews technical manuals, confers with users, conducts computer diagnostics to investigate and resolve problems. Reports to the IT Manager.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENCIAL FUNCTIONS

Network Infrastructure Administration

1. Manages all Networking, server and communication systems at Khormor.
2. Installs, configures, administers and troubleshoots computers hardware, networks, internally developed applications and other general supported software.
3. Plans, coordinates, and implements network security measures to protect data, software and hardware.
4. Analyses network data to determine network usage, disk space availability or server function.
5. Monitors network performance to determine whether adjustments need to be made, and to determine where changes will need to be made in the future.
6. Implements and provides technical support for voice services of IP Phones and private branch exchange.
7. Performs servers' data backups and disaster recovery operations.
8. Diagnoses, troubleshoots and resolves hardware, software or other network and system problems and replace defective components when necessary.
9. Maintains and updates an inventory of all monitors, keyboards, hard drives, modems, printers, scanners, and other peripheral equipment.
10. Aids in the development of business continuity and disaster recovery plans, maintain current knowledge of plan executables, and respond to crises in accordance with business continuity and disaster recovery plans.
11. Takes care of the communication devices, Internet access with FOC/VSAT to make sure the smooth & continuous operation of Business at KM as usual.

شركة نفط الهلال
Crescent Petroleum

Reporting and Communication

12. Reports to the IT Manager on all issues relating to IT network administration within Khormor.
13. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvement of Position

14. Researches new technologies by attending seminars, reading technical articles, or taking classes and recommend changes to improve systems and network configurations, and determine hardware or software requirements related to such changes.

Decision–making Authority

Delegated to take appropriate decision on IT matters in the absence of IT Manager

Working and Other Reporting Relationships

IT Manager	Frequent/daily
Director of Business Services	Occasional when required

Supervisory Responsibility

-

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

- Bachelor of Engineering in IT/Computer science discipline
- Microsoft/Cisco certification is desirable

Minimum Professional Experience Required

4 to 5 years' experience with sound knowledge on MS servers, and Networking equipment

Special Requirements and Conditions

English and Kurdish fluently, Arabic is added advantage to have

Must be physically fit, able to work under severe weather conditions, able to climb towers, ladders and staircases to elevated work platforms to monitor/repair process equipment

شركة نفط الهلال
Crescent Petroleum

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Critical Thinking — using logic and reasoning to identify the strengths and weaknesses of alternative solutions, conclusions or approaches to problems • Complex Problem Solving — identifying complex problems and reviewing related information to develop and evaluate options and implement solutions • Organizing, Planning, and Prioritizing Work — developing specific goals and plans to prioritize, organize, and accomplish your work • Good communication skills in English and Kurdish • Commitment to continuous learning	• Dependability — job requires being reliable, responsible, and dependable, and fulfilling obligations • Attention to Detail — job requires being careful about detail and thorough in completing work tasks • Stress tolerance — job requires accepting criticism and dealing calmly and effectively with high stress situations • Persistence — job requires persistence in the face of obstacles • Achievement/Effort — job requires establishing and maintaining personally challenging achievement goals and exerting effort toward mastering tasks • Innovation — Job requires creativity and alternative thinking to develop new ideas for and answers to work-related problems • Leadership — job requires willingness to lead, taking charge and offering opinions and direction. • Very good team player • Ability to demonstrate honesty and confidentiality	• Excellent telecommunications — knowledge of transmission, broadcasting, switching, control, and operation of telecommunications systems • Experience in troubleshooting & determining causes of errors and deciding what to do about it • Excellent knowledge in Networking & Servers • Exposure to CCTV/Radio/Fiber optic communications • Good knowledge in business Applications/Databases & Plant software • Good knowledge on SCADA/DCS will be an added advantage • Experience in network security, firewall, and access rights management • Successfully enforce IT policies on all computer and internet users equally

Please submit your application or CV to our office addresses as below, no later than 20 February 2020:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR

Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is IT/Network Engineer, Ref: NE/IT/Feb/20)

پەیوەندی حزبی سیاسی بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە



بەهزاد حەویزی



پەیوەندی حزبی سیاسی بە پرۆسەی هەڵبژاردن بەپێی چەند رەگەزو بنەماو گۆڕاوێک لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی دیکە دەگۆڕێ، ئەوەش زیاتر پەیوەستە بە ئەدای حوکمڕانی و جۆری سیستەمی هەڵبژاردن و سیستەمی سیاسی، هەروەها ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و لایەنی هۆشیاریی تاکەکەس، لەو رووەوە و لەو بابەتەدا بە کورتی تیشک دەخەمە سەر دوو نموونە: ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو فەرەنسا.

هەنتگتن، سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئازاد و راست و دروست ئاماژە بەوە دەدات(بۆ ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن سەرکەوتوو بێ و بەئاکام بگات دەبێ ئاستێکی دیاریکراو لە ڕێکخستنی سیاسی هەبێ، گرفتەکە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن نییە، بەڵکە لە فۆرمەڵەبوونی ڕێکخستنەکانە)(1)لەلایەکی دیکەوە جیاوازی لەنێوان هەردوو سیستەمی دوو حزبی و فرە حزبی پەیوەندیەکی بەهێزی بە گشت سیستەمی سیاسیش هەیە، لەو بارەیەوە ئارند لیپهارت(Arend Lijphart) ئاماژە بەوە دەدات، کە"سیگمۆند نویمان پێی وایە ئەو سیستەمە حزبیە جیاینە کاریگەری دوور مەودایان هەیە سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن و زیاتریش بۆ پرۆسەی داڕێژتنی بڕیاری حکوومەت.. ئەو پۆلینکاریە بەپێی ئەو هێڵە-واتە بەگوێرەی ژمارەی حزبەکان- زۆر بەسوود و گەوهەریشە"(2) سیستەمی هەڵبژاردن لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕەگێکی دوور و قوڵی هەیە، بۆیە ئەمەریکیەکان شانازی پێوەدەکەن، ئەمەش بۆ ئەو سیستەمە سیاسیەو پیادەکردنی بنەماکانی دیموکراسی دەگەڕێتەوە کە پرۆسەی هەڵبژاردن بەشێکە لەو بنەمایانە.ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین"سیستەمی حوکمڕانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سیستەمێکی فیدرالییە، بەندە بە جیاکردنەوەی دەسەلاتەکانی حوکمڕانی، کەواتە لەو سیستەمەدا توانای هاوولاتی بۆ گوزارش کردن لە راوبۆچوونەکانی لە میانی هەڵبژاردن و لێکدانەوەی هەڵبژاردن، هەردووکیان کاری قورسن.(3)میکانیزمی کارکردنی حزبە سیاسیەکان لە ئەمەریکا لە چوارچیوەی سیستەمێکە، بریتیە لە: یەکەم:بەرفراوانکردنی جەماوەری دەنگدەران کاتی دامەزراندنی کۆماری ئەمەریکا دەنگدان تەنیا مافی نێرینە سپیپێستەکان خاوەن مولکومالەکان بوو، بەڵام ئەمڕۆ مافی دەنگدان بۆ هەموانە.

دووەم: ئەو پلەوپۆستانەی ڕکابەریی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا، ئەوەش گۆڕانی بەسەرداهات لە ڕووی هەڵبژاردنی سەرۆک و پەرلەمانتارو زۆربەی کاربەدەستان.

سێیەم: شێوازەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، دیارە لەسەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆجیاو پەیوەندیکردن ئامرازو میکانیزمەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیش بەرەوپێش چوون.

لەلایەکی دیکەوە (پرۆسەی هەڵبژاردنی بەرپرسانی پلەوپۆستە گشتیەکان سێ بەشە:دەستنیشانکردنی پالێوراوەکە پرۆسەیەکی نارەسمیە، پالاوتن پرۆسەیەکی ڕەسمیە، هەڵبژاردن، پرۆسەیەکی ڕەسمیەو هاوولاتیان ئەنجامی دەدەن بە تۆمارکردنی ئەو ناوانەی هەیانە بژاردووە)((4پرۆسەی هەڵبژاردن پەیوەندیەکی گرنگ و کاریگەری بە دەنگدەرو ڕەفتاری دەنگدەر هەیە، بۆیە لە چوارچیوەی ئەکادیمیای زانستی سیاسەتی ئەمەریکایی دیراسەکردنی ڕەفتاری دەنگدان لە لکە سەرەکیەکانی بواری(ڕەفتاری سیاسی- Political Behavior)یە، کە ڕەفتاری ڕای گشتی و حزبە سیاسیەکان و..تد، دەگرێتەوە، هەروەها بواری ڕەفتاری سیاسی لکێکی سەرەکی(سیاسەتی ئەمەریکایە-American Politics)" .یەکێک لەو ئاراستانەی ڕەفتاری دەنگدان ئاراستەی دەروونی-کۆمەڵایەتیە، تەرکیز دەخاتە سەر کاریگەری(تەحەزوب- Partisanship) واتە شعوری دەروونی بە ئینتیمای حزبی بەسەر بڕیارەکانی دەنگدانی دەنگدەران، ئەو قوتابخانەیەش ناوی(قوتابخانەی میشیگین- Michigan)ە"(5) کەواتە پەیوەندیەکی پتەو و بەهێز هەیە لە نێوان حزبی سیاسی و پرۆسەی دەنگدان و لێکۆڵینەوە لەسەر خودی دەنگدەر و ئەو فاکتەر و ڕەهەندانەی کار دەکەنە سەر دەنگدانی لە پرۆسەی هەڵبژاردن، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین پەیوەندی حزبی سیاسی بە پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسیی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نموونەیەکی زیندوو و سەرکەوتووە، چوون ڕکابەریی سیاسی و هاوکوفیی بەشداریی نێوان گشت هاوولاتیان و چاودێری هاوولاتیان لەسەر حکوومەت، هاندەدات و زەوینەیان بۆ دەڕەخسێنێ،ئەگەر فەرەنسا وەک نموونەی دووەم وەربگرین، دەبینین حزبە سیاسیەکان و ڕێکخستنی ژیانی سیاسی لەو ولاتە بەزۆری لە دابەشکاریی چینایەتی و نەریتە ئاینیەکان سەرچاوەی گرتووە، هەروەها پرۆسەی سیاسی بە گشتی و سیستەمی حزبی بەتایبەتی لە ولاتێکی وەکو فەرەنسا گەلەک بەرزونزمی بەخۆوە بینیوە.

ئەگەر ئاوڕێک لە رابردووی پەیدابوونی حزبی سیاسی لە فەرەنسا بدەینەوە روون دەبێتەوە، کە حزبە فەرەنسیەکان، ئەوانەی زۆربەی دەنگدەرانیان بۆ ماوەیەکی زۆر دەنواند لە ناوەوە نەشوئمای کردووە، واتە پلە بەپلە لە کۆمەڵەکانی نێو دەسەلاتی یاسادانان، ئامانجی سەرەکی ڕێکخستنەکانی حزبی لەسەر ئاستی بازنە ناوخۆییەکانی هەڵبژاردن، فەراهەمکردنی هەڵبژاردن بوو یا دووبارە هەڵبژاردنی ئەو ئەندامانەی سەر بە کوتلە یا تۆژەکانی دەسەلاتی یاسادانان بوون لە پەرلەمان، لەلایەکی دیکەوە چەمکی حزبی سیاسی پەیوەست بووە بە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە فەرەنسا بۆیە حزب هەبووە لەناوچووەو هی دیکەش دامەزراوە بۆیە مێژووی حزبە سیاسیەکانی فەرەنسا هەویرێکە زۆر ئاو کێشە. بۆ نموونە: لە سالی(1988) تێکڕای ژمارەی ئەو کەسانەی دەنگیان نەدا زۆر زیادی کرد، گەیشتە لە43.3% ەو ڕێژە بەرزوزۆرەی دەنگ نەدان دوور کەوتنەوەیەکی سەیرە لەو بنکە جەماوەریە ئەودیاردەیە پەیوەستە بە دیاردەیەکی گەورەتر، ئەویش گۆڕانی سیستەمی حزبیە لە کۆتایی حەفتاکان متمانەی دەنگدەران بە هەموو حزبە سیاسیەکان پاشەکشەی کرد، جا دەنگ نەدان دیوێکی گۆڕانی بونیاتگەریی سەرەکیە لە سیستەمی حزبی فەرەنسایی. دیموکراسیەتی فەرەنسا لەسەر فرەیی حزبی و رکابەریی هەڵبژاردن دامەزراوە، هەروەها ئازادی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و ملکەچی بۆ ویستی زۆرینە، لەلایەکی دیکەوە چالاکی حزبە سیاسییەکان و کاریگەریان مەحکومە بە سروشتی سیستەمی سیاسی و حزبی و هەڵبژاردن.چالاکی سیاسی حزبەکان و گرنگیان لە فەرەنسا لە کاتی هەڵبژاردندا بەدیاردەکەوێ، چوون دەستووری فەرەنسی وەزیفەی حزبەکان لە چوارچیوەی پرۆسەی هەڵبژاردن دیاری دەکات. واتە ئیرادەی سیاسی گەل تەنیا لە میانی کارتی دەنگدان لە ماوەی هەڵبژاردن گوزارش لە خۆی دەکات.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لە ئەمەریکادا حزبەکان زیاتر بەتەنگ دەسەلاتەوەن لەوەی چالاکی ڕێکخستن ئەنجام بدەن، ئیعتیباراتی هەڵبژاردن زۆر گرنگترە لە پرۆسەی بڕیار وەرگرتن لە کۆنگرێس، بەڵام لە کۆمارەکانی پێشووی فەرەنسا نە حزبی سیستمازەکراو نە هەڵبژاردنی شەعبی دەسەلاتی جێبەجێکردن، بوونیان نەبوو.

سەرچاوە:

1-د.اسامه الغزالی حرب، الاحزاب السیاسیه فی العالم الثالث، عالم المعرفه، الکویت، 1987، ص32.
2- ارنت لیبهارت، الدیمقراطیه التوافقیه فی مجتمع متعدد، ت: زینه، حسنی، معهد الدراسات الاستراتیجیه، بغداد، بیروت، 2006، ص27.
3- ال ساندی مایسل،الانتخابات والاحزاب الامریکیه،ت: خالد غریب، مؤسسه هنداو، القاهره، 2014،ص16.
4- جابرییل الموند و بنجهام باول، السیاسه المقارنه فی وقتنا الحاضر، ت: عبدالله، هشام، الدار الأهلیه للنشر والتوزیع، المملکه الاردنیه الهاشمیه، عمان، 1988، ص977).
5 - ولید بن نایف السدیری، العقلانیه فی سلوک التصویت الانتخابی، مرکز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتیجیه، دوله الأمارات العربیه المتحده، أبوظبی، 2012، ص19.

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1797:
هێزە سەربازیەکانی فەرەنسا هێرشێکی سەرنەکەوتوویان کردە سەر خاکی شانشینی یەکگرتوو.



سالی 1903:
ئەمەریکا تاهەتایە کەنداوی گوانتانامۆی لە کوبا بەکرێ وەرگرت.



سالی :1919
بینیتۆ مۆسۆلینی پارتی فاشی لە ئیتالیا دامەزراند.



سالی 1944:
یەکێتی سۆڤیەت بە زەبری هێز ژمارەیەکی زۆری چیچانیەکانی لە ناوچەکانیان ڕاگواست.



سالی 1991:
لە جەنگی دووەمی کەنداودا هێزەکانی هاوپەیمانان گەیشتنە ناو خاکی عێراق.



سالی 2018:
لەبەردەم مزگەوتێکی شاری بەنغازی لیبیا ئۆتۆمبیلێک تەقیەوە و دەیان کوژراو و بریندار لێ کەوتەوە.

رژێمی ئەسەد و ڕێگای خێرای M5



تا: هەندرین شێرزاد

دەکرێ بڵێین بە درێژایی ماوەی شەڕی نێوان رژێمی سووریا و گرووپە چەکدارە بەرهەڵستەکانی ئەم وڵاتە ، ئەم ڕێگا نێودەوڵەتی و ستراتیژیە یەکێک بووە لە ئامانجەن هەرە سەرەکیەکانی سەرجەم لایەنە شەڕکەرەکان. ئەمڕۆش دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر ئەو شەڕە ، سوپای ئەسەد بە هاوکاری سوپای ڕووسیا خەریکە جارێکی دیکە کۆنترۆڵی ئەم ڕێگایە دەکاتەوە. ئێم 5ئەو ڕێگا خێرایەیە کە دیمەشقی پایتەخت بە شاری حەلەب دەبەستێتەوە و لەلایەن سوریەکان بە ڕێگەی نێودەوڵەتی ناسراوە و لە ڕاستیشدا ئێستا بە کلیلی کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی خاکی سووریا دادەنرێ.

هەشت ساڵ شەڕ

ساڵی 2012ڕژێمی ئەسەد قۆناغ بە قۆناغ کۆنترۆڵی ئەو ڕێگا سەرەکیەی لەدەست دا ، واتە لەو کاتەی ژمارەیەک گرووپی چەکدار کەوتنە شەڕکردن لە پێناوی ڕووخاندنی رژێم و دەستیان بەسەر چەندین ناوچەی وڵاتدا گرت.سەرەتا لە ساڵی 2011خەڵک بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی هەڵڕژانە سەر شەقام و لە پڕێکدا ئەو ناڕەزاییانە بوونە شۆڕشێکی چەکداریی و دواتریش شەڕی ناوخۆ ، لە بەرامبەردا حکوومەتی سووریا کەوتە ئازاردان و بنبڕکردنی هەموو ئەوانەی دژایەتی رژێمیان دەکرد. هێزەکانی سەر بە ئۆپۆزسیۆنیش کە بەشێکیان لەلایەن تورکیاوە پشتگیریان کرا، کەوتنە شەڕێکی توند لەگەڵ سوپای ئەسەد و ئەوان پێیان وابووە ئەم ڕێگە خێرایە بناغەی یەکخستنی ئەو ناوچانەیە کە رژێمی ئەسەدیان تیادا وەدەر نراوە . ئەمڕۆش بە لەدەستدانی ڕێگای ئێم 5بەرەی ئۆپۆزسیۆن گورزێکی کەمەرشکێنی بەرکەوت و ئەوان لە باکووری رۆژئاوای سووریا کەوتنە مەترسیەکی گەورە.



دەربارەی ڕێگای M5

ڕێگایەکی خێرای ستراتیژیە و لە باشووری سووریا، لە نزیک سنوورەکانی ئوردن دەست پێدەکات و تا باکوور و شاری حەلەب درێژ دەبێتەوە ، واتە تا نزیک سنوورەکانی تورکیا.

ئەو ڕێگا خێرایە کە درێژیەکەی 450کیلۆمەترە ، چوار شار و چەندین ناوچەی دیکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، لەوانە: دیمەشق و حمس و حەما و حەلەب و بەناو پارێزگای ئیدلبیش تێپەڕ دەبێ.

بەر لە بەڕابوونی شەڕ، ئەم ڕێگا نێودەوڵەتیە یەکێک بوو لە شادەمارە ئابووریەکانی سووریا و ڕێگەی گواستنەوەی سەرەکی کەرتی پیشەسازی حەلەب بووە ، بەڵکو ڕۆژانە بە بڕی 25ملیۆن دۆلار کەلوپەلی پێدا گوازراوەتەوە.

ئەو کاتە ئێم 5ڕێڕەوێک بووە بۆ گواستنەوەی گەنم و پەمۆ لە ڕۆژهەڵات و باکووری سووریا بەرەو ناوچەکانی دیکە، هەروەها بۆ ئاڵوگۆڕی کەلوپەل لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی وەک ئوردن و سعودیە و وڵاتانی دیکەی عەرەبی و تورکیا بەکار هێنراوە.

مانای کۆنترۆڵکردنەوەی ئێم 5

هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕەوە،کە تا ئێستا بەهۆیەوە نزیکەی نیو ملیۆن کەس کوژراوە و نیوەی دانیشتوانی وڵاتیش پەرتەوازە و ئاوارە بوون، کۆنترۆڵکردنەوەی ئەم شارتیە لە سەرووی ئامانجەکانی ڕژێمی ئەسەد بووە.

لە سەرەتای ساڵی 2014 وە ڕژێمی سووریا چەند بەشێکی ئەم ڕێگایەی کۆنترۆڵ کردۆتەوە ، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ڕووسیا خۆی خزاندە نێو شەڕەکە و ئەمە جارێکی دیکە تەرازووی هێزی بۆ بەرژەوەندی ئەسەد وەرچەرخاندەوە.

ئەمڕۆ سەرجەم ئەو شار و شارۆچکە و گوندانەی دەکەونە نزیک ڕێگای ئێم 5 بە تایبەتی غۆتە و چەند گەرەکێکی دیمەشق ، بوونەتە وێرانە لە ئەنجامی ئابلۆقە و بۆردومانێکی درێژخایەن و بەردەوام لەلایەن ڕژێمی ئەسەد. لە کۆتاییشدا کۆنترۆڵکردنەوەی حەلەب لە کانونی یەکەمی 2016 لەلایەن ڕژێمی ئەسەد و سوپای ڕووسیا ، بە پێشهاتێکی گرنگی ئەو شەڕە دادەنرێ.

ئۆپۆزسیۆن چۆن شکستی هێنا؟

بە گوێرەی ڕێککەوتنێک کە لە مانگی ئەیلوڵی 2018لە نێوان ڕووسیا و تورکیا مۆرکرا، دەبوایە هەردووک ڕێگەی خێرای ئێم 4و ئێم 5بۆ هاتوچۆکردن بە کراوەیی بمێننەوە ، بەڵام ئەمە جێبەجێ نەکرا ، لە کۆتاییشدا سوپای ئەسەد هێرشی کردە سەر شاری ئیدلب و ناوچەکەی کۆنترۆڵ کرد.

هێزەکانی ئەسەد بە پشتگیری سوپای ڕووسیا لە هێرشەکەیاندا بۆ سەر ئیدلب چەندین شار و شارۆچکە و گوندی نزیک ڕێگاکەیان کۆنترۆڵ کردەوە و سەرەتا بە خان شێخون دەستی پێکرد و گواستنەوە لە سووریا ئازاد کرا و لەژێر دەستی چەکدارانی ئۆپۆزسیۆن هێنرایە دەر.

بایەخی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕێگای ئێم5

کۆنترۆڵکردنەوەی ڕێگای ئێم 5بە یەکێک لە گرنگترین سەرکەوتنە گەورەکانی رژێمی ئەسەد دادەنرێ لە ساڵی 2015ەوە ، ئەمەش بێگومان بە یارمەتی و پشتگیری ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕووسیا و ئەو میلیشیایانەی لە دەرەوەی سووریا هێنراون.

ڕێگەی ئێم 5یەکێکە لە شادەمارە سەرەکیەکانی سووریا ، بەو پێیەی دوو سەنتەری سەرەکی هێز لە سووریا بەیەکەوە گرێ دەدات ئەوانیش دیمەشقی پایتەخت و شاری حەلەبی پیشەسازین.

لە ناوچەی سەراقب هەردووک ڕێگەی ئێم 5و ئێم 4 دەگەنەوە یەک ، بەمەش دەرفەتی هاتوچۆ لە دیمەشقەوە بەرەو ناوچە کەناراویەکانی لازقیە و بەندەرەکان والا دەبێ.

لە چەند ناوچەیەکی نزیک ئەم ڕێگایە هێشتا شەڕ درێژەی هەیە و چەند ناوچەیەک بە دەستی چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنەوە ماون ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەنگاوەی ڕژێمی ئەسەر هەوڵێکە بۆ دووبارە بەیەکەوە بەستنەوەی ئەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆلی خۆیدا مابوون.

ئەمڕۆ سەرجەم ئەو شار و شارۆچکە و گوندانەی دەکەونە نزیک ڕێگای ئێم 5بە تایبەتی غۆتە و چەند گەرەکێکی دیمەشق ، بوونەتە وێرانە لە ئەنجامی ئابلۆقە و بۆردومانێکی درێژخایەن و بەردەوام لەلایەن ڕژێمی ئەسەد

دواتر مەعەرەتولنوعمان و سەراقب و شوێنی تر.

دوایین جار سوپای ئەسەد کۆنترۆڵی دوایین بەشی ڕێگاکەی کرد کە بە دەستی چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنەوە مابوو لە ناوچەی خان عەسەلی باشووری رۆژئاوای حەلەب ، بەمەش تەواوی ڕێگای خێرای ئێم 5کەوتەوە دەستی رژێمی ئەسەد.

لە جیاتی رژێمی ئەسەد، وەزارەتی بەرگری ڕووسیا ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوە کرد کە گرنگترین شادەماری

مانشێت



سکای نیوز:
حکوومەتی ڕووسیا ڕایگەیاند کە لەسەر داوای ئەمەریکا ، دەسەلاتدارانی ئسپانیا بەرپرسێکی ڕووسیان دەستگیر کردووە .



ئەی ئێف پی:
لە ئیتاڵیا کەسێک بەهۆی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کورۆنا گیانی لەدەست دا .



ئیلاف:
بیرنی ساندەرزی کاندیدی کۆماریەکان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا داوای لە ڕووسیا کرد دەست لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی وڵاتەکەی وەرنەدات.



ڕۆیتەرز:
بڕیار وایە ڕۆژی 29ی فێبرایەر ئەمەریکا و تاڵیبان ڕێککەوتنی ئاگربەست لە ئەفغانستان مۆر بکەن.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
دوای هێرشەکەی چەند ڕۆژی ڕابردوو لە شاری هاناو، حکوومەتی ئەڵمانیا هۆشداری دا لە ئەگەری زیادبوونی مەترسی ڕاستڕەوەکان.



کەنالی ئار تی:
سەرۆکی باشووری سودان بۆ جاری دووەم سەرۆکی یاخیبوانی کردەوە بە جێگری خۆی.



هۆڵەندا...

کۆمەڵەی کوردی موردایک.. 15ساڵ خزمەت بە هونەر و کلتووری ڕەسەنی کوردی

ساسان دەروێش / هۆڵەندا

لە نێو چەندین نەتەوەی جیاواز و نیشتەجێی هۆڵەندا، هەبوونی کۆمەڵە و ڕێکخراوی جیاواز بەخۆیان کە گوزارشت لە ناسنامە وکلتوری هەریەکەیان دەکات ، بەفەرمی لە نێو هۆڵ وشوێنە گشتیەکان چالاکی هەمەچەشنە ئەنجام ئەدەن ، بۆنە نیشتیمان و نەتەوەییەکانیان بەرزڕادەگرن، نەوەکانیان غافڵ ناکەن لە بوونی خۆیان ، دیارە گەلی کوردیش لەنێو هەموو ئەم کلتورانەدا ، بەپێی توانای خۆی و دەرفەتی بۆ ڕەخسابێت بەهیمەتی دڵسۆزانی کورد و کوردستان ، چرایەکیان داگیرساندەوە بۆ هیوا بوونی کورد.و کۆکردنەوەیان لەژێر یەک چەتری نەتەوەیدا، ڕووناکیان خستۆتە سەر ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد، بۆ ئەو مەبەستەش 15ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری و کلتوری لە چوارچێوەی یاساو ڕیساکانی وڵاتی هۆڵەندا لە ڕۆژی خۆشەویستیدا لە 2/2005بەفەرمی مالێکی بۆ هەموان ئاوەدانکرد، لەیەکێک لە شارۆچکەکانی باشووری هۆڵەندا لە زیڤن بێرخن بەسەرپەرشتی لەتیف عومەری شاعیر و نووسەر وهاریکاری هاوژینەکەی خاتوو خۆشی و چەند برادەرێکی هونەر دۆست و ئەدەب دۆست بەمەبەستی خزمەتکردن بەکلتوری کوردی لە تاراوگە، کە لە ماوەی ڕابردووشدا چەندین چالاکی هەمەڕەنگی کلتوری کوردی و هۆڵەندای پێشکەشکردوە ، زۆرترین ڕەوەندی کوردی و هۆڵەندی لە ئامێزی خۆی کردوە لە بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانمان و چالاکی هەمەچەشنە بۆ ئەدەب و هونەر و ئافرەتان و منداڵان و وەرزش و گرێدانی دۆستایەتی کورد و هۆڵەندی و نەتەوەکانی تر تۆمارێکی جوانی پر لەسەروەری بۆخۆی و نەوەکانی کوردی تۆمارکردوە ، بۆ بەرزڕاگرتن و مانەوە وپێشکەوتنی زیاتر بەبۆنەی 15ساڵ لە دامەزراندنی و ڕۆژی خۆشەویستی کۆمەڵەی کوردی موردایک، ئێوارەیەک پڕ لە خۆشەویستی ودنیای شیعرومیوزیک وخوانێکی گشتیان سازکرد بەئامادەبوونی بەشێک لە ڕەوەندی کورد و هۆڵەندای ، خاتوو دالیا ئەندامی دەستەیی کۆمەڵەکە بەخێرهاتنی هەموانی کردو دواتر وتەی کۆمەڵەکە لەلایەن لەتیف عومەری بەڕێز پێشکەشکرا،پاشان لە نێو دنیای شیعر و میوزیک و گۆرانی و هەڵپەڕکێ و پرسیارو وەڵام لەسەر زانیاری گشتی و کوردەواری و خواردنی خوانێکی گشتی و کوردەواری لە خواردنە کۆنەکانی کورد وژەنینی عود لەلایەن بژار حەمدی هونەرمەند، یادی دامەزرانی 15ساڵەی کۆمەڵەکەیان پیرۆزکرد ، لەمبارەیەشەوە لەتیف عومەری سەرپەرشتیاری کۆمەڵەکە بۆ ڕۆژنامەی خەبات دوا: پیرۆزبایی لە خۆمان و هەموو دڵسۆزانی ڕەوەندی کورد لە تاراوگە و هۆڵەندا دەکەم ئەگەر پشتگیری و بەدەنگەوە هاتنی ئەوان نەبێت هیچ کات نەمان دەتوانی مۆمی 15ساڵەی کۆمەڵەکەمان داگیرسێنین، ئێمەش چارەنووسمان وەک هەموو ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیانەی هەبوون ومالئاواییان کرد وجیان هێشتین، بەڵام بەهیمەتی هەموولایەک لەسەر پەیڕەوی کوردایەتی و کۆکردنەوەی هەموو ڕەنگ و دەنگەکان بە هەموو جیاوازییەکانەوە و خۆدۆزینەوەیان لەنێو کار و چالاکییەکان و دوور لە حیزباتی تەسک ڕەنگدانەوەیان هەبووە، لە ئێستاشدا لە خۆڕادەکردنداین بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی جەژنی سەری ساڵی کوردی و نەورۆز.

ڤیدیۆ گەیمی مۆبایل بەردەست کرا

کۆمپانیای Activisionبەهاوکاری Tencentڤیدیۆگەیمی نوێی Call of Duty بۆ مۆبایلە زیرەکەکان بەردەست کرد و بڕیارە بگاتە ئەمریکای باکور و باشور و ئەورووپا.

بەپێی زانیارییەکانی وێبسایتی Fonearenaی ئەم ڤیدیۆگەیمە چەندین نەخشە و شێوە و چەک و کەسایەتی جیاوازی بۆ دانراوە لەهەموو جیانەوە و کەسایەتییەکانی نێو (Call of Dutyو Black Opsو Modern Warfare)ی تێدا بەردەستە. شایەنی باسە یارییەکە جیادەکرێتەوە بەبوونی کاری ڕکابەری ڕووبەڕوو، کە تێیدا لێتاتوویی دژی یاریزانیتر لەجیان لەخۆدەگرێت و یاریی بەتاک یان بەتیم یان Free for allی تێدایە.



ڕانیا یوسف: کچەکانم داوام لێدەکەن خۆشەویستی بکەم

هونەرمەندی ناوداری میسری ڕانیا یوسف کە زۆرجار ڕۆڵی ورووژاندنیش دەبینێ لە سینەماکان لە دان پیانانێکیدا بۆ گۆڤاری هونەری زەهرەتولخەلیج ئاشکرای کرد، کەوا هەردوو کچەکانی (یاسمین و نانسی)داوایان لێ کردووە خۆشەویستی بکات و جارێکی تر هاوسەرگیری بکاتەوە، بەڵام ئەو مەرجانەی هەردوو کچەکانی ڕانیا بۆ پیاوەکەیان دیاری کردووە لە پیاوەکانی سەر ڕووی زەمین دەست ناکەوێ... شایەنی باسە کچە گەورەکەی ڕانیا یوسف تەمەنی چواردە ساڵەو ئێستا لە پۆرقەکردندایە تاوەکو لە پاڵ دایکی ڕۆڵی کچ و دایک بگێرن، سینارستەکان و دەرهێنەرەکانیش پێیان وایە کە ئەو کچە ئایندەیەکی باشی دەبێت.

پێشبینیەکان بۆ ساڵی 2030 چین؟







ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: د.عەلی عەباس، مامۆستای زانکۆ و وەرگێڕ

پێی دەڵێن سەردەمی زۆر خێرا و سەرنجڕاکێش Exponential Age

- پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆجیا: داهێنان و دۆزینەوەی خێرا و سەرنجڕاکێش...ڕۆبۆت و تەیارەی بێ فڕۆکەوان و ئۆتۆمبیلی بێ شوفێر و داتای یەکجار زۆر و نانۆتەکنۆلۆجی و بایۆتەکنۆلۆجیو و زیرەکی دەستکرد و ...هتد drones driverless cars or self-driving cars. Also big data, bio-technology, nanotechnology and robotics, artificial intelligence

بە شارستانیبوونی خێرای جیهان: زۆربەی خەڵکی لە شار دەژین:

- پیربوونی دانیشتوانی گۆی زەوی

- پێشبینیدەکرێت ژمارەی دانیشتوان بگاتە 8.5 هەشت ملیار و نیو، کە ئێستاکە 7.3 حەفت ملیار و سێسەد ملیۆنە، واتە ملیارێک و دووسەد ملیۆن زیاد دەکات.

-گۆڕانکاری لە هێزی ئابووری جیهانی: چین و هیندستان دوو هێزی کاریگەر دەبن، بەتایبەتی چین کە کاریگەری بەقەد ئەمریکا دەبێت.

-ململانێ سیاسی و جیۆسیاسی و ئابووری و دبلۆماسی زیاتر دەبن لە سەر ئەم پرسانە: ئاسایشی وزە energy security، ئاسایشی تەکنەلۆجیای زانیاری cyber security، گۆڕانکاری کەش و هەوا، کۆچکردنی بەکۆمەڵ یان بە لێشاو mass migration، جەنگی زانیاری information or cyber war-fare...

-لاوازبوونی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتوەکان UN: زیاتر گرنگی بە پرسی (نەرم) دەدات وەک هاوکاری مرۆیی و پەرەپێدانی بەردەوام و sustainable development ... humanitarian assistance and

-کەمبوونی سەرچاوەکان: ئاو، خۆراک، دارستان، نەوت و گاز و وزە. زیاتر پشت بە سەرچاوەی وزەی نوێبوەوە (Renewable Energy Resources)دەبەستێت، وەک خۆر، با، باران، شەپۆلەکان و گەرمی دروستکراو ...

- گۆڕانکاری کەش و هەوا: ترسناکە، چەند شارێکی بەناوبانگ ژێرئاو دەکەون بەتایبەتی لە ئەمریکا و ئەندەنوسیا و تایلەندو مالدیڤ و چەند شارێکی تر .هەروەها بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی گۆی زەوی و توانەوەی بەستەڵەکی جەمسەری باکوور ئاستی ئاو لە دەریا و زەریاکان بەرز دەبێتەوە کارەساتی سروشتی زۆری بەدوادا دێت وەکو لافاو و زریان و ڕۆچوونی زەوی و تسونامی و لە هەندێ شوێنیش وشکەسالی و بەبیابان بوون ڕوودەدات. ئەمانەش دەبێتە هۆی ئاوارەبوونی ملیۆنان خەڵک و دیاردەی (کۆچی ژینگە) ڕوودەدات، واتە کۆچکردن لەبەر هۆکاری ژینگەیی climate refugees.

-ئەمانە جگە لە لایەنە ئەرێنیەکان، زۆر ئاکامی خراپ و نەخوازراویان دەبێت.

-بە گشتی، لە بواری سیاسی ڕشبینیەک هەیە، بەڵام لە بواری ئابووری تۆزێک گەشبینی هەیە.

سەرچاوە: لە ئەنتەرنێتەوە وەرگیراوە و پوختکراوەتەوە.

چاپکراوی نوێ..

پەرتووکی.. ئاسایشی کۆمەڵایەتی «تاک، خێزان، کۆمەڵگە» جۆگای کوردی لە هەمبەر مەترسی داڕمانی بەها مرۆییەکاندا بڵاوکرایەوە

خەبات: دلێر ئیبراهیم

لەلایەن موقەدەمی پۆلیس (سالار تەحسین سەیدۆ دری) بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لە سۆران، بەم دواییە پەرتووکێکی نوێ بەناوی ئاسایشی کۆمەڵایەتی (تاک، خێزان، کۆمەڵگە) جۆگای کوردی لە هەمبەر مەترسی داڕمانی بەها مرۆییەکاندا، بە تیراژی (١٠٠٠) دانە بڵاوکرایەوە، کە لە (٩) بەشی سەرەکی و (١٦٠) لاپەرە پێکهاتووە، لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە هەولێر چاپکراوە.



گوزارشتە لە هەر سێ ڕەهەند و پێکهاتووە لە: (تاک، خێزان، کۆمەڵگەو دۆخی هەنووکەیی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا). ئەمە پێنجەمین پەرتووکی موقەدەمی پۆلیس (سالار تەحسین سەیدۆ دری)یەو ڕەشید مستەفا ئەردوێلی ئەرکی چاپکردنی پەرتووکەکەی گرتۆتە ئەستۆ د. عەبدولڕەحمان سدیق و مامۆستا عزیز یاسین پێشەکیان بۆ نووسیووە.

شایانی باسە نووسەر تا ئێستا پێنج کتێبی لە بوارەکانی ژینگەی ترافیک و ئەتەکێتی پۆلیسی هاتوچۆ خێزان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.



لە یارییەکانی خولی نایابی کوردستاندا:

بەبردنەوەی لەزاخۆ، پێشمەرگەی هەولێر پێشەنگی بە نەورۆز چۆلکرد

کلاسیکۆی هەولێر و برایەتی بەیەکسان بوون کۆتایی هات

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

ئەم هەفتەیە لەگەڕی پازدەهەمینی خولی نایابی کوردستان چەندین یاری گرینگ بەرێوەچوو ،لەگرینگترین یاریشدا هەردوو دێربی هەولێر و برایەتی لەیاریگای فرەنسۆ هەرێری بەرێوەچوو، یارییەکە بەیەکسانبوونی هەردوو یانە بەگۆڵێک کۆتایی هات و هەردوولا بەخاڵێکی یارییەکە رازی بوون، بەم ئەنجامە یانەی هەولێر بەکۆکردنەوەی 18خاڵ لەپلەی حەوتەمی ڕێزبەندی خولەکەدا جێگیر بووە، لەبەرانبەردا یانەی برایەتی بەم یەکسانبوونە کۆی خاڵەکانی بوو بە 20خاڵ هەرلە پلەی شەشەمی ڕێزبەندی خولەکە مایەوە.

لەیاری دووەمدا و لەسەریارێگای پیرمام هەردوو یانەی پێشمەرگەی هەولێر و زاخۆ بەیەکگەیشتن، یارییە لەکەش وهەوایەکی ساردا بەرێوەچوو، لەگێمی یەکەمدا هەردوولا بەشێوەیەکی مامناوەندی یاریبان دەکرد، بەتایبەتی تیپی خاوەن یاریگا هێرشەکانی زیاتر دەبیندران بەپێچەوانەی تیپی میوان، یاریزانانی پێشمەرگەی هەولێر چەند دەرفەتێکیان لەدەستدا بەمەبەستی گۆڵ تۆمار کردن، ئەوەبوو گێمی یەکەم بەبێ گۆڵ یارییەکە کۆتایی هات.

لەگێمی دووەمدا ڕاهێنەرانی هەردوو یانە پلان و تاکتیکی یارییەکەیان گۆڕی، هەردوولا بۆ زوو گۆڵ تۆمار کردن هێرشیان دەکردە سەر گۆڵی یەکتر، زاخۆش چەند دەرفەتێکی ئاسانیان لەدەستدا کەدەیانتوانی ئەنجامی یارییەکە لەبەرژەوەندی خۆیان یەکلایکەنەوە، بەڵام پەلەکردن وڕێگری هێڵی بەڕێگری پێشمەرگەی هەولێر بووە ئاستەنگ لەبەردەم هێرشبەرەکانی تیپی میوان کەگۆڵ تۆمار بکەن، پاشان لەخولەکی 91ی زیادکراوی یارییەکەدا لەڕێگەی عومەر سەدام گۆڵی یەکەم وسەرکەوتن تۆمار کرا، بەم ئەنجامە پێشمەرگەی هەولێر بەکۆکردنەوەی 25خاڵ هاتەپێشەنگی یانەکان و یانەی نەورۆزی لەپێشەنگ دوورخستەوە.

ڕێزبەندی هەفتەی پازدەهەمینی خولی نایابی کوردستان لەپلەی یەکەم تاپلەی سێیەم بەمشێوەیە دەبێت: -1پێشمەرگەی هەولێر 25خاڵ 2- نەورۆز 23خاڵ 3- دهۆک 22خاڵ.

فۆتۆ: پێشتیوان ڕەشید



مارسیلۆ سەری لە زێدان شێواندووە

ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی لە ئیسپانیا دەڵێت، وەرزی ئێستا سەلماندی، ئاستی ڤێرلاند مێندی، بەرگریکاری لای چەپی ریال مەدرید، بۆ ڕاهێنەرەکەی، زەینەدین زێدان، هەم نیعمەتە و هەمیش نەگبەتە.

ڕۆژنامەی مارکا دەڵێت، زێدان، نازانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ مارسیلۆدا بکات، ئەوەش یەکەمجارە ئەوە ڕوو دەدات، لەوەتەی بەیەکەوە کار دەکەن، نەخاسمە دوای ئەوەی مارسیلۆ کەوتە سەر کورسی یەدەگەکانەوە. ئاماژە بەوەش دەکات، یەکێ لە دیارترین سیفەتەکانی زێدان وەکو ڕاهێنەر، هێشتنەوەی یاریزانەکە بە دڵخۆشی، ئەگەر زۆریش بەشداریی نەکەن، یان بە ڕەوشێکی ناڵەباردا تێپەڕن. ڕوونیشی دەکاتەوە، لەگەڵ دوورکەوتنەوەی مارسیلۆ لە ئاستی خۆیدا، زێدان ناچار بوو بڕیارێکی ئەستەم بدات، ئەویش سڕکردن و بە پێشخستنی مێندی بوو، لە پێکهاتەی سەرەکیدا. مارسیلۆ کە 14ساڵە لە ڕیال مەدریدە، لەوە ڕا نەهاتووە لەسەر کورسی یەدەگەکان بێت، تەنیا لە چەند ماوەیەکی کەمدا نەبێت، پێشتر لە سەردەمی فابیۆ کۆێنتراو، ئەوەی بەسەر هات، بەڵام هەر زوو شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکیی بەدەست هێنایەوە. پارەکەش هەمان شت لەبەرژەوەندی، سێرجیۆ ریگیلۆن، دووبارە بوویەوە، بەڵام گەڕانەوەی زێدان بۆ یانەی شاهانە، خاڵی وەرچەرخان بوو لە وەرزی مارسیلۆدا. مارکا باس لەوەش دەکات، ئەوەی لە وەرزەکانی ڕابردوو ڕووی دا، ئەستەمە لەم وەرزەدا دووبارە ببێتەوە، چونکە مارسیلۆ تەنیا بەشداریی لە 8 یاری لە کۆی 23یارییدا کردووە، هەروەها لە کۆی 34یاری لە گشت پاڵەوانیەتییەکاندا، بەشداریی لە 16 یارییدا کردووە. جەختیش لەوە دەکاتەوە، مێندی، بەهۆی بەرگریکردنیی باشی بە پێش مارسیلۆ کەوتووە، هەرچەندە ئەو دووجاریش تووشی پێکانی ماسولکەیی بووە. ئەوەشی دەخاتە سەر، ریال مەدرید لەگەڵ مارسیلۆدا، لە 17یارییدا 17 گۆڵی لێبووە، بەڵام لەگەڵ مێندی لە 20 یارییدا تەنیا 11گۆڵی لێبووە. ئەرکی زێدان لەگەڵ مارسلیۆ ئەستەمتر دەبێت، بەهۆی دەرچوونی ریال مەدرید لە جامی شای ئیسپانیادا، مانای وایە دەرفەتی بەشداریکردنی مارسیلۆ و ڕێژەی مانەوەی لە سانتیاگۆ برنابیۆ کەمتر دەبێتەوە. لەوانەیە پێواری پێشبینیکراوی مێندی بەرامبەر لیڤانتی، بۆ مارسیلۆ دەرفەتێکی باش بێت، بۆ ئەوەی دووبارە تواناکانی خۆی بسەلمێنێتەوە، بەڵام بۆ وەرزەکانی داهاتوودا، ڕەوشەکە جیاواز دەبێت، چونکە زێدان پێویستی بە ئاستێکی بەرچاوی مارسیلۆ دەبێت، بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ بیگێڕێتەوە شوێنەکەی خۆی.

ڕەمزی میرەکانی

هاندەرێکی تەمەن 10 ساڵانی مان یونایتد نامەیەکی سکاڵا بۆ کلۆپ دەنێرێت

کۆرلی: تکایە سەرکەوتنەکانت ڕاگرە و دەرفەت بدە تیپی بەرامبەر

هاوار مورتکەیی

بەقەد ئەو ڕێژەیەی هاندەرانی یانەی لیڤەرپوول دڵخۆشن کە تیپەکەیان بەبێ ڕکابەر لەنازناوی خولی ئینگلیزی نزیک دەبێتەوە، حەسرەتی هاندەرانی ڕکابەری ئەو یانەیە لە زیادبووندایە.

داڕاغ کۆرلی مندالێکی تەمەن 10ساڵانەی یانەی مانچستەر یونایتدە و لە پەیامێکی تایبەتدا کە ئاراستەی یۆرگن کلۆپی کردووە، تیایدا داوا لەو ڕاهێنەرە دەکات کاروانی سەرکەوتنەکانی ڕاگرێت.

یانەی لیڤەرپوول لە 26ڕووبەڕووبوونەوەدا تا ئێستا لە خولی ئینگلیزیدا توانیویەتی 25یاری ببات‌ەوە لەگەڵ یەک بەرامبەر بوون، لەوانە لە 17یاریی ڕابردوویاندا 17بردنەوەی لەسەر یەکیان تۆمارکردووە.

کۆرلی لە پەیامەکەیدا دەڵێ: سکاڵا دەنووسم، لیڤەرپوول زۆربەی یارییەکانی بردیتەوە، ئەگەر ئەو نۆ یارییەی داهاتوو ببەنەوە، ئەوا ڕیکۆردی ژمارەی بردنەوەکان بەبێ دۆڕاندن تۆمار دەکەن، هەروەها ئەو مندالە زیاتر دەنوسێت: وەک هاندەرێکی مانچستەر یونایتد هەست بە خەمباری دەکەم، تکایە لە یارییەکانی داهاتووتدا ڕێگە بدە تیپەکەت بدۆڕێت، لێگەڕێ با تیپی بەرامبەرت گۆڵ تۆمار بکەن، لە کۆتاییدا کۆرلی دەڵێت: هیوادارم توانیبیتم سەرکەوتوو بم لە ڕازیکردنت کە چیتر یاری نەبەنەوە.

لەبەرامبەر ئەمەدا یۆرگن کلۆپی ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپوول لە وەڵامدانەوەی ئەو هاندەرە عاشقەی مان یونایتد دوانەکەوت، ئەویش لە پەیامێکدا بۆی ڕوونکردۆتەوە کە ناتوانێت داواکەی جێبەجێ بکات.

کلۆپ لە وەڵامدا دەڵێت: بووڕە، ناتوانم داواکەت بجێ بگەیەنم، بەقەد ئەوەی دەتەوێت یانەی لیڤەرپوول بدۆڕێت، کاری من ئەوەیە هەموو توانا‌کانی خۆم بۆ بردنەوەی لیڤەرپوول یەرف بکەم، لەبەر ئەوەی ملیۆنەها کەس لە جیهان بردنەوەی لیمان دەوێت، لە کۆتاییدا کلۆپ پیرۆزبایی لە یانەی مانچستەر یونایتد کردووە کە هاندەرێکی دڵسۆزی لەمشێوەیە و لەو تەمەندا هەیە.





مارتین برایسوەیت: کارێکی مەزنە شانبەشانی مێسی یاری بکەم



یانەی بەرشلۆنا بۆ قەرەبووکردنەوەی دابڕانی دێمبلی و سواریز، بە 18ملیۆن یۆرۆ مارتین برایسوەیتی دانیمارکی لە یانەی لیگانیسەوە گواستەوە.

مارتین لەگەڵ گەیشتنی بە بارەگای کەتەلۆنیا گوتی: زۆر بە پەرۆشم تا یەکەمین یاری بە دریسی بەرشلۆنە ئەنجام دەدەم، یاریکردن لە کەتالۆنیا خەونی من بووە هاتە دی.

مارتین برایسوەیت زیاتر دەڵێت: من یاریزانێکی تەکتیکیم، خێرام و جەستەم پتەوە، زیرەکانە دەتوانم ئاستی خۆم پێشبخەم و دەتوانم گۆڵ تۆمار بکەم و یارمەتییەکی باشی هاوڕێیەکانم بدەم.

یاریزانە نوێیەکەی بەرشلۆنا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە مێسی باشترین یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێ دا، کارێکی مەزنە بۆ من شانبەشانی ئەو یاریزانە لە یەک یانە یاری بکەم.

جێی باسە مارتینی 28ساڵ ئەم وەرزە لەگەڵ یانەکەی لە تەواوی خولّ و پاڵەوانێتییەکاندا بەشداری 27یاری کردووە و 8گۆڵ و ئاسیستێکی هەیە کە شەش گۆڵیان لە لالیگا بووە.



کلۆپ:
ببورە ناتوانم داواکەت جێبەجێ بکەم بەقەد ئەوەی حەز بەدۆڕانمان دەکەن هیندە ئەوەندەش حەز بە بردنەوەمان دەکەن

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun.23. Feb. 2020 No: (5938)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

سێ خانمە شانۆکار بە ڕۆڵی سێ کەسایەتی جیاجیا بینەریان هێنایە گریان

هیوا سوعاد بە نووسین و دەرهێنانی شانۆیی (سێبەری چیا) نەهامەتی کورد هەڵدەداتەوە


هیوا سوعاد و ستافی شانۆکە لەلایەن بینەرانەوە گوڵباران کران

خەبات:خالدار قەرەنی

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ. شانۆگەری (سێبەری چیا) نووسین و دەرهێنانی (هیوا سوعاد) بۆ ماوەی سێ ڕۆژ نمایشکرا لە 18و19و20ی شوبات لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی شانۆ بەئامادە بوونی ژمارەیەکی بەر چاو لە بینەر و هونەرمەندانی شارەکانی کوردستان و عیراق بینەر بوون،کە سێ کچی شانۆکار بە ڕۆڵی سێ کەسایەتی جیاجیا بینەریان هێنایە گریان. دەرهێنەری ئەم نمایشە بە نووسینی دەقە ناوازەکانی کە هەر ماوەی جارێک بینەر تامەزرۆ دەکات بۆ نمایشی دواتر،دەبێتە جێی باس لەو بارەیەو لە لێدوانی تایبەت بە ڕۆژنامەی (خەبات)ی هیوا وتی پێشتریش ئەزموونی دەق نووسینم هەبووە بەڵام بەم ستایلەی ئێستا نەبووە چونکە گەشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە شانۆ دەبێت باس لە کێشەو گرفت و مەینەتی ناو کۆمەڵگا بکات بۆ ئەوەی کە تاک دێت بۆ بینینی نمایش دەبێت خۆدی خۆی لە نێو شانۆگەرێکە ببینێتەوە و هەست بکات لە نێویاندایە و باس لەو دەکات بۆیە کار لەسەر ئەم شێوازە دەکەم و لای من شانۆ ڕەنگدانەوەی ڕاستی و چێژوەرگرتنە، لە ڕێگای چێژوەرگرتنیشەوە دەتوانی بیرۆکەی خۆت بگەیەنی. وتشی کە لە ئایندەدا پلانی شانۆگەرییەکی تری دەبێت بەڵام ئەو شانۆگەرییە تەنها ئافرەت ڕۆڵ بەرجەستە ناکات پیاویش ڕۆڵی دەبێت هەرچەند نمایشی (سێبەری چیا) تەنها ئافرەت بوون ،بەڵام لە دیدی پیاو، مرۆڤایەتی بوو نەک لە دیدی ئافرەت ئەم گرفتانە بەسەر تاکی کورد هاتووە ئافرەت قوربانی زۆری داوە و بەڵام ئەمە گرفتی میلەتێکە میلەتێک پشتی لە چیا کردووە و ڕابردووی خۆی لە دەست داوە و بیری چوودتەوە و ڕووی لە گەندەڵییە و ئەو بەڵێنەی چیایان بیرنەماوە کە پشت و پەناگەیان بوو. سێ خانمی بوێر کە بەتوانایەکی زۆرەوە و زیاتر لە مانگێک بەردەوام سەرقاڵی پرۆڤەن وێڕای ئەرک و خویندنیان و سێ ڕۆژی نمایش (ڕۆزانا فەرهاد) قووتابی دوا قۆناغی زانکۆی هۆنەرەجوانەکانە لە بەشی سینەمای هەولێر ڕۆڵی دایە گوڵێی بەرجەستەکرد کە باس لە ئافرەتێک دەکات لە شاڵاوی بەد ناوی ئەنفال مێرد و کوڕ و براکەی لە دەست داوە و لە چاوەڕوانی ئەوان دایە هەر ژەمە خواردنێک بەشی ئەوان ئامادە دەکات بە ئومێدی گە ڕانەوەیان ،بەڵام لە کۆتایی ڕووفاتەکانیان لە گۆڕ بەکۆمەڵەکان بۆ دەهێننەوە. (ویلان سدیق) کە قوتابی قۆناغی سێی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی هەولێرە لەبەشی سینەما ڕۆڵی خێزانێکی شەهیدی شەڕی داعشی دەگێڕا کە هاوسەرەکەی پێشمەرگەی کۆن بووە و بە هۆی ناداتپەروەریەوە وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی (داعش)خۆبەخشانە چووتە بەرەکانی جەنگی دژ بە داعش جەنگاوە و شەهید بووە و نەهامەتی خێزانی شەهیدەکان و بەتایبەت شەهیدە خۆبەخشەکان دەگێڕێتەوە. (شەیا فریاد) یەکێکە لە قووتابیەکانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولیر بەشی شانۆ کە ئێستا لە قۆناغی سێ دایە بە دایکی کوڕە تاقانەیەکی پاشماوەی ئەنفال ڕۆڵی هەبوو کە بە دەردە سەری و نەبوونی و هەژاری و ستەمی ڕۆژگار گەورەی دەکات و کوڕەکەی لە بەر نە بوونی دەیێتە بۆیاغچی پێڵاو، لە کردەوەیەکی تیرۆریستی بەر تەقینەوە دەکەوێت و شەهید دەبێت دایکەکەش بەبێ کەسی و تەنها ماوەتەوە. شایەنی باسە شانۆگەرییەکە تێک هەڵکێشی کورتە فیلمێک کرابوو لەڕێگەی داتاشۆ وە نمایش دەکرا وەک بیرەوەری گێڕانەوەی ئافرەتەکان کە چەند مەینەتی و نەهامەتییان بینیوە. هەر یەک لە (غازی شینە و قاسم نوری و هێمن حمە ڕەشید و نیاز فریاد) کارەکتەری کورتە فیلمەکە بوون. جێی ئاماژەیە ستافێکی چالاک و ماندوو نەناس وەک سەربازی ون بۆ پێگەیاندنی نمایشەکە و کورتە فیلمەکە کاریان کردووە ئەوانیش (هیوا عەلی،بێزار سلێمان، ڕەشید تاریق، سەلام باپیر بالیسانی، ئادەم ئەیام، شاهین نەجمەدین) بوون.


دیمەنێک لەشانۆگەرییەکە

ئەوانەی لاوازن بەم جۆرە قەڵەودەبن



وریشە عومەر

هەموکات دەبیستین زۆرێک لەدەورمان هەوڵی دابەزاندنی کێش دەدەن، بەڵام کەمجار دەبیستین کەسانێک بیانەوێ کێشیان زیاد بکەن، ئەمەش پێویستی بەچەند ڕێنوێنییەک هەیە ئەگەر بتەوێ کێشت زیاد بکەیت:بۆیە پرسیارمان لەخاتو ئاشتی مەجید ڕاهێنەری لەش ڕێکی کرد بەڕێزی بەم جۆرە بۆمان دوا: ئەوکاسانەی هەموو ٣ سەعات جارێک نان بخوات و هەوڵ بدات ژەمەکانی بکات بەسێ بەشی سەرەکی وەک سەرچاوەی نیشاستە و پرۆتین وەک (هێلکە، گۆشت، برنج، پەتاتە). **دووەم**: هەوڵ بدات زەیتی بەسوودی وەک ئەڤۆکادۆ، زەیتی زەیتون بخاتە پێکهاتەی ژەمەکانیەوە بەوپێیەی باشترینە بۆ قەڵەوبوون. **سێهەم**: وەرزش بکەن بۆ زیادبونی بارستایی ماسولکەکانی لەش.
چوارەم:پشت بەمیوەی ووشککراو ببەستێت چونکە پڕە لەکالۆری. **پێنجەم**:دەبێت هەندێ گیراوە بخواتەوە وەک: تێکەڵەی ماست و هەنگوین : ٣ کوپ ماست لەخەڵاتە بدە و ٦ کەوچک هەنگوین، ٣ مۆز، ٢٠ مانگۆ تێکەڵ بکە و ڕۆژانە بەیانی و ئێوارە بیخوات.ئەمانە ئاسانترین و باشترین ڕگان بۆقەڵەوبوون.

دەرکەوتنی نانسی عەجرەم لەسەر تەختەی شانۆ ..

گۆرانیبێژی لوبنانی نانسی عەجرەم لە ئەڵقەی شەشەم و کۆتایی قۆناغی "تەنیا دەنگ"ی بەرنامەی پێشبڕکێی گۆرانیی منداڵان "زە ڤۆیس کیدز" ، لەسەر تەختەی شانۆ بەزەویدا کەوت .دوای ئەوەی یەکێک لەمنداڵە پێشبڕکێکارەکان بەناوی "هیشام یەمەنی" گۆرانی "إمتی أنا أشوفک"ی هونەرمەند ئەبوبەکر سالم پێشکەش کرد و محەمەد حەماقی گۆرانییێژی میسری، کە یەکێکە لە ئەندامانی لیژنەی دادوەری پرسیاری ئەوەی لێکرد، کە ئایا هیشام جگە لەگۆرانیگوتن هیچ خولیایەکی تری هەیە، ئەویش لەوەڵامدا وتی: جگە لە گۆرانیگوتن حەز بە زۆرانبازێش دەکات.دواتر نانسی عەجرەم داوای لە هیشام کرد، کە زۆرانبازی لەگەڵدا بکات، بۆیە هاتە سەر ستەیج و دەستی بەزۆرانبازێ کرد لەگەڵی، بەڵام تەنیا بۆخۆشی خۆی خستە سەر زەوی بۆ ئەوەی بەهیشام بڵێت تۆ براوە بووی.لەماوەی ڕابردوودا ڕاپۆرتەکان باسیان لەوە دەکرد، کە بەهۆی بەردەوامی لێکۆڵینەوەکان لە ڕووداوی کوشتنی گەنجێکی سوری لە ماڵەکەیان لە لوبنان، نانسی عەجرەم لە وەرزی سێیەمی بەرنامەی "زە ڤۆیس کیدز" دوورخراوەتەوە ، بەڵام ئەلێکس مەعوشی بەڕێوەبەری بەرنامە سەرگەرمەکەرەکان (الترفیهیە) لە کەناڵی MBCڕایگەیاند، نانسی عەجرەم لەجێگای خۆی ماوە و ئەو قسە و باسانەی لەوبارەیەوە دەکرێن دوورن لەڕاستییەوە . هەروەها باسی لەوەش کرد، کە نانسی عەجرەم بەشداری وەرزی چوارەم و داهاتووی بەرنامەکە دەکات .



زمان و خەڵاتی نۆبێڵ


سەباح ڕەنجدەر

ڕووداوێکی لاسەنگ و نەگونجاو لەم ڕۆژەمدا ناسمانی پێش کاتی ئاسایی خۆی تاریک داهێنا. عەبدوڵڵا سەراج گەڕابووەوە کوردستان و پەیوەندی پێوەکردم، گوتی: ئەگەر بکرێ دەمەو ئێوارەی ئەمڕۆ: 14/4/2005لە قاوەخانەی مەچکۆ بە دیداری یەکتری ڕووناک ببینەوە. بۆنەیەکم هەیە حەزدەکەم لەگەڵمدا بەشداربیت. بەدوای پەیوەندییەکەدا چووم و لە بازاڕ نزیک هەڵپڕژەوداپڕژەکان مۆسیقاژەنێک لەبەردەمی کۆترە مالّییەکاندا مۆسیقای دەژەنی و زنجیری جانتای کەمانەکەی کردبووەوە، ڕاگوزەران تاوێک گوێیان دەگرت، دەستخۆشییان بۆ دەخستە جانتای کەمانەکەیەوە. منیش دەستخۆشیی خۆمم، زیاتر لەوەی لەناو جانتاکە کۆببووەوە بەخشی. وەک دیاردەیەکی ژیاریی ناو کۆمەڵگای کوردی، پێموایە جۆرە گوزارشتکردنێکە لە جوواڵەی واقیع و ژیانێکی پڕ. ئەو دیمەنەی پێش چەند ساڵێک، ئاستێکی وا بەهێز و کاریگەری هەبوو، مووچڕکی پێداهێنابووم، بەبیرم هاتەوە و تیشکۆی چاوم کەوتەوە سەری، خوێنی ئەو دیمەنە دووبارە لە جەستەمدا کوڵا و چۆڕایەوە. لە شاشەی تەلەفزیۆن لە بەرنامەیەکی دۆکیۆمێنتاری شار، پێشاندانی ڕوخساری شار، قالەمەڕەم دیت لە شاری خۆی، بۆکان. لە بازاڕ مقەبایەکی ڕاخستبوو، بەدیاریەوە شمشاڵی لێدەدا. ڕاگوزەران دەستخۆشییان بۆ لەسەر دادەنا، دوای بینینی ئەو دیمەنە (سەد) دۆلارم بە نووسەرێکی ڕۆژهەڵات بۆ نارد، ئەویش سیدییەک و وێنەیەکی خۆی بە دیاری بۆ ناردم. وێنەکەیم لە مالی خۆمدا هەڵواسیوە. نەوای شمشاڵ جۆرە ئەفسوونێکە تا لێی نزیک نەبیتەوە هەست بە قوڵیی و چرکەساتی دەستنیشانکردنی ناکەیت، دەبێتە دەنگی بێدەنگەکان.
عەبدوڵڵا سەراج (شەست) ئەڵقە نووسینی بە ناونیشانی: (گۆشەنیگا) لە ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) بە خۆبەخشیی نووسیبوو، ڕۆژنامەکە وەک ڕێزلێنان و ئەو هەڵوێستە خۆبەخشییەی، ئێوارە میواندارییەکی سادەیان بۆ ڕێکخست. من و خاڵە حەمرین دەستنیشانکراوی نووسەر بووین لە میواندارییەکە بەشداربین، نووسینی خۆبەخش لە ئەدەبی کوردیدا میژوویەکی بەهێزی هەیە.
نوێنەری ڕۆژنامە و خاوەنی میواندارییەکە جەلال دەباغ بوو ، دیاری ڕۆژنامەکە کراسێک و ئارمێکی نەخشاوی ڕۆژنامەکە بوو ، لە دانیشتنەکەدا لەگەڵ سوپاس و پێزانینێکی جوامێرانە پێشکێشی کرا، هاندان دەبێتە وزەیەکی شاراوە و دەچێتە ئاگایی و نائاگایی نووسەرەوە.
لە یانەی مامۆستایانی هەولێر لەناو باخچەکەدا دانیشتین. بابەتی دانیشتنەکە زیاتر سیاسەت و بارودۆخی حزبەکانی ناوخۆ و کار و چالاکییان بوو ، کە من قەت حەزی لێناکەم و بەشداری تێدا ناکەم، بەشداربیم تێیدا نەکرد. سیاسەت کاراکتەری خۆی هەیە و من خوێن و گۆشتی ئەم جەستەیە نیم. بێدەنگییەکی ناچاریم هەڵبژارد، هەرچەندی دەمکرد، نەمدەتوانی دۆخی گفتوگۆکە بەرەو ئەدەبیات بگۆڕم. کەمێکیش سەرگەرم و خومار بووین.
لە کۆتایی دانیشتنەکەدا بووین، مەوجوود سامان هاتە ناو باخچەکە و چەند مەترێک نزیک لە ئێمە لەسەر مێزێکی چۆڵبوو دانیشت. لەگەڵ خاڵە حەمرین دوورادوور کەوتنە قسە و جۆرێک گاڵتەجاڕی.
خاوەنی میواندارییەکە بە خاڵە حەمرینی گوت: ئەمەش پێشتر لە ڕاگەیاندنی ئێمە ، واتە: حزبی شیوعی خزمەتی کردووە، ئەگەر حەزدەکەی فەرموی لێبکە با بێتە سەر مێزەکەوە. هاتە سەر مێزەکە، لە ژوورەوە خواردن و خواردنەوەی خۆی تەواوکردبوو ، بەپەلە و هەستی باوەڕبەخۆبوونەوە بانگی مەیگێرەکەی کرد. چارەگێک جن و دوو بیرەی داواکرد. لە ماوەیەکی ئێجگار پێتوانەییدا کردی بە کۆکتێل و هەڵیقوڕاندن. داوای پاکەتێک و دوو نەفەر کەبابی سەفەرییشی کرد.
خاوەنی میواندارییەکە زانی ئیستغلال، واتە: هەلوەرگرتنە. بانگی مەیگێرەکەی کرد حیسابەکە بدات، ئەوەی خۆمانی جیاکردەوە، ئەوەی ئەمی بەلاوە نا . مەوجوود سامان دەمی داکشا و چاوەکانی بەرزکردەوە و یەکدوو بڵمە بڵمی نارازیبوونی کرد.
بانگی مەیگێرەکەی کرد و بەهانەی هێنایەوە، گوتی: پاکەتم ماوە و نەمزانیبوو لە گیرفانەکەی ترمدا بوو ، لە ماڵەوەش تەلەفۆنیان کرد. تۆ دواکەوتی و ئێمەش نانی خۆمان خواردووە. پاکەت و دوو نەفەر کەبابە سەفەرییەکەی ڕەتکردەوە. نووشتەی هەلوەرگرتنەکەی بەتاڵبوو، هەروەها لەگەڵ هاتنە سەر مێزەکەش. بەبێ هیچ بابەتێک و بەبێ ئەوەی بە وشەیەکیش باسی شیعر کرابێت. لەپڕ ڕووی دەمی هەڕشەی لە من کرد، بە هەڵجوونێکی زۆر نارەواوە پەلاماری دەستەوخەنجەری شاعیرانی باشی کوردی دا، وەک: شێرکۆ بێکەس و ئەحمەدی مەلا و بەختیار عەلی و من. وەک ئەوەی پەلامارەکەی نەخشەیەکی لەمێژینەی بووبێت. منیش گوتم: ئەمانە و چەند کەسانێکی دی بنەماکانی نوێبەخشیی شیعری کوردییان داڕشتووە و نەخشەکەشیان فراوانکردووە، هەروەها نەخشەی خۆبوونی خۆشیان دامەزراندووە، هێزی زانینی زمانی کوردی و شیعرییەتی زمانی کوردی لە بیرکردنەوەیاندا خەملیوە، شیعر لایان بووەتە ناوەند و ڕەهەندێکی شێوە ڕۆحی و لەناویدا ماونەتەوە و پڕۆژەی تەواوکاری بوونیانە. بەراورد بەوان، تۆ شاعیرێکی پلە شەش و حەوتی. بەبایبیوونێکی بەتاڵەوە، گوتی: ئەگەر من بەو زمانە پەڕپووتەی کوردیم نەنووسیبووایە. بە زمانی هۆڵەندیم بنووسیبووایە، ئێستا وەک وەرگرێکی خەلاتی نۆبێڵ باسم دەکرا و بە پارێزەوە لەگەڵم دادەنیشتن، منیش بۆ دڵدانەوە و دروستکردنی دۆخێکی تەندروست، گوتم: بێچاوێنی بێ، پێش ناوی تۆ، وابزانم ناوی شاعیرانی وەک: دکتۆر شۆ و حەبیب عەلی میرانی و حەمە عەلی وریام لە لیستی پالێوراوانی نۆبێڵەوە خوێندووەتەوە و لە پێشبڕکێدان، ناویان لە لیستەکەدا بەردەو ناوە یەکەم و دووەمەکان بەرزبووەتەوە و لە وەرگرتنی خەلات نزیک بوونەتەوە.
ئەرێ شیعری بێگەرد بە کام دۆخی تەندروست و شکۆی نووسینەوە بتنووسین و ڕێزیخۆگرتن و خۆهەڵخستنی نووسین، شەرحی حاڵت دەبێ چی بێت. بە هەموو هێزی بیرکردنەوەت بەرەو شکۆی شیعر و شیعرییەت بڕۆ، دواتر نۆبێڵیش بەدوایدا دێت.
شوباتی ٢٠٢٠ هەولێر

تێبینی:
مەوجوود سامان وەک ڕەهەندی دەربڕین، بە شاعیرێکی قۆڵ و گرینگ دەزانم و تەواوی شاعیریەتی خۆی لەسەر ئەم خاڵەدا بنیادناوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە نوێبەخشییەوە نییە، لەناو شێواز و هونەر و زمانی باوەدا دێت و دەچێت. لە شێواز و هونەر و زماندا خۆبوونی خۆی نییە و ڕاگوزەرێکی ئاساییە، بەتەنگ وردەکاری و خواستی شێواز و هونەر و زمانەوە نییە.